رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 526 چوارشەممە 5/ 8/ 2009 — نرخ 500 دینار — No.526 Wed 5/ 8/ 2009

روونکردنەوەیەک لە لیوا سەرکەوت حەسەنەوە ل٥

مالیکی چی بۆ کەرکوک پێبوو؟ ل٤

دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن، زللەی میهرەبانی بوو ل٥

(١٠) رۆژ تێپەڕیوەو کەس سزانەدراوە

سەرۆکی حکومەت بەڵێنەکەی جێبەجێ ناکات

رۆژنامە

تائێستا هیچ کەسێک لەسەر هێرشەکانی هەولێر دەستگیرنەکراوەو لێی نەپێچراوەتەوە، ئەوە لەکاتێکدایە نزیکەی (١٠) رۆژ بەسەر هێرشەکانو بەڵێنەکەی سەرۆکی حکومەتو ئاگادارکردنەوەکەی سەرۆکی هەرێمدا تێپەڕیوە.

مەولود باوەمراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەداخەوە هەتا ئێستا ئەو ئیجرائاتانەی بەرامبەر ئەو کەسانە کراون لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکومەت ئیجرائاتی حیزبی بوون نەک قانوونی، ئەم سزادانەش جێگەی دڵخۆشیی ئێمە نییە».

فایەق تۆفیق، بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە تەقەکردنەکەی شەوی (٧/٢٦) بۆ سەر بارەگاکانی گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ وتی: «تائێستا هیچ کەسێک دەستگیرنەکراوە، لەبەرئەوەی ئەو کەسانە تاوانەکەیان لەسەر ئیسپات نەکراوە لە دادگا، چونکە ئەو شەوەی کە تەقەکراوە بەشێوەیەکی عەفەوی کراوەو ئێمەش ناتوانین بگەڕێین بەدوای هەموو ئەو کەسانەداو بیانگرین، ئەو گرتە ڤیدۆییەش کە دراوە بە ئێمە روون نییە».

بەپێچەوانەی ئەوەوە مەولود باوەمراد وتی: «ئەوە راست نییە کە ئێمە بەڵگەمان نەداوە، هەر ئەو شەوەی کە هەوادارانی لیستی کوردستانی هێرشیان کردە سەرمان، ئێمە بە کامێرای ڤیدیۆ وێنەی رووداوەکەمان گرتو دامانە وەزارەتی ناوخۆ، ئیتر لەمەزیاتر چی بکەین، خۆناچین نەفەرەکانیشیان بۆ بگرین».

داهێن هاشم، بەرپرسی نووسینگەی تەلەفزیۆنی (KNN) لە هەولێر وتی: «ئەگەر حکومەت بێلایەن بوایە لەو رووداوەدا، هەرئەوشەوە ئەو کەسانە دەستگیردەکران کە لە بەردەم هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس تەقەیان بە سەر بارەگاکانی ئێمەدا دەکرد، نەک دواتر **بە ئێمە بوترێت ئەو کەسانەمان بۆ دەستنیشانبکەن،** ئێمە سزایان دەدەین، ئەم بەدواداچوونە لەلایەن حکومەتەوە پووچەڵە».

وردەکاریی زیاتر لە ل٣ دایە.



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

«ئەگەر پەنا بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتی مەعنەویی بزووتنەوەی گۆڕان ببرێت، مەلەفی ئەوانە هەڵدەدەینەوە کە ماڵیان لە شوشەیە»

رۆژنامە

لیستی گۆڕان دووپاتیدەکاتەوە کە دەیانەوێت ململانێکانی لەگەڵ رکابەرەکانیاندا «ململانێیەکی سیاسیو شارستانی بێت»و کار بۆ دروستکردنی ئومێدو بنیاتنانی ئایندە بکەن، بەڵام «ئەگەر رکابەرەکانمان بیانەوێت پەنا بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتی مەعنەوییو کەسایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان ببەن، ئەوا دەکەوینە هەڵدانەوەی مەلەفی ئەوانەی کە ماڵیان لە شوشەیەو کەس حەسوودی بە مێژووی شەخسییان نابات».

لە روونکردنەوەیەکدا راگەیاندنی لیستی گۆڕان ئەوە بیردێنێتەوە کە لیستەکەیان هەمووکات داوای ململانێی شارستانیانەی کردووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا پرۆسەی دیموکراتی هەرێمەکەمان لە لایەن لیستی دەسەڵاتەوە «لەکەدارکرا»، بە جێبەجێکردنی ساختەکارییو گزیکردن لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان ئەوەیان دەرخست کە قبوڵکردنی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە لای ئەوان کارێکی سەختەو دەیانەوێت هەمیشە خاوەن دەسەڵاتی رەها بنو «تائێستا ئەو حەقیقەتە ناسەلمێنن کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە چەندین ناوچە متمانەیان لێوەرگرتوونەتەوە».

دەقی روونکردنەوەکە لە ل٥ دایە

ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستپێکرد

هەستیار قادر

لە (٨/٥)ەوە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان پرۆسەی ناو تۆمارکردنی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی (٢٠١٠)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستپێدەکاتو لە (٢٠)ی ئەم مانگەش دەرئەنجامی راستاندنی لیستەکان رادەگەیەنرێت.

لەبەیاننامەیەکدا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاشکرایکرد، کە لە (٨/٥)ەوە پرۆسەی ناوتۆمارکردنی لیستو قەوارە سیاسییەکان دەستپێدەکات، کە بەنیازن بەشداریی بکەن لە هەڵبژاردنی ئایندەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، کە بڕیارە لە (٢٠١٠/١/١٦)دا لە سەرانسەری عێراقدا ئەنجامبدرێتو پرۆسەی ناوتۆمارکردن تا (٨/١٤) بەردەوام دەبێت.

لەوبارەیەوە عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەڕێوەبەری پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو لیستانەی پێشتر ناویان لە کۆمسیۆن تۆمارکردووەو بەشداریی هەڵبژاردنەکانی پێشووتریان کردووە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی راستاندنیان لەسەردەکرێت، بەڵام لیستە نوێیەکان بەپێی رێوشوێنی یاسایی راستاندنیان بۆ دەکرێتو دەرئەنجامی ئەو راستاندنانەش لە (٨/٢٠)دا رادەگەیەنرێت».

بەپێی رێنماییەکانی کۆمسیۆن ئەو لیستانەی کە پێشتر بارمتەیان لە کۆمسیۆن داناوە، پێویستناکات بارمتە دابنێن، بەڵام لیستە نوێیەکان دەبێت بارمتە دابنێن بەشێوەیەک بۆ لیستی تاکە کەسی (٥) ملیۆن دیناری عێراقی بێتو بۆ لیستو حیزبو قەوارە هاوبەشەکانیش (٢٥) ملیۆن وەک بارمتە وەردەگیرێت.

حکومەتی پشتکردنە فەرمانبەر

شارا عەبدولڕەحمان

زیاتر لە (٤) ساڵە حکومەتی هەرێم دامەزراندنی فەرمانبەرانی راگرتووە، جگە لە چەند کەسێکی کەم نەبێت، هیچ دەرچوویەکی پەیمانگاو زانکۆ وەک فەرمانبەر لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا دانەمەزراوە، ئەمەش لەکاتێکدایە وەزارەتی پەروەردە ساڵانە بەلێشاو مامۆستا دادەمەزرێنێت.

کازم کۆیی، وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد، کە وەزارەتەکەیان لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٩)وە تا مانگی حوزەیران (٣٧٤٩) مامۆستای بنەڕەتیو (٣٦٤٤) مامۆستای ئامادەیی دامەزراندووە، هاوکات لە (٢٠٠٩/٦/٢٢)دا هەمان وەزارەت رەزامەندیی لەسەر دامەزراندنی (٣٠٠٠) مامۆستاو لە (٢٠٠٩/٧/٨)دا رەزامەندیی لەسەر دامەزراندنی (٨٣٨) مامۆستاو لە(٢٠٠٩/٨/٣)دا رەزامەندیی لەسەر دامەزراندنی (٥٥٢) مامۆستای دیکە نیشانداوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە ساڵانە چەندین خوێندکاری پەیمانگاکانی تەکنیکیو کۆلێژەکان زانکۆ تەواودەکەنو دانامەزرێنو بێکارن، هاوکات چەندین داوای دامەزراندنیان پێشکەش بە وەزارەتەکان کردووە، تائێستا وەڵامنەدراونەتەوە.

هەر دوێنێ محەمەد قەرەداغی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران رایگەیاند: «لە ئێستادا ئەنجومەنی وەزیران لە بەرنامەیدا نییە فەرمانبەر دابمەزرێنێت، ئەمەش بەهۆی بوونی فەرمانبەری زیادە لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا».

بە وتەی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، حکومەتی هەرێم ماوەیەکی زۆرە دامەزراندنی فەرمانبەرانی راگرتووە، بەڵام بۆ «حاڵەتی پێویست» دامەزراندن هەر هەبووە.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، بەبەردەوامی ژمارەیەک فەرمانبەر دادەمەزرێن، بەشێوەی واستە، دامەزراندنیش تەنیا کەسە نزیکەکانی بەرپرسان دەگرێتەوە.

رۆژنامە پرسی دەرکردنی کارمەندانی گەیاندە مالیکی

بەرهەم خالید

نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند: بەپێی پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی هەرێم، لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم باسی دەرکردنی ئەو کەسانە دەکات کە بەهۆی پشتگیرییان لە لیستی گۆڕان، لە کارەکانیان دەرکراون.

لە میانی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرنووسەرو بەڕێوەبەری رۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستاندا کە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣ لە سلێمانی بەڕێوەچوو، لە وەڵامی پرسیارێکی عەدنان عوسمان، سەرنووسەری رۆژنامەی (رۆژنامە) دەربارەی چارەنووسی ئەو کەسانەی کە پێش هەڵبژاردنو ئێستاش بەهۆی پاڵپشتیو پشتگیریی لیستی گۆڕانەوە لە کارەکانیان دەرکراون کە بەشێکیان فەرمانبەری دەوڵەتنو زۆرێکیان پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدانن، مالیکی رایگەیاند: ئەو ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نییەو سەرسوڕمانی خۆشی نیشاندا کە لە هەرێمی کوردستاندا ئەوە روویدابێتو وتی: «من چاوەڕوانی ئەوە ناکەم لە هەرێم ئەوە رووبدات، بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە ئەو مەسەلەیە لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم باسدەکەین».

لە هەمان کۆبوونەوەدا، مالیکی بێئاگایی خۆشی نیشاندا لە رێگەگرتن لە تیمی رۆژنامەوانی کەناڵی KNNو رۆژنامەی رۆژنامە لە رووماڵکردنی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی مالیکی لەگەڵ هەریەک لە بارزانیو تاڵەبانی کە رۆژی ٢ی ئەم مانگە لە دوکان بۆیان سازدرابوو.

دەربارەی دەرکردنی کارمەندان، لە ل٢دا راپۆرتەهەواڵێک بخوێنەوە.

ـەکانی هەولـێـر سـزانـەدراوە



دەسەلّات بێتاوان لە کار دەردەکات‌و تاوانبار دەستگیرناکات

هێرشیان کردە سەر بارەگاکەمان نەهاتوونەتە لای ئێمەو زانیاریمان لێوەربگرن، تا ئێمەش دڵنیاببین ئەوان ئیجرائات دەکەن، بڕواشموایە ئەو قسەیەی سەرۆکی حکومەت تەنیا بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو کێشەیەبوو، ئەگەرنا تاکو ئێستا سزای هیچ کەسێک نەدراوە».

داهێن هاشم ئاماژەی بەوەشکرد، ئەگەر حکومەت بێڵایەن بووایە لەو رووداوەدا، هەرئەوشەوە ئەو کەسانە دەستگیردەکران کە لەبەردەم هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس تەقەیان بە سەر بارەگاکانی ئێمەدا دەکرد، نەک دواتر بە ئێمە بووترێت ناوی ئەو کەسانەمان پێبڵێن ئێمە سزایان دەدەین، ئەم بەدواداچوونە لەلایەن حکومەتەوە پووچەڵە.

سەبارەت بە کەمتەرخەمی نواندن لە سزادانی ئەو کەسانەی هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕانو مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی، مەولود باوەمراد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەداخەوە هەتا ئێستا ئەو ئیجرائاتانەی بەرامبەر ئەو کەسانە کراون لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکومەت ئیجرائاتی حیزبی بوون، نەک قانونی، ئەم سزادانەش جێگەی دڵخۆشیی ئێمە نییە».

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو ئاماژەی بەوەشکرد، دەبوو ئەو کەسانەی ئەم کارەیان کردووە بدرایەنەتە دادگا، بۆ ئەوەی سزای یاسایی بدرانایە، نەک بانگ بکرانایەو سزای حیزبیی بدرانایە، کە ئەم سزادانەش ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەو رووداوانەی لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەو هێرشکردنە کارێکی سیاسییەو جێگەی مەترسیشە بۆ ژیانیان، وتیشی: «حکومەت پێیوایە لەبەرئەوەی زیانی مادیی نەگەیشتووە بەو بارەگایانە سزای حیزبی بدرێن، باشترە لە سزای یاسایی، ئەوەش راست نییە کە ئێمە بەڵگەمان نەداوە، هەر ئەو شەوەی کە هەواداران لیستی کوردستانی هێرشیان کردە سەرمان ئێمە بە کامێرەی ڤیدیۆ وێنەی رووداوەکەمان گرتو دامانە وەزارەتی ناوخۆ، ئیتر لەمە زیاتر چیبکەین، خۆناچین نەفەرەکانیشیان بۆ بگرین».

دەربارەی بەڵێنی سەرۆکی حکومەت بۆ سزادانی ئەو گێرەشێوێنانەی کە شەوی (٧/٢٦) هەڵیانکوتایە سەر بارەگاکانی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ.

مەولود باوەمراد وتی: «ئەگەر هێزەکانی ناوخۆ ئەو کەسانەیان دەستگیربکردایە، ئەو شەوە دەیانتوانی ئەو کەسانەبگرن، بەڵام ئەوان خۆیان ڕێگەیان بە خەڵک دەدا بۆ ئەوەی هێرشبکەنو تەقەبکەن ئیجرائاتەکەی سەرۆکی حکومەتیش حیزبی بوو، نەک یاسایی».

لەلای خۆیەوە فایەق تۆفیق، بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە تەقەکردنەی شەوەی (٢٦) بۆ سەر بارەگاکانی گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ وتی: «هەتا ئێستا هیچ کەسێک دەستگیرنەکراوە، لەبەرئەوەی ئەو کەسانە تاوانەکەیان لەسەر ئیسپاتنەکراوە لە دادگا، چونکە ئەو شەوەی کە تەقەکراوە بەشێوەیەکی عەفەوی کراوە، ئێمەش ناتوانین بگەڕێین بەدوای هەموو ئەو کەسانەداو بیانگرین، ئەو گرتە ڤیدیۆییەش کە دراوە بە ئێمە ڕوون نییە، چەند کەسێک گیران، بەڵام دواتر کە ڕەوانەی دادگا کران، حاکم ئازادیکردن، لەبەرئەوەی ئەو بەڵگانە کە لە سەری هاتبوون جێگەی بڕوانەبوون».

بریکاری وەزارەتی ناوخۆ وتیشی: «ئێمە چەندبارەی دەکەینەوە ئەگەر هەرکەسێک بە بەڵگە ناوی ئەو کەسانەمان بداتێ کە ئەو شەوە ئاژاوەیان ناوەتەوە، ئێمە دەستگیری دەکەینو دەیدەینە دادگا، ئێمە دان بەوەدا دەنێین ئەو ڕەفتارەی ئەو شەوە ڕوویدا، کارێکی ناشارستانییەو دووڕە لە هەموو عورفێکی دیموکراسی».

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق
پێچەوانەی ڕێکەوتنی هەرێمو ناوەند کاردەکات

سەرکەوت لەتیف

حکومەتی عێراق پڕۆژەیاسای کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی ڕەوانەی پەرلەمان دەکات، کە بەپێی ئەم ڕێکەوتنە تەنیا بڕی (٧٪) بەرهەمی نەوت لەلایەن هەرێمو کۆمپانیا بیانییەکانەوە بەڕێوەدەبرێت، لێژنەی هاوبەشی هەرێمو ناوەندیش تایبەت بە پرسی نەوت نەگەیشتنە هیچ ڕێکەوتنێکو چاوەڕواندەکرێت پڕۆژەیاساکە قبوڵ نەکرێت.

نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە هەواڵێکیدا بڵاوی‌کردەوە، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ڕەزامەندی لەسەر پڕۆژەیاسای دامەزراندنەوەی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی دەربڕیوەو ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی کردووە، بەپێی ئەم پڕۆژەیاسایە، کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق مافی بەرهەمهێنانو فرۆشتنی (٩٣٪)نەوتی کێڵگەکانی عێراقی هەیەو تەنیا پشکی (٧٪)مافی حکومەتی هەرێمو کۆمپانیاکان دەبێت.

بەپێی ڕێکەوتنی حکومەتی هەرێمو ناوەند کە لە ساڵی (٢٠٠٧) ئیمزاکرا، دەبێت یاسای نەوتو غاز، یاسای کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی، یاسای دامەزراندنەوەی وەزارەتی نەوت، یاسای دەسەلاتی هەرێمەکان لە نەوتدا، پێکەوە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێنو ڕەزامەندی لەسەر بدرێت، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران بەتەنیا پڕۆژەیاسای کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی ڕەوانەی پەرلەمان کردووە، ئەگەر ئەم پڕۆژەیاسایە دژی دەستوور نەبێت ڕەنگە ڕەزامەندیی لەسەر بدرێت، بەڵام وەک د.بایەزید حەسەن، ئەندامی لێژنەی نەوتو غاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی وت «حکومەتی عێراق دەیەوێت کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی ببووژێنێتەوە کە ڕەنگە کورد بەمە ڕازی نەبێتو ئەو لێژنەیە لەنێوان هەرێمو ناوەندا پێکهێنرا نەگەیشتە هیچ ڕێککەوتنێک».

لەلایەکی دیکەوە کۆمپانیای گەڵف کیستۆنی بەریتانی، لەسەر ماڵپەڕی تایبەتی خۆی بڵاویکردەوە کە کۆمپانیاکەیان لە هەوڵی زیادکردنی پشکەکانی خۆیدایە لە کێڵگە نەوتییەکانی شێخانو بیجێل، لەمڕووەوە کۆمپانیای کیستۆن توانیویەتی بڕی (٧٥٪)پشکەکانی کێڵگەی نەوتی شێخان بکرێتەوەو لە هەوڵی کرینەوەی پشکەکانی کێڵگەی نەوتی ئاکرێ-بیجێل دایە.

لیستی کوردستانی،
هەزاران کوردی پارچەکانی دیکەیان بۆ دەنگدان کڕیوە

ستارە عارف

ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان لە ڕاپۆرتی کۆتایی تایبەت بە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا بڵاویکردەوە، میکانیزمی بەڕێوەبردنو ئەدای کۆمسیۆنی بااڵ لەناو بنکەکانداو کاریگەریی نا یاسایی ئەندامو کادیرەکانی هەردوو حیزبی دەسەاڵت، وایکرد کۆمەڵێک خروقاتی لێبکەوێتەوە.

ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن لە ڕێگەی چاودێرەکانیانەوە لە هەرسێ پارێزگاکە درکیان بە کۆمەڵێک گزیو ساختەکاری کردووە، بۆیە بۆ بەڕچاوی سەرجەم لایەنانی بەڕپرس لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات ئەو خروقاتانە دەخەنەڕوو لەپێناوی دۆزینەوەی کەسانی تۆمەتبارو بە سزا گەیاندیان، لە هەرسێ پارێزگاکە (٣٨٩) چاودێریان لەسەرجەم بنکەکانی دەنگداندا هەبووەو ژمارەی تۆماری ڕێکخراوەکە لە کۆمسیۆن (١٨) لە سلێمانیو لە دهۆک (٢٤) بووە، لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە، کە چاودێرانی بیانی کەمبوونو نەیانتوانیوە سەردانی هەموو بنکەیەک بکەن، مەرەکەبی بڕیاردراو لەلایەن کۆمسیۆنەوە خراپ بووەو توانراوە بە ئاسانترین شێوە بە فاست لێبکرێتەوە.

خروقاتو پێشێلکارییەکان

لە ڕاپۆرتەکەدا (١٧) خروقات تۆمارکراون لەوانە: لەکاتی ژماردنی دەنگدا نوێنەری کۆمسیۆن نەیهێشتووە چاودێرانی قەوارە سیاسیو ڕێکخراوەکان کارتی دەنگدانەکە ببینن، کە ئایا دەنگیان بەکێ داوە، لە هەندێک بنکەدا ژمارەی کارتی دەنگدان لەنێوان سندوقی پەرلەمانو سندوقی سەرۆکایەتیدا یەکسان نەبوون، هەندێک لە دەنگدەران وێنە بە پێناسەکانیانەوە نەبووەو هەندێکیش هیچ پێناسەیەکیان پێ نەبووە کە دەنگیانداوە، هاتنی هەندێک لە بەرپرسانی هەردوو حیزب بەژمارەیەکی زۆرلە پاسەوانوکامێراوە بۆ دەنگدانو مانەوەیان بۆماوەی زیاتر لەیەک سەعات، کۆمەڵێک کوڕو کچ لە سنووری ئامێدیو دێرەلوکو دەوروبەری لەلایەن دەسەاڵتەوە بۆ ئەنجامدانی ساختەکاری ڕاهێنرابوونو بە پێناسی کۆپیکراو دەنگیان بۆ نزیکەی (٣٠٠) دەنگدەری نەهاتوو داوە، لە ڕۆژی دەنگدانی تایبەتدا لە نەخۆشخانەی ئازادیی لە شاری دهۆک پزیشکێک تەنیا کانوێاڵی کردووەتە دەستی خەڵکی ساغ بۆئەوەی وەک نەخۆش دەنگبدەن، هێنانی نزیکەی (٧) هەزار کوردی تورکیاو ئێران لە ناوچەی سۆران کە دەسەاڵت پسوڵەی خۆڕاکی بۆ دروستکردبوون تا دەنگبدەن، بوونی ناوی دەنگدەرانی تایبەت لە لیستی تۆماری دەنگدەراندا بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە فۆرمی (١١١)، لەکاتێکدا بەپێی یاسای کۆمسیۆن نابێت زیاتر لە (٤) دانە لەو وێستگەیەکدا دەنگبدات، داننانی ناوی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بە بەرپرسی بنکەکان، لەکاتێکدا زۆریان ناویان لە تیروپشکی کۆمسیۆندا نەهاتبووەوە.

دیوی ئەودیوی سەردانەکەی ئەلمالیکی

عەدنان عوسمان

کاتێک باس لە سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکرا بۆ کوردستان، ئاماژە بەوە دەدرا کە بۆ توانەوەی ئەو سەهۆڵانەیە، کە لە نێوان هەرێمو بەغدادا دروست بوون، بە مەبەستی خاوکردنەوەی گرژیو ناکۆکییەکان.

کە قسە لەسەر هۆکاری گرژییەکانی نێوان هەردوولا دەکرێت ڕاستەوخۆ مێشکمان بۆ دوو خاڵی گرنگ دەڕوات، کە هۆکاری سەرەکی ئەو حاڵەتە بن؛

یەکەمیان: مەسەلەی گرێبەستە نەوتییەکانو دەسەاڵتەکانی ناوەندو هەرێمە لەو بارەوە.

دووەمیش: مەسەلەی مادەی (١٤٠)ە. کە سەرۆک وەزیران دێتە هەرێم (بێ ئەوەی سەردانی پایتەختی هەرێم بکات!) دەبێت چاوەڕێی قسەکردنێکی گەرمو گوڕ بین لە بارەی ئەو کێشانەی لە نێوان هەردوولادا هەیەو لانیکەم پێویستە بە ڕوونی جەردێکی تەواوی کێشەکان بکرێت.

لە هەموو ئەو کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنانەی لەم ڕۆژانەدا کران، دوورو نزیک قسەیەکی جدی لەسەر ئەو کێشانە نەکراو تەنانەت لە نێو شەپۆلی موجامەلەو ڕستەی دیبلۆماسیانەی سواودا نەمانزانی ئەسڵی کێشەو ناکۆکییەکان چین، خاڵی جیاکەرەوەو ململانێمان لەگەڵ ناوەنددا چییە؟ ئەگەر هیچ نییەو بە دەستوورو کۆبوونەوەیەکی وا خێرا چارەسەر دەبێت بۆ پێشتر ئەو کارە نەکرا، بۆ ئەوەی هەموو لایەکمان لەو بارگرژیو ساردییە ڕزگارمان ببوایە؟ ئەی ئەو هەموو باسو خواسی دوژمنانو مەترسی لە دەستدانی دەسکەوتەکانو بوونی ناحەزانو هێرشی سووپای عێراقو... هتد، چیان لێهات؟

لە ڕاستیدا لە دوای گوێگرتن لە هەموو قسەو باسەکانی هەردوولا، بوونو بۆنی هیچ کێشەو ناکۆکییەکی جەوهەری لە نێوان هەردوولادا ناکرێت. ئەگەر سادەتر قسەی لەسەر بکەین دەبوایە پێش سەردانەکەی ئەلمالیکی هەندێ لێژنەو ئامادەکاریی بکرایە بۆ ئەوەی بەڕپرسانی هەردوولا بە وردی قسەو بڕیاریان لەسەریان بدایە.

ئەو ئاماژانەی سەرەوە دەمانباتە سەر ئەو باوەڕەی کە لەم سەردانەدا کەمتر قسە لەسەر ئەو خاڵانە کراوەو ناکۆکییە ئەسڵییەکانی هەردوولا دواخراون بۆ ئایندەیەکی نادیار. ئەوەی زیاتر ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە، کە وەفدی هاوڕێی ئەلمالیکی بۆ کوردستان بەڕپرسە حیزبییەکانی حیزبی دەعوە بوون، نەک پیاوانی حکومەت، چونکە پێویست بوو لەم سەردانەدا ژمارەیەک وەزیری حکومەت لەوانە وەزیری نەوتو بەڕپرسانی مەلەفی (١٤٠) لەگەڵ سەرۆک وەزیراندا هاوسەفەر ببوایەن.

کەوابوو دەبێت دیوەکانی دیکەی ئەو سەردانە چی بن؟

بە کورتی پێمواید ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی سەردانەکە لە دوو خاڵی گرنگدا کۆدەبێتەوە:

١. سەردانێکی حیزبی بـوو، لەپێناو مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقداو شێوازی هاوکاریکردنی یەکترو کەمکردنەوەی گوشارەکان لەسەر یەکترو ڕاگەیاندنی جۆرێک لە هودنە لە نێوان هەردوولا، چ بە شێوازی چارەسەری هەندێ وردە کێشە، یان ڕاگەیاندنی هەندێک هەنگاو بە ئاراستەی چارەسەرکردن. قەتیس بوونی چاوپێکەوتنەکانی ئەلمالیکی لەگەڵ سەرانی دوو حیزبی خاوەن دەسەاڵت لە هەرێمدا نیشانەیەکی ناوەڕۆکی ئەو سەردانەن.

٢. سەرانی ڕژێمی هەرێم دوای شکستی گەورەیان لە هەڵبژاردنەکان سەرباری خروقاتو ساختەکارییەکی زۆرو زەبەند، ئێستا بە ڕوونی تێگەشتوون ئیتر بەڕەی ژێر پێیان بەڕەو دەرهاتن دەڕوات‌و سەردەم سەردەمی تەراتێنو بڕیاری میزاجی ئەوان نییەو مونافسی ڕاستەقینە هاتووەتە مەیدان، بۆیە دەبێت هەر لە ئێستاوە بیر لە ئایندەی خۆیان بکەنەوەو پەنا بۆ بەکارهێنانی هەموو وەرەقەکانیان ببەن. بۆیەش سەرۆک کۆماری عێراق بە ڕجاو تکایەکی زۆرەوە لەم ساتەوەختەدا ئەلمالیکی هێنایە کوردستان، چونکە دەزانێت لە لایەکەوە مانەوەی ئەو بارگرژییە لە نێوان هەرێمو بەغداو بوونی ئەو کۆمەڵە مەلەفە هەڵواسراوە لە قازانجی مانەوەی دەسەاڵتی ئەواندا نییە لە بەغدا، بە تایبەت کە لەم (٥) ساڵەدا نەیانتوانیوە سادەترین گرفتی کورد لە بەغدا ببەنە پێشەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە دەزانێت ئیتر خەڵکی کوردستان بەو دروشمە ڕووکەشە ناسیۆنالیستیو نیشتمانچێتییە ناخەڵەتێنو پێویست دەکات بیر لە ڕێگەچارەی دیکەو شێوازیتر بکەنەوە.

ئەم دەسەاڵتە هەر چۆن لە ناوخۆی هەرێمدا تووشی شکستی گەورە هاتووە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا، بەهەمان شێوەش لە بەڕێوەبردنی مەلەفەکانی کورد لەگەڵ ناوەندو نوێنەرایەتیکردنی گەلی کورد لە بەغدا تووشی بێتوانایی‌و شکست هاتوون. دیارە ئەمەش دەبێتە خاڵێکی گرنگ کە لایەنەکانی دیکە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا کاری لەسەر دەکەن.

هێنانی نوری ئەلمالیکی بەم پەلەپەلەیی‌و خێراییەو بێ هیچ ئامادەکارییەکی پێشوەخت، تەنیا مەسەلەیەکی ریکلامی‌و ئیستعرازییەو نەیتوانی جۆرێک لە تێگەشتن لە نێوان هەرێمو بەغدادا دروست بکاتو کێشەکان بە ئاراستەی چارەسەرکردن ببات، بەڵکو وەک پیشەی هەمیشەییان ئەم سەرکردایەتییەی ئێستای کورد تەنیا بیریان لە بەرژەوەندییە حیزبییە بەرتەسکەکانو ئایندەی دەسەاڵتی خۆیان کردووەتەوە.

لە دژی نەبوونی خزمەتگوزاریی، خەڵکی کەرکوک خۆپیشاندانیان سازکرد

ئارام جەمال

ژمارەیەک لە دانیشتووانی گەڕەکەکانی شاری کەرکوک خۆپیشاندانێکیان سازکردو بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەعات ڕێگەی سەرەکی کەرکوک-سلێمانییان داخستو ئاگریان کردەوەو ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە «دەسەڵاتو پارتە کوردییەکان تەنیا لەکاتی هەڵبژاردندا لێیان دەپرسنەوەو هانایان بۆدەبەن».

دوێنێ خەڵکی ئاوارەنشینی گەڕەکەکانی دەروازەی کەرکوکو گەڕەکی شەهید سیروان تاڵەبانی بەهۆی نەبوونی ئاو و پشتگوێخستنی گەڕەکەکانیان لەلایەن ئیدارەی شارەکە لەخزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، لە دەروازەی کەرکوک-سلێمانی خۆپیشاندانیان سازکرد.

داڕەوان عومەر یەکێک لە خۆپیشاندەرانو دانیشتووی گەڕەکی شەهید سیروان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەچوار ڕۆژدا تەنیا یەک سەعات ئاوی بۆڕیمان بۆدێت کە بەشی هیچ ناکاتو چەندین جاریش سەردانی بەرپرسانی حکومیو حیزبییمان کردووە، بەڵام کێشەکەیان بۆ چارەسەر نەکردووین، سەرەڕای ئەوەی گەڕەکەکەمان بەدەست چەندین کێشەی دیکەی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنێت».

بە وتەی خۆپیشاندەرەکە خەڵکی گەڕەکەکەیان سەرجەمیان ئاوارەی گەڕاوەنو پێشتر لە شارەکانی هەڕێمی کوردستان ژیاونو کاتێکیش هاتوونەتەوە بۆ کەرکوک لەلایەن بەرپرسانەوە بەڵێنی باشترکردنی ژیانیان پێدراوە، بەڵام «ئێستا لە کێشەکانمان ناپرسنەوەو تەنیا لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هانامان بۆدەهێنن‌و پرسیارمان دەکەن، بەڵێنەکانیشیان لەگەڵ تەواوبوونی هەڵبژاردنەکاندا کۆتایی دێت».

هاوڵاتییەکی دیکەی خۆپیشاندەر بەناوی جاسم محەمەد بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دەست لە خۆپیشاندان هەڵناگرین تاوەکو کێشەکانمان بۆ چارەسەر نەکەن، چونکە ئێمەش هاوڵاتی ئەم وڵاتەین‌و مافی ژیانمان هەیە».

دواتر لەکاتی خۆپیشاندانەکەدا هێزێکی پۆلیس هاتنە ناوچەکەو بەهاوکاری پۆلیسی ئاگرکوژێنەوە بڵاوەیان بە خۆپیشاندەران کردو کۆنترۆڵی ئەو ئاگرانەیان کرد کە خۆپیشاندەران وەک دەربڕینی ناڕەزایی کردبوویانەوە.

لەکاتی هاتنی تیمی ڕۆژنامەوانی کەناڵی KNNو ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا، ئەفسەرێکی پلەبەرزی کورد بەشێوەی تورەبوون‌و عەسکەرتاریی ویستی ڕێگە لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکە بگرێت، لەکاتێکدا کەناڵەکانی سەر بە حیزبە کوردییە دەسەڵاتدارەکان بە ئاڕەزووی خۆیان کاری خۆیان دەکرد، بەڵام خۆپیشاندەران سوربوون لەسەر ئەوەی کێشەکەیان لە ڕێگەی ئەو دوو کەناڵەوە بگەیەنن.

دە ڕۆژ بەسەر بەڵێنەکەی سەرۆکی حکومەتدا تێپەڕیوە

هیچ کەسێک لەسەر هێڵ



سامان بەشارەتی

شەوی (٢٦/ ٧/ ٢٠٠٩) د.فواد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، بە نایاسایی ئەنجامی بەرایی دەنگەکانی لیستی کوردستانی‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند، دواتر هەواداران لیستی کوردستانی ڕژانە سەر شەقامەکان‌و دەستیانکرد بە تەقەکردن‌و پەلامارادانی بارەگاکانی گۆڕان‌و نووسینگەی ڕۆژنامەو KNNو بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی‌و مەکتەبی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی لە شاری هەولێر، هەر بەهۆی ئەم تەقانەوە زیاتر لە (٢٠) هاوڵاتی برینداربوون‌و هاوڵاتییەکیش بووە قوربانیی گوللەی هەوادارانی لیستی کوردستانی‌و تەقەی بەناو خۆشیی.

هەرچەندە ڕۆژی دواترو بەمەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی هەریەک لە سەلاحەدین بەهادین ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامیی‌و عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کرد، داوای لێبووردنی لێکردن، بەڵام سەرۆکی حکومەت سەردانی بارەگای لیستی گۆڕانی نەکرد بۆ دوای لێبووردن، لە کاتێکدا بارەگاکانی لیستی گۆڕان زۆرترین زیانی بەرکەوت لەو هێرشانەی هەوادارانی لیستی کوردستانی ئەنجامیاندابوو.

سەرۆکی حکومەت لەو سەردانانەیدا بەڵێنیدا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروستبکات بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکەو ئەو کەسانەش سزابدات کە هەستاون بەو گێژەشێوێنییە. دواتریش مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم داوای لە وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم کرد سەرپێچیکاران دەستگیربکرێن‌و سزابدرێن، بەڵام دوای تێپەڕبوونی دە ڕۆژ بە سەر ئەو ڕووداوەدا، هێشتا هیچ کەسێک لەسەر ئەو ڕووداوانە سزانەدراوە، ڕۆژنامە پەیوەندی بە حەسەن بابەکر ئەحمەد، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیی کرد، بەڵام ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیی ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک لەو بارەیەوە بداتو پێشی باشبوو ئەو کێشەیە جارێ لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا بڵاونەبێتەوە، ڕاشیگەیاند: «ئێمە جارێ چاوەڕێی ئیجرائات دەکەین، چونکە سەرۆکی حکومەت بەڵێنی پێداین».

بەڵام داهێن هاشم، بەرپرسی نووسینگەی KNN لە شاری هەولێر، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەتا ئێستا هیچ لیژنەیەک لەسەر ئەو خەڵکانەی

دەرکردنی کادیرانی حکومیو حیزبیی بەردەوامە

دلێر عەبدولخالق

بەپێی ئاماریکی بانکی زانیاری، لیستی گۆڕان لەماوەی سێ ڕۆژدا ناوی (١٨٥) کەسیان تۆمارکردووە، کە بەشێکی زۆریان کارمەندی حکومین‌و لەسەر دەنگدانیان بەلیستی گۆڕان دەرکراون‌و مووچەیان بڕاوە، هاوکاتیش نوری مالیکی لە سەردانەکەیدا بۆ هەرێمی کوردستان بەڵێنی بەدواداچوونی سەبارەت بەو حاڵەتانە ڕاگەیاند.

لە وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمدا، بەهۆی بۆچوونی جیاوازو نەبوونی بڕوایان بە لیستی دەسەڵات، نزیکەی (٢٠٠٠) کەس لە کارمەندی حکومیو حیزبییو خانەوادەی شەهیدان مووچەکەیان بڕاو بەشێکی دیکەیشیان بەبێ ویستی خۆیان لە ئەرکی وەزیفی گواستراونەتەوە، ئەم حاڵەتە دڕێژەی کێشاوە بۆ دوای ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان‌و دەرکەوتنی ئەنجامە بەراییەکان، چونکە بەپێی ئامارەکان بە گومانی دەنگدانیان بە لیستی گۆڕان، بە دەیان کارمەندی دیکەی حکومیو حیزبیی مووچەیان بڕاوەو ڕەوانەی ماڵەوە کراون.

د.ئاسۆ مەحمود، بەرپرسی بانکی زانیاری لیستی گۆڕان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تەنیا لەماوەی سێ ڕۆژداو لە پارێزگای سلێمانی، فۆرممان بۆ (١٨٥) کەس پرکردووەتەوە، کە بەهۆی گومانیان بە دەنگدانی لیستی گۆڕان، لە کارەکانیان دوورخراونەتەوەو مووچەیان بڕاوە.

بەپێی ئەو ئامارە (١١٨) کەسیان سەر بەهێزە چەکدارەکانن کە (٦٣)یان سەر بە وەزارەتی ناوخۆو (٢٠)یان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەو بەشەکەی دیکەشی سەر بە بەشە جیاوازەکانی دەزگاکانی دیکەن، هەروەها (٢١) کەسیان کارمەندی حکومی وەزارەتە مەدەنی‌و خزمەتگوزارییەکانن‌و (٤٦) کەسیان ئەندامی حیزبین‌و لەو ژمارەیەش (٩) ژنی تێدایە، کە ئەوانیش دابەشبوون بەسەر وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمدا.

ئاسۆ مەحمود ئەوەشی ڕاگەیاند: ئەو ژمارەیەی ئێستا دەخرێتە بەردەست زۆر کەمە لەچاو کۆی حاڵەتەکان‌و لەکاتی پرکردنەوەی فۆرمەکانیش بەشێک لەو کارمەندانە ڕایانگەیاندووە لەژێر گوشاردا دەستیان لەکارکێشاوەتەوەو مووچەیان بڕاوە، هەندێکی دیکەشیان ئاماژەیان بەوەکردووە بەندکراون‌و ئیهانەکراون.

لەبەرامبەر ئەو هەڵمەتەی حیزبی دەسەڵاتدار دەستیپێکردووە، لە مووچەبڕین‌و نانبڕینی خەڵک، تائێستا دەسەڵاتی هەرێم بە سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی حکومەتیشەوە خۆیان لەو واقیعە دزیوەتەوەو ئاماژە بەوە دەکەن هیچ حاڵەتێکی لەوشێوەیە لە هەرێمدا بوونی نییە، هیچ ئیجرائاتێکیشیان بۆ ئەو مەبەستە نەکردووە، لەئەنجامی دڕێژەکێشانی ئەو حاڵەتانەشدا سەرۆکی حکومەتی مەرکەزی عێراقی لێ ئاگادارکراوەتەوە.

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٨/٣)دا، لەگەڵ سەرنووسەرو بەڕێوەبەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمدا، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، لەبارەی دەرکردنی کارمەندی حکومی لەسەر هەڵبژاردنەکان، بەڵێنیدا بەدواداچوون بکات سەبارەت بەو قسانەی دەوترێت بەهۆی هەڵبژاردنەوە کارمەندی حکومی لەسەر کار لادراون.

ئەردۆغان لەگەڵ دەتەپە کۆدەبێتەوە

سەرکەوت لەتیف

بێ هیچ پێشمەرجێک ئەردۆغان لەگەڵ پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات کۆدەبێتەوە، ڕۆژنامەنووسانی تورکیاش پێیانوایە، تەنیا ئۆجەلان چارەسەرە، پەرلەمانتارێکی سەربە دەتەپەش لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئەم هەنگاوەی ئەردۆغان بە گرنگ دەزانێت‌و پێشوازی لە داواکەی کرد.

دوای ئەوەی وەزارەتی ناوخۆی تورکیا بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنووس‌و سەرکردەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیاو ڤرکشۆپێکی سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد ڕێکخست، وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە ڕایگەیاند: «تورکیا لەسەر ئاستی دیبلۆماسی‌و کلتووری هەنگاوی زیاتر دەنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە»، ڕۆژنامەنووسانی تورکیا بڵاویانکردەوە تەنیا ئۆجەلان چارەسەرە، ناکرێت ئۆجەلان فەرامۆشبکرێت، پێشتریش



ڕۆژنامەی حوریەتی تورکی نەخشەی ڕێگەی ئۆجەلانی بۆ چارەسەری پرسی کورد خستەڕوو، کە میدیای تورکی بە بایەخەوە شیکردنەوەیان بۆ بابەتەکەکرد.

لە کاردانەوەیەکیشدا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ڕایگەیاند: «کە بڕیاریداوە لەگەڵ گروپی پەرلەمانی دەتەپە سەبارەت بە هەمان پرس کۆببێتەوە»، ئەردۆغان بێئەوەی ئاماژە بە هیچ پێشمەرجێک بکات ڕایگەیاند: «وتوێژکردن لەگەڵ دەتەپە بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گشتگیرە بۆ کۆتایهێنان بە پرسی پەکەکەو دۆزی کورد لە تورکیا، ئەمە لەکاتێکدا کە پێشتر ئەردۆغان هەرجۆرە دانیشتنێکی لەگەڵ دەتەپە ڕەتدەکردەوە، تا ئەو کاتەی ئەو پارتە، پەکەکە وەک تیرۆریست دەناسینێت».

حەسیب کاپلان، پەرلەمانتاری تورکیا، لەسەر لیستی دەتەپە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە پێشوازی لەم هەنگاوە دەکەین‌و پێویستمان بە پلانێکە هەموان کۆبکاتەوە، دەتەپە نوێنەرایەتی کورد دەکات لە تورکیاو ناکرێت دەتەپە فەرامۆشبکرێت، چونکە دەتەپە بەوەڕی بە چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەی کورد هەیە لە تورکیا، دانیشتن لەگەڵ سەرۆک وەزیریش کاریگەری خۆی دەبێت‌و پێشوازی لێدەکەین»، کاپلان سەبارەت بە نەخشەی ڕێگەکەی ئۆجەلان وتی: «ئۆجەلان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەم کێشەیەدا، ئەو نەخشەڕێگەیە دەروازەی یەکەمی چارەسەرکردنی کێشەکانە».

ڕوونکردنەوەیەک لە نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە

لە لاپەڕەی (١)ی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) ژمـارە (٥٢٤) لە (٢٠٠٩/٨/٣)دا بابەتێک سەبارەت بە سکالاو ناڕەزایینامەی ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دژ بە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری (بەڵگە) بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی (سەرۆکی حکومەت کارەکانی وتەبێژەکەی قبوڵدەکات؟).

لێرەدا بەپێویستی دەزانین ڕابیگەیەنین، کە گۆڤاری (بەڵگە) گۆڤارێکی حکومی یان زمانحاڵی حکومەتو دامودەزگاکانی نییە، خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری ناوبراویش بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧١٦) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٤/١) خانەنشینکراوە، لەو بەرواردشەوە ناوبراو هیچ جۆرە چالاکیو لێدوانێکی بەناوی ئەو پۆستەوە ئەنجام نەداوە.

بۆیە داوا دەکەین پێش بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵ و بابەتێک کە پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و دامودەزگاکانییەوە هەبێت، زانیاری ڕاستو دروست وەربگرن تاوەکو ڕاستییەکان وەک خۆی بگاتە خوێنەران‌و خەڵکی کوردستان.

نووسینگەی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
٢٠٠٩/٨/٤

د.هێنری بارکی: دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن، زللەی میهرەبانی بوو بۆ حکومەتی هەرێم

سازدانی: شالاو فەتاح

د.هێنری بارکی، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی پەنسلڤانیا، شارەزایە لە بوارەکانی تورکیاو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، خۆرهەلاتی ناوەڕاست، ئابووری سیاسی و وزە، ئەمە جگەلەوەی پێشتر ئەندامی ستافی پلاندانانی سیاسەتی ئەمریکا تایبەت لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست بووە.

بارکی نووسەرو یارمەتیدەری چەندین کتێبە لەسەر کێشەی کوردو تورک، گۆشەنووسی چەندین رۆژنامەی بەناوبانگی جیهانی وەک (نیوزویک، واشنتۆن پۆست، وۆل ستریت جۆرنالْ، دەیلی ستارو لۆس ئەنجلس تایمزو... چەندانی دیکە) لەم چاوپێکەوتنەدا دبارکی‌لەسەرگرنگی‌رۆڵی‌ئۆپۆزسیۆنو کێشەکانی هەرێم لەگەلْ تورکیاو بەغدا دەدوێت، لەبارەی ئۆپۆزسیۆنەوە، بارکی پێیوایە ئۆپۆزسیۆن گرنگییەکی زۆر گەورەی هەیە لەئێستادا، چونکە وەک خۆی دەڵێت ئەوە هەڵبژاردنی (٧/٢٥) بوو کە سەلماندی پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان هەنگاوێک لەپێش بەغداوەیە. بۆ کێشەکانی نێوان تورکیاو حکومەتی هەرێمیش پێشبینی ئیجابیی هەیەو پێیوایە کێشەی هەرێمو بەغدا زۆر لە کێشەی هەرێمو تورکیا گەورەترە.

رۆژنامە: لەبارەی کێشەی کوردەوە، هەندێک ڕاپۆرت پێشنیازی ڕۆڵێکی زۆر زەبەلاح بۆ دراوسێکانی عێراق بەتایبەت ئێرانو تورکیا دەکەن، ئایا تۆ ئەو ڕۆڵە بە ئیجابی دەبینیت؟

*بۆ ئێران پێمباش نییە ڕۆڵێکی گەورەی لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا هەبێت، چونکە ئەگەر ڕۆڵی هەبێت ئەوا نێگەتیڤ دەبێتو بە سوودی کێشەکە ناشکێتەوە، بەڵام بۆ تورکیا پێویستە ڕۆڵێکی گەورەی هەبێت لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا، چونکە تورکیا ئێستا هەوڵدەدات کێشەی کورد (لەناوخۆی تورکیادا) چارەسەر بکات، بەم هۆیەشەوە زیاتر دەخوازێت لەگەلْ حکومەتی هەرێمدا وەک هاوبەشێک کاربکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.


د. هێنری بارکی

رۆژنامە: وەک دەبینین نێوانی هەرێمو تورکیا خۆش نییەو زۆرجاریش پەیوەندییەکان بەرەو گوتاری زۆر تووندوتیژو هەڵچوون چووە؟

* ئەوەش گۆڕاوە، چونکە تورکەکان پێویستیان بەیارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەکەکەو کێشەی کورد لە ناوخۆی تورکیادا، هەتا حکومەتی هەرێم زیاتر لەو کێشانەدا یارمەتی تورکیا بدات، پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو هەولێر ئاساییتر دەبنەوە، لە ڕاستیدا پێمواید پەیوەندییەکانی تورکیاو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەک باشترن لە پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمو بەغدا.

رۆژنامە: کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمو ناوەند تاچەند ئەگەری چارەسەریان هەیە، بەتایبەت ئەگەر بزانین هیچ لایەنێکیان ئامادەی سازشی گەورە نین لەسەر کێشەکانی وەک ناوچە جێناکۆکەکان؟

* شەش مانگی داهاتوو زۆر قورس دەبێت بۆ عێراقییەکان، هۆکارو پاڵنەر هەیە بۆ هەردوولا بۆئەوەی زیاتر هێرش بکەنە سەریەکو سازش نەکەن، ئەویش هەڵبژاردنەکەی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتووە، چاوەڕێی هیچ چارەسەرێکی نزیک ناکەم بەهۆی ئەو ڕووداوەوە.

رۆژنامە: کەواتە پێتوایە دوای کشانەوەی تەواوەتی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، کێشەکان چارەسەر نابنو بەرەو ململانێ ملدەنێن؟

* هونەرەکە لەوەدایە کە سیاسەتێکی وا پەیڕەوبکەن کە وا لە ئەمریکییەکان بکات بتانپارێزێت هەتا ئەگەر لە عێراقیشدا نەبن، کوردەکان پێویستە متمانەی ئەمریکییەکان بەدەستبهێنن، ئەویش بەهۆی ڕاستگۆبوونو کراوەبوونیانەوە، پێدەچێت کێشەکان بەرەو ململانێ هەنگاو بنێن، بەڵام پێمواید ململانێکان لەنێوان شیعەو سوننەدا زووتر سەرهەڵدەدەن وەک لەنێوان کوردو لایەنەکانی دیکەدا.

رۆژنامە: دەربارەی گەشەکردنی پرۆسەی دیموکراسی، هەڵچوونو داچوونێکی زۆر هەیە لە گەشەکردنی دیموکراسی لەنێوان بەغداو هەرێمدا، تۆ کامیان بە پرۆسەیەکی دیموکراسی ڕاستەقینە دەزانیت؟

* پێمواید دیموکراسی هەردوو لایەنەکە ڕاستەقینەیە، بەڵام کوردەکان پاش ئەم هەڵبژاردنە سەلماندیان کە ئەوان هەنگاوێک لەپێش دیموکراسی بەغداوەن، کێشەی بەغدا بوونی ململانێی تائیفیو دابەشبوونە، کە ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە دەبینن لە دەرچوونی هەر بڕیارێکی ڕۆژانەدا.

رۆژنامە: تاچەند ئۆپۆزسیۆن لەم کاتەدا گرنگە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان؟

* موتلەقەن گرنگە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مێژە پێویستی بە ئۆپۆزسیۆنێکی جدیی هەیە، دوو پارتە دەسەلاتدارەکە بێ خەم لەسەر کورسی دەسەلات دانیشتبوون، ئەمە زللەی میهرەبانییە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەگەر بەرهەم سالْح ببێتە سەرۆک وەزیران، ئەو ریفۆرمستێکی ڕاستەقینەیە بەتایبەت ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی هەبێت، هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان زۆرینەی ئیمتیازاتەکانی لەناوچەی سلێمانی لەژێر دەستی یەکێتیدایە.

رۆژنامە: پێتوایە ئۆپۆزسیۆنی کوردی تەنیا لە ناوخۆی کوردستانداو بەرامبەر حکومەتی هەرێم ئەو ڕۆڵە بگێڕێت یان لە عێراقیشدا هەمان ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی هەبێت؟

* پرسیارێکی سەرنجڕاکێشە، پێمواید ئۆپۆزسیۆن دەبێت ئۆپۆزسیۆنێکی بەرپرسیار بێت، لەمەشدا مەبەستم ئۆپۆزسیۆنێکە کە بە پێوەرەکانی ڕەشو سپیو چاکو خراپ مامەڵە نەکات، چونکە ئەمە ڕێک پێچەوانەی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنە، ئۆپۆزسیۆن دەبێت بنیادنەر بێت، کاتێک حکومەت کارێکی باش دەکات پێویستە پشتگیریی بکات، بەڵام دەبێت ڕەخنەی لێبگرێت کاتێک کارەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ئەنجام نادات یاخود هەتا ئەگەر کارەکە بە ڕێگەیەکی باشتر ئەنجامدەدرێت، لە هەمووشی گرنگتر ئۆپۆزسیۆن دەبێت ئامادەی ئایدیای بنیادنەرانەی نوێ بێتو پشتگیریی بکات، نابێت وەک ئۆپۆزسیۆنی تورکیا وابێت کە زیانێکی زۆری بە ولاتەکە گەیاندووە، بەشێوەیەک بەرەنگارییەکی دڕندانەی کاری زۆر ئاسایی دەکرێت، لەم تێوانەشدا هیچ کەسێک لە دەرەوەی تورکیا ئۆپۆزسیۆنی تورکیا کە پارتی گەلی کۆماریی بەجدیی وەرنەگرتووە.

ڕوونکردنەوەیەک لە لیوا، سەرکەوت حەسەنەوە بۆ ڕای گشتیی کوردستان

ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە سەبارەت بە بڕیاری گرتنم، لەگەلْ هەواڵەکەدا، ڕۆژنامەکە دوو نووسراویشی بڵاوکردووەتەوە کە یەکێکیان بڕیاری دادوەرە بۆ گرتنم کە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کراوە، دووەمیان ڕەزامەندیی وەزیری ناوخۆیە بۆ هەمان مەبەست.

سەبارەت بەم هەواڵە بەپێویستم زانی ئەم ڕوونکردنەوانەی لای خوارەوە بۆ ڕای گشتیی کوردستان بخەمەڕوو.

١- من هەموو کات ملکەچم بۆ یاساو حوکمی یاسا، نەک هەر ئەوە، بەڵکو شەڕی گەورەی من لەگەلْ دەسەلاتداران ئەوە بوو کە ئەوان بە ئاشکرا یاسایان پێشێلدەکرد، فەرمانی دادگاو دادوەرانیان بەهەندەرنەدەگرت، ئەوانن کە هەیبەتی یاساکانیان نەهێشتووە نەک من.

٢- بڕیاری گرتنم لەلایەن دادوەرەوە لە (٢٠٠٩/٤/٢١)دا دەرکراوە، ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆش لەسەر بڕیاری گرتنم لە (٢٠٠٩/٦/٢٣)دا بڵاوکراوەتەوە، بێئەوەی پێشتر لە هیچ لایەنێکیانەوە ئاگادار کرابمەوە؟

ئەمە پێچەوانەی یاسایە، چونکە من هەتا ئەم چرکەساتە ڕاوێژکاری ئەمنیی وەزیری ناوخۆم، دەبوو وەزیر پێش ئیمزاکردنی هیچ بڕیارێک، پرسیاری لێبکردمایە ئاخۆ ئەو سکالایەی لەدژی من کراوە، کەیدییە یان یاسایی؟

٣-فەرمانی گرتنم لە ڕۆژنامەیەکی حیزبیدا بڵاوکراوەتەوە، ئەو ڕۆژنامەیە ڕکابەری ئەو لیستەیە کە من وەک بیرورای سیاسیم بەدەر لە کاری وەزیفیم مەیلم بە لایدا هەیەو لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا دەنگم پێداوە، لەبەرئەوە ئەو هەواڵە بێجگە لە هەوڵدان بۆ ناوزڕاندنم بە مەبەستی سیاسیی ناشرین هیچ شتێکی دیکە نییە.

من کەسێکی هەڵهاتوو لە یاساو شوێنبزر نیم، لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پلەی وەزیفیم ڕاوێژکاری ئەمنیی وەزیری ناوخۆیە، لە سلێمانی شوێنی نیشتەجێبوونو ژیانم ئاشکرایە.

هەواڵی گرتن لە ڕۆژنامەدا بۆ کەسێکە کە جێگەی ژیانو گوزەرانی نادیار بێتو لەیاسا هەڵهاتبێت، بۆیە تەئکیددەکەمەوە کە ئەم هەوڵە بێجگە لە پێشێلکردنی یاسای بەنهێنیڕاگرتنی فەرمانی گرتن، هەوڵێکی سیاسیی نەزۆکیشە لەلایەن دەسەلاتەوە دەدرێت بۆ زراندنی ناوو ناوبانگم، بۆیە بڕیارمداوە سکالای یاسایی لە دژی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێو تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان پێشکەش بکەم.

لیوا/ سەرکەوت حەسەن
٢٠٠٩/٨/٣

ڕوونکردنەوەیەک لە ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕانەوە

جەماوەری گەلی کوردستان ئاگادارن کە لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا پرۆسەی دیموکراتی هەرێمەکەمان لە لایەن لیستی دەسەلاتەوە لەکەدار کرا، بە جێبەجێکردنی ساختەکاریی و گزیکردن لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان ئەوەیان دەرخست کە قبوڵکردنی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لای ئەوان کارێکی سەختەو دەیانەوێت هەمیشە خاوەن دەسەلاتی ڕەها بن و تائێستا ئەو حەقیقەتە ناسەلمێنن کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە چەندین ناوچە متمانەیان لێوەرگرتوونەتەوە. سەرباری هەموو ساختەکاریی و پێشێلکارییەکانیان، کەچی ڕاگەیاندنی ڕێژەی بەدەستهاتوو لە لایەن لیستی گۆڕانەوە تووشی ڕاچڵەکاندن و تاسانی کردوون و بە شێوەیەکی هیستیریای کەوتوونەتە هەڵسوکەوت و پەلاماری لیستی گۆڕان، لە بری ئەوەی وەک حیزب لە سەرئەنجامی شکستەکەیان بکۆڵنەوەو بەپێی لۆجیک دەستبکەن بە چاکسازی و ڕێکخستنەوەی خۆیان، کەچی بە پێچەوانەوە کەوتوونەتە دەرکردن و نانبڕینی دەیان کەس لە وەزارەتی پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش و فەرمانگە مەدەنییەکان، بەبیانووی ئەوەی کە گومانیان لێدەکەن دەنگیان بە لیستی کوردستانی نەداوە. لە هەندێک شوێن کەوتوونەتە سوێندان و تەڵاقدانی کارمەندان کە ئاخۆ دەنگیان بە کوردستانی داوە یان نا؟، هەروەها هەڕەشەو چاوسوورکردنەوە لە خەڵکو تەنگپێهەڵچنینی پشتیوانانی گۆڕان و هەڵبەستنی قسەو قسەڵۆکو داتاشینی تاوان بۆ کەسە دیارەکانی ئەم بزووتنەوەیە. بەداخەوە هەروەک لە زووەوە ڕامانگەیاندووە تا ئێستا حیزب وەک دەزگایەکی ئەختەبوتی دەستی وەرداوەتە هەموو جومگەکانی ژیان و بەنیازە دەسەلاتی دادوەرییش بۆ پاساودانی شکستی خۆی دژی هێزو کەسە ئۆپۆزسیۆنەکان بەکاربهێنێت.

دەسەلاتداران کە ناتوانن ململانێی سیاسیی لەگەلْ گۆڕانخوازاندا بکەن، دەیانەوێت لە ڕێگەی دەسەلاتی دادوەرییەوە قەرەبووی شکستە یەک لەدوا یەکەکانیان بکەنەوە. ئێمە لە کاتێکدا متمانەمان بە هۆشیاریی یاسایی دادوەران هەیە کە ناچنە ژێر باری هیچ گوشارێکی سیاسیو حیزبییەوەو ڕێگەنادەن دادگاکان بکرێنە شوێنی پاکتاوکردنی ململانێ سیاسییەکان، ئومێدمان وایە کاروانی دادوەریی لە کوردستاندا بەشێوەیەک پێش بکەوێت کە خەڵکی کوردستانو فەرمانگەی داواکاری گشتیی لەسەر مافی زەوتکراوی خەڵکی کوردستان بکەونە قسە، داوای ڕەوا تۆمار بکەن سەبارەت بە هەموو ئەو تاوانو پێشێلکارییو ناعەدالەتییانەی دەرهەق بە هاوڵاتییان کراوە، وەک لێپێچینەوە لە دەستکێشی هێزەکانی ڕژێمی سەدام حسێن بۆ سەر کوردستان لە (٣١)ی ئابی (١٩٩٦)دا، پەلکێشکردنی لەشکری وڵاتانی دراوسێ بۆ سەر کوردستان، مەلەفی شەڕی ناوخۆو داناینی ئابلۆقە لەسەر پارێزگای سلێمانی لە سەردەمی ئەو شەڕە نەگریسەدا، بەڕەڵاکردنی فڕۆکەوانەکەی کیمیاباراتی هەڵەبجە، پاراستنی تاوانبارکراوانی دۆسیەی ئەنفال، دزینی بودجەی خەڵکی کوردستان لە لایەن هەردوو حیزبەوە، تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسانو دیارنەمانی سەدان ملیۆن دۆلار لە پرۆژە وەهمییەکان. هەروەها لێپێچینەوە لە فایلی دەسەلاتداران لە دەزگای موخابەراتی سەردەمی بەعسو سەدانو هەزاران تاوانی دیکە کە لەلایەن حیزب یان بەرپرسەکانەوە کراون، بە بەڵگەو دۆکیۆمێنتیشەوە لامان پارێزراون.

ئێمە وەک پێشتر دووپاتمانکردووەتەوە دەمانەوێت ململانێمان لەگەلْ ڕکابەرەکانمان ململانێیەکی سیاسیو شارستانی بێتو کار بۆ دروستکردنی ئومێدو بنیادنانی ئایندە دەکەین، بەڵام ئەگەر ڕکابەرەکانمان بیانەوێت پەنا بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتیی مەعنەویو کەسایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان ببەن، ئەوا دەکەوینە هەڵدانەوەی مەلەفی ئەوانەی کە مالیان لە شوشەیەو کەس حەسودی بە مێژووی شەخسییان نابات. بەشی ئەوەندە دۆکیومێنتو شایەتحاڵ هەن کە پێیان بدرێنە دادگاو مافەکانی خەڵکی کوردستانیان لێ بسەنرێتەوە.

ئومێدو هیوامان وایە کە بارودۆخی کوردستان بەرەو ئارامبوونەوەو یەکتر قبوڵکردن بڕوات نەک بەرەو ئاڵۆزکردن وەک حیزبەکانی دەسەلات دەیانەوێت، لە هەمانکاتدا ڕایدەگەیەنین کە بێدەنگبوون لە ئاستی ئەو خراپەکارییانەدا سنووری خۆی هەیە.

خەڵکی کوردستانیش بێزاربوون لەو گوتارە چەواشەکارو دیماگۆگییەی کە دوو حیزبەکە تا توانیان دژی یەکتر پەیڕەویانکردو ئێستاش بەنیازن دژی کەسو لایەنەکانی دیکەو خەڵکی کوردستان پەیڕەوی بکەن.

ژمـــارە (526) چوارشەممە 2009/8/5
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

«لەم کاتەدا دەنگ کۆدەکاتەوە، نایەوێت کەس تووڕە بکات»

مالیکی چی بۆ کەرکوک پێبوو؟

بەهادین یوسف

دوای سەردانی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، بۆ هەرێمی کوردستان، دووبارە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا سپێردرایەوە بە لیژنەو بە رای چاودێرانی سیاسیش سەردانی مالیکی بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی بووەبۆوەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە خولی داهاتووداو لە ئێستاشدا نایەوێت هیچ لایەنێک نیگەران بکات.

ڕۆژی یەکشەممەی رابـردوو نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، بە یاوەری وەفدێکی باڵای حیزبی دەعـوەی ئیسلامی سـەردانـی هەرێمی کوردستانی کـردوو لەگەڵ بارزانیو تالەبانی کۆبووەوەو دواتر سەردانی هەڵەبجەی کرد، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنـامـەوانـیـدا مالیکی جەختی لەسەر چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوولا کردەوەو بەتایبەتی کێشەی ناوچە دابـڕاوەکـانو پێشمەرگەو نەوتو غاز، سەبارەت بەمادەی (١٤٠)و گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سـەر هەرێمی کوردستان مالیکی وتـی: «کوردستانیش بەشێکە لە عێراق نەک دەوڵەتێکی دیکەو ئێمە لەگەڵ سەرجەم بڕگەکانی دەستووردایـن، تەنانەت ئەو بڕگانەشی کە لەکاتی نووسینەوەی دەستووردا تێبینیمان لەسەری هەبووە، ئێمە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرپرسین بەرامبەر پابەندبوون بە دەستوورو جێبەجێکردنیەوە، مادەی (١٤٠)یش مادەیەکی دەستوورییەو لەسەردەسەڵاتەکانی یاسایی و جێبەجێکردنو دادەوەرییە کە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین».

لە پەراوێزی سەردانەکەی نوری مالیکی، سـەرۆک وەزیـرانـی عێراقدا، لیژنەیەکی چـوار کەسی لە عیماد ئەحمەدو د.فوئاد مەعسومو ئازاد بەرواری و د.فوئاد حسێن لەگەڵ وەفدێکی بـاڵای حیزبی دەعـوە کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشە هەڵپەسێردراوەکانو لەناویشیاندا مادەی (١٤٠). عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، سەبارەت بە سەردانی مالیکیو گفتوگۆکانیان لەسەر کێشە هەڵپەسێردراوکانی نێوان هەرێمو بەغدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەکاتی گفتوگۆدا ئەوان وتیان ئێمە پابەندین بە دەستووری عێراقەوە، بەڵام بە ڕوونی دانیان نەنا بەوەی کە مادەی (١٤٠) وەک خۆی جێبەجێبکرێتو کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان».



کێ کەرکوک ڕزگاردەکات؟ فۆتۆ: AP

ئەمە لەکاتێکدایە کە لەماوەی سێ ساڵی ڕابـردووی کابینەکەی مالیکیدا سەرەڕای ئەوەی لە بەرنامەی کاری حکومەتەکەیدا خۆی پێوە پابەندکردبوو، بەڵام هەنگاوێکی ئەوتۆی عەمەلی نەنراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوورییەو چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان.

ئیبراهیم خەلیل ڕەشـیـد، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی برایەتی، دەربارەی وتەکانی مالیکی لەسەر مادەی (١٤٠) بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لـەسـەرەتـای دەستبەکاربوونیەوە لە کابینەی ئەنجومەنی وەزیران نوری مالیکی لە کارنامەی حکومەتەکەیدا لە مادەی (٢٢) باسی مادەی (١٤٠) دەکات کە دەبێت خـۆی جێبەجێی بکات، بـەڵام لەماوەی کارکردنیدا خۆی لە جێبەجێکردنی دزییەوە، لەبەرئەوە سەرکردایەتی کورد پێویستی بەدۆکیۆمێنتکردنی هەموو ئەو بەڵێنانە هەیەو پێویستە پابەندبکرێت بەجێبەجێکردنیەوە، مالیکیو سەرکردایەتی کوردیش ئەو ڕاستییە دەزانن کە ئەو وتەو بەڵێنانە تەنیا بۆ کات بەڕێکردنە بۆ قایلکردنی ئەو خەڵکەی لە دەوروبەریەتی، بۆیە پێویستە سەرکردایەتی کوردئەو بەڵێنانەی پێ مۆربکات یان سیاسەتی بەرامبەرکردن بەکاربهێنێت، ئەوەی مالیکی دەیەوێت چییە کە بۆی هاتووە بۆ کوردستان ئـەوەی بەرامبەربکرێت، بە چارەسەری کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان هیچ شتێکی پێنەدرێت تا بەڵێنەکانی جێبەجێنەکات».

سەبارەت بە سپاردنەوەی کێشەکانی نێوان هەردوولا بە لیژنەی هاوبەش، ئیبراهیم خەلیل وتی: «لەمانگی (١١) پێنج لیژنە پێکهات بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەردوولاو ئێستاش بـۆئـەوەی چارەسەرنەکرێت کێشەکان دووبـارە دەدرێـتـەوە بە لیژنە، ئەگەرنا مادەی (١٤٠) خۆی لیژنەیەکی باڵای هەیە، سەرۆکی لیژنەو ئەندامو کارەکانیان دیارە، ئێستا مادەکە پێویستی بەبڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران یان بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار هەیە».

بۆفشار خستنە سەر حکومەتی عێراقیش ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئاماژەی بەوەکرد: «مالیکی پێویستی بە دەنگەو دەیەوێت کۆمەڵێک بەڵێنبدات تا دەگاتە کاتی هەڵبژاردنو کابینەی نوێ، بۆیە بەپێویستی زانی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقو وەزیـرەکـانـو پەرلەمانتارەکانی هـەردوو لیستی کـوردی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵوێستی جدیی وەربگرن بەرامبەر چارەسـەرنەکردنی کێشەکانو جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکان».

لەمانگی (١١)ی ساڵی (٢٠٠٨)دەوە پێنج لیژنەی بـاڵا بۆ چارەسـەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا دانـراو دەبوو لەماوەی کەمتر لەمانگێکدا ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ئەو کێشانە بدۆزنەوە، ئێستاو دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە (٨) مانگ کـاری لیژنەکان بەبنبەست گەیشتووەو کێشەکانیش بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

د.عـومـەر محەمەد کەریم، پسپۆڕی کێشەکانی کورد لە عێراقدا، پێیوایە لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری زۆر مالیکی دێتە کوردستان، ئەمەش دوای سەردانی ڕۆبەرت گەیتسی وەزیری بەرگری ئەمریکا دێت بۆ کوردستان، ئەمریکا لە بەرژەوەندییەتی عێراقێکی ئارامی بێ کێشە دوای خۆی بەجێبهێڵێت، ئەوەی ئەمریکا پێشبینی دەکات لە ئایندەیەکی نزیکدا ناکۆکی کوردو عەرەبە، کە وەکو خاڵی لاوازی باری ئەمنیی سەیردەکرێت، بۆیە ئەمریکا ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەم یەکترپبینینەی نێوان هەردوولا.

سەبارەت بە قسەکانی مالیکیش لەبارەی دەسـتـووری کێشەی ناوچە دابـڕاوەکـان، د.عومەر محەمەد وتی: «ناکرێت مالیکی بڵێت پابەندنیم بە دەسـتـوورەوە، چونکە دەنگی لەسەردراوەو بووەتە دەستووریکی هەمیشەیی، بـەڵام مالیکی دەیـەوێـت ڕێگەچارەیەک بەڕێکەوتنی نێوان هەموو لایەنەکان بۆ کەرکوک دابنرێت، بۆ ئەو کێشە هەستیارەی کە زۆربەی عێراقییەکان لەسەری کۆکن نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، مالیکیش لەم قۆناغەداکە بەنیازە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێتەوە، ئێستا دەیەوێت قسەیەک یان بڕیارێک نەدات ببێتە مایەی نیگەرانیی، چونکە لە دەنگەکانی کەمدەکاتەوە، تا ئەوکاتەی دەچێتەوە سەر کورسی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە پێناچێت هاتنەکەی مالیکی لەچواچێوەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)دا وەک ئەوەی لە دەستووردا هەبێت، لەبەرئەوە بـەدوای ڕێگەچارەی دیکەدا دەگەڕێت، لەبەرئەوەی خیتابەکەی زۆر دڵخۆشکەر نەبوو بۆ هەردوو حیزبی دەسـەڵات بۆ خەڵکی کوردستانیش، هەرەچەندە قسەی زەقو توندو ئازاربەخشی نەدرکاند یان جۆرێک ڕەتـدانـەوەی بۆ خواستەکانی کوردستان نەبوو، چونکە کاتەکەی ئەوە نییەو نایەوێت هیچ لایەک نیگەران بکات».

دەربـارەی دووبـارە سـپـاردنـەوەی کێشەکانو بەتایبەتی مادەی (١٤٠) بە لیژنەی هاوبەشی نێوان هەردوولا، ئەو پسپۆڕەی بـواری کێشەکانی کـورد وتـی: «مـادەی (١٤٠) دەستوورییە هیچ کەس ناتوانێت بڵێت من دەستوور جێبەجێ ناکەم، بەڵام هیچ کەسێکیش نایڵێت وەک خۆی جێبەجێی دەکـەم، چونکە ئێستا زۆرینەی لایەنەکان لەگەڵ جێبەجێکردنیدا نینو کەسیش نایەوێت لەسـەردەمی ئەودا قسەی عەرەبەکان بەسەر خۆیدا بهێنێت، کە لەسـەردەمی ئەودا کەرکوک گەڕاوەتەوە سەر کوردستان، لەبەرئەوەی کێشەکان زۆر لـەوە گـەورەتـرە کە ئێمە دەیبینین و سیاسییەکانی ئێمە دەیبینن و دەیخەنە بەرچاوی خەڵکی کوردستان، کەرکوک لەوە گەورەترە لە چوارچێوەی عێراقدا سەیری بکەین، چونکە (٦٠٪)ی نەوتی عێراق لە کەرکوکە، ئەمە لەهەر لایەک بێت ئەو ناوچەیە دەبوژێنێتەوەو بەرەو سەربەخۆیی دەبـات، لەبەرئەوە وڵاتانی ئیقلیمیو عەرەبیو ئەمریکاو بەریتانیا نایانەوێت ئەو مادەیە وەک ئەوەی کورد دەیەوێت جێبەجێببکرێتو کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. لەباسکردنی ئەو واقیعەشدا حاڵەتێکی عاتیفی زاڵ دەبێتو واقیعەکە وەک خۆی ناخرێتەڕوو».

وتەبێژی لیستی برایەتی: ڕێکەوتن لەگەڵ حەدبا ئەستەمە

بەمزووانە ئەنجومەنی لیستی برایەتی دروستدەکرێت

ئارام شێخ وەسانی

لیستی برایەتی نەینەوا ڕێکەوتن لەگەڵ لیستی حەدبا بە «ئەستەم» دەزانـێـتـو بڕیاریشە بـەمـزووانـە ئەنجومەنی لیستی برایەتی دروستبکات، هاوکات پارێزگاری موسڵ ڕایگەیاند: «کێشەکانی پارێزگاکە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم بنیادنانەوەی ئەو پارێزگایە».

لەگەڵ ئەوەی ماوەی زیاد لە هەشت مانگە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە پێکهێنراوە لە کۆی (٣٧) کورسی لیستی حەدبا (١٩) کورسی بەدەستهێناوە، لیستی برایەتی نەینەواش (١٢) کورسی بەدەستهێناوە، بەڵام لیستی حەدبا بەبێ بەشداریپێکردنی لیستی برایەتی نەینەوا توانی ئەنجومەن پێکبهێنێت، لە ماوەی ئەو هەشت مانگەدا چەندین هەوڵی جۆراوجۆر دراوە بۆ لێکنزیکردنەوەی ئەو دوو لیستە، بەڵام هیچ ئەنجامێکیان نەبووە.



ئەسیل نجیفی



محەمەد بەشیر

لیستی بـرایـەتـی نـەیـنـەوا لەو ماوەیەدا کە دەسەڵاتی خۆی لە (٣) قەزاو (١١) ناحیە هەیە بە هیچ جۆرێک پابەندی ڕێنماییو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ نەبوون، هەر بەهۆی ئەو کێشەیەشەوە تائێستا بودجەی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ نەگەیشتووە.

لیژنەیەکی وزاریی دروستکراوە بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان لیستی برایەتیو لیستی حەدبا، لیژنەکە لە (١١) کەس پێکهاتووە (٧) وەزیـری تێدایە رافع عیساوی سەرۆکایەتی لیژنەکە دەکات، لە ماوەی دوو ڕۆژی داهاتوو سەردانی پارێزگای موسڵ دەکـەنو لەگەڵ لایەنەکان کۆدەبنەوە.

ئەسیل نجیفی، پارێزگاری موسڵ، ڕایگەیاند: «کێشەکانی پارێزگای موسڵ بوونەتە ڕێگر لەبەردەم بنیادنانەوەی ئەو پارێزگایە».

لە بەرامبەر ئەو لێدوانەی پارێزگاری موسڵ، وتەبێژو کاندیدی لیستی برایەتی نەینەوا، محەمەد بەشیر، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەرچەندە لیژنە دروستبکرێت بۆ چارەسەری کێشەی موسڵ شتێکە هیچ ئەنجامێکی نابێت، هەروەها ڕێکەوتن لەنێوان ئێمەو لیستی حەدبادا ئەستەمە، چونکە ئەوان کێشەی تایبەتیان هەیە لەگەڵ کورد نەک کێشەی سیاسی، ئەوان کار بە ئەجێندای دەرەکی دەکەن ڕۆژێک لەگەڵ تورکیا ڕۆژێک قاعیدەو ڕۆژێک لەگەڵ بەعسن لەبەرئەوە بە هیچ جۆرێک مومکین نییە ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ لێکنزیکردنەوەی لیستی برایەتیو لیستی حەدبا هیچ ئەنجامێکی لێبکەوێتەوە».

وتەبێژو کاندیدی لیستی برایەتی نەینەوا وتیشی: «وێـڕای هەبوونی هەندێک کـردەوەی تووندوتیژیی دژی کـورد ئـەوەش تەنیا بۆ هەڵگیرسانی شەڕی کوردو عەرەبە لەو ناوچانەی کە بەدەست لیستی برایەتیەوەن هیچ کێشەیەکمان نییە».

ئـەوەشـی ئاشکراکرد، «پێشتر ڕامانگەیاندبوو کە ئەنجومەنێکی تایبەت بە خۆمان دروستدەکەین، بەڵام چـاوەڕێـی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بووین، بۆیە بـەم نزیکانە ئێمە ئەو ئەنجومەنە دروستدەکەین».

ژمـارە (526) چوارشەممە 2009/8/5
hewal.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

پرسی کورد دەبێتە جێی ملمانێی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن لە تورکیا

ئارام شێخ وەسانی، سەرکەوت لەتیف

سـەرەڕای زیندانیکردنی بۆ ماوەی زیاتر لە (١٠) ساڵ، تائێستاش ئۆجەلان کاریگەرترین کەسایەتی کوردە لە تورکیا کە توانای یەکلایکردنەوەی کێشەی کـوردی هـەیـە لـە تـورکـیـادا، رۆشنبیرانی تورک لەو کۆبوونەوە کـراوەیـەدا لـەگـەڵ بەرپرسانی وڵاتەکەیان سازیانکرد سەبارەت بە دۆزی کورد لە تورکیا، دەسەڵاتیان لـەوە ئـاگـادارکـردەوە کە چیتر فەرامۆشکردنی پەکەکەو گوێنەدان بە پێشنیازەکانی ئۆجەلان پرسی کورد لە تورکیا چارەسەرناکات، دواجار وەزیری ناوخۆی تورکیا بەو راستییە گەیشت پەکەکە تەنیا گروپێکی چەکداریی نین، بەڵکو بناغەیان لە تورکیا داکوتاوە.

پلانە سێ قۆڵییەکە

تورکیا هەرێەک لە حکومەتی ناوەندیو هەرێمی ناچارکرد بە پلانیکی سێ قۆڵی (ئەمریکا، تورکیا، عێراق- هەرێم) رازیببن، بەپێی ئەم پلانە هەرسێ لا هـاوڕان لەسەر بە تیرۆریست ناساندنی پەکەکە، پێکەوە رووبـەڕووی پەکەکە دەبنەوە، لە ئەمڕۆوە هەرێەک لە نوێنەری باڵیۆزخانەی ئەمریکا، وەزیری ناوخۆی تورکیاو هەرێمو وەزیری ئاسایشی نەتەوەی عێراق، ئیمزایان لەسەر رێکەوتنێکی پێنج خاڵیی کـردووە، یەکەم هەنگاوی ئەو رێکەوتنە داخستنی بارەگاکانی ئەو پارتانەی سەر بە پەکەکەن، رێگەنەدان بە بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی، دواتـر لە چوارچێوەی ئەم رێکەوتنە دەرفەتی گەڕانەوە بۆ چەکدارانی پەکەکە دەخرێتەڕوو ئەوەبوو کە سەرۆک کۆماری تورکیا پرسی راگەیاندنی لێبووردنی گشتیی خستەڕوو، بەڵام بەهۆی دژایەتی زۆری پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانو سوپا ئەو بابەتە نەخراوەتە بورای جێبەجێکردنەوە.

نەتەوەپەرستەکان رێگری سەرەکین

لە سـەرەتـای دامـەزرانـدنـی دەوڵەتی تورکیاوە تا سەرەتای ئەم سەدەیە بەهۆی سیاسەتەکانی ئەتاتورکو پارتەنەتەوەپەرستەکانی دیکەی تورکیا، کـورد لە تورکیا فەرامۆشکراوەو لە تەواوی مافە کلتووریی و نەتەوەییەکانی بێ بەشکراوە، ئـەم فەرمۆشکردنە دواجار یاخیبوونی پەکەکەی بەدوادا هـات لە سـەرەتـای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، لە ئێستادا پارتی دەسەڵاتدار(AKP) کە پرۆژەی بە ئەندامبوونی تورکیایان لە یەکێتی ئەورووپا خستووەتە ئەولەویەتی کارەکانیان سەرقاڵی پرۆسەیەکی چـاکـسـازیـی و گـۆرانـکـاریـی دەستوورین لە تورکیا، ئەم پارتە لە یەکەم خولی سەرۆکایەتیکردنی حکومەتدا رووبـەڕووی مەترسی داخسـتـن بـــووەوە، لـە خولی دووەمیشدا رووبەڕووی مەترسی کوردەتای سەربازیی بووەوە کە دووجار بە ئاشکرا بوونی گروپی ئەرگەنەکۆن کۆتاییهات، ئێستا کە دادو گەشەپێدان جارێکی دیکە پلانی چارەسەری ریشەی کێشەی کـوردی ئاشکراکردووە پارتە ناسیۆنالیستەکانی تورکیا بە تونديی دژی ئەم هەنگاوانەی دادو گەشەپێدان وەستاونەتەوە، لـە ئـەگـەری سـەرکـەوتـنـی ئەم هـەوڵـەی ئەکەپەدا کە خـۆی لە لێبووردنی گشتیو بۆ پەکەکەو ئازادکردنی ئۆجەلاندا دەبینێتەوە، کورد لە تورکیا دەکەوێتە قۆناغێکی نـوێ کە دەستەبەرکردنی مافە دەستوورییەکانە لە تورکیا، ئەم قۆناغە بە خەباتی پەرلەمانیو مەدەنی دەستپێدەکات.

دەوڵەتو رۆشنبیران پەرۆشن

ئـــەکـــادیـــمـــیـــەکـــانو رۆژنامەنووسانو رۆشنبیرانی تـورکـیـا بـەشـداریـیـان لە کۆبوونەوەیەکی کراوەدا کرد لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا، سەبارەت بەکێشەو چارەسەرەکانی دۆزی کـــورد، میدیاکانی تورکیاش بەشێوەیەکی سەرنجراکێش رومالّی ئـەم بابەتەیان کـــردووە، وەک نەریتێکی تازەو مۆدێرن بۆچوونی ئەو چینە لەمەڕ پرسێکی گەورەو ستراتیژی بەهەند وەردەگیرێت، جارێکی دیکە دەسەڵات دەگەڕێتەوە بـۆ لای بـۆچـوونـی رۆشنبیرو رۆژنامەنووسو ئەکادیمستەکان، کـۆبـوونـەوەکـە کـە چەندین بـەڕێـرسـو رۆشنبیر ئـامـادەی بـوون، بەشیر ئاتالای وەزیـری ناوخۆی تورکیا یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، کە زۆرتـریـن سـەرنـجو تێبینی سەبارەت بە بابەتەکە خستەڕوو، دواتریش چەندین بەرپرسی دیکەی بالای تورکیا لە بالّی ئۆپۆزسیۆن وەک باخچەی بۆچوونەکانیان خستەڕوو، ستوون نووسانی رۆژنـامـەی حوریەتو تورکیش دەیلی نیوزو زەمانی تورکی بە پرسیارو بۆچوون بەشداریانکرد لە وۆرک شۆپەکە، جەنگیزچاندار وەک نووسەرێکی تورکیش دەیلی نیوزو حوریەت باسی لەوە کرد «لەم وۆرک شۆپەدا بەشداربووان بـەڕوونـی بـۆچـوونـی خۆیان خستەڕوو بۆ چارەسەری پرسی کورد، بەشێوەیەکی گشتیی باس لە پەکەکە نەکراوە، هەروەها باس لە سەرۆکی پەکەکەش نەکراوە، بـەڵام من پێموایە ئـەوە شتێکی گرنگە کە دەزگایەکی حکومیی ئەو وۆرک شۆپەی رێکخستووەو کاری بۆ کردووە، ئەمە یەکەمجارە شتی واروبـدات». یەکێکی دیکە لە بەشداربووان رۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکیا حەسەن جەمال بوو، حەسەن جەمال کە ماوەی رابـــردوو هـات بـۆ شاخەکانی باکوورو دیدارێکی لەگەڵ موردا قەریلان ئەنجامدا کە بۆ ماوەیەکی درێـــژ زۆریـنـەی میدیاکانو رۆشنبیرانو سیاسییەکان سەرقاڵی شرۆڤەکانی پشت ئەو دیدارەبوون، حەسەن جەمال ئەوەی بە حوریەت وتووە «هەستەکەم شتێکی باش روودەدات، چونکە ئەوە هەوڵێکی گرنگە کە حکومەت لەپشتیەوەیە، بۆیە بەشتێکی گرنگی دەزانـم، پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد پرۆسەیەکی سەختە، ئەو پرۆسەیە پێویستە هەنگاو بە هەنگاو بڕواتە پێشەوە، ئەو هەنگاوانەش ئێستا دەستپێکردووە».

دادو گەشەپێدان کۆتاییهێنان بـە چالاکییە سەربازییەکانی پەکەکە بە هەنگاوێکی گرنگ لە چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا وەسفدەکات، پەکەکە کە ئێستا ماوەی زیاتر لە چوار مانگە یەکلایەنە ئاگربەستی راگەیاندووە، تائێستا بـە رەسـمـی وەڵامـی ئاگربەستەکانیان نـەدراوەتـەوە، بەڵام هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی کورد لە تورکیا لە ئێستادا زیاتر دەبینرێت، بورهان کایا تورک، پەرلەمانتار لەسەر پارتی دادو گەشەپێدان لە پەرلەمانی تورکیا، بۆچوونی وایە دەستبەردارببوونی خەباتی چەکداریی لەلایەن پەکەکەوە بە کلیلی چارەسەریەکان دەزانێت، ئـەو لـەمـڕووەوە بە رۆژنامەی وت: «تەنیا ئاگربەست بەس نییە، بەڵکو کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداریی هەنگاوە گرنگەکەیە، ئێستا حکومەتی تورکیا خۆی خاوەنی پرۆژەی چارەسەرکردنی پرسەکەیە، ئەمەش بەهۆی بوونی پەکەکە لە چیاکانی قەندیل نییە». کایا تورک روونیشیکردەوە، کە تورکیا لـەوە گەیشتووە کە نە حکومەتی عێراق و نە حکومەتی هەرێمی کوردستان نایانەوێت بچنە شەڕی پەکەکەو بۆچوونیان وایە ئەمە بە شەڕ چارەسەرنابێت.



سەرکەوتن لەچیدایە — فۆتۆ: رۆیتەرز

تورکیا دەرگای نوێ بە ڕووی کورددا دەکاتەوە

جەمال ئیختیار

حکومەتی تورکیا پلانێک بۆ چارەسـەری کێشەی کورد دەخاتەڕوو، لەو چوارچێوەیەدا هەوڵدەدرێت لە چەند قۆناغێکدا مەسەلەکە بەرەوپێشببرێتو لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک مەسەلە بە هێڵی سـوورداەنـێـت، وەکو ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئۆجالانو پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی دەستووری بۆ کوردەکان کە لەلایەن ئۆجالانو پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتییەوە باسکراوە.

رۆژنـامـەی تـودەی زەمانی تورکی بـاڵوێـکـردووەتـەوە، کە حکومەتی تورکیا پلانێکی بۆ چـارەســەری کـێـشـەی کـورد خستووەتەڕوو، لەو چوارچێوەیەدا بـە وتـــەی ئـــەو رۆژنـامـــەیـــەو بەرپرسانی تورکی رێگەچارەیەکی تایبەت کە لەگەڵ میژووی تورکیاو هەلومەرجی ئێستای ئەو وڵاتەدا بگونجێت، پەیرەودەکرێت.

وەزیـــری نـاوخـۆی تورکیا بەشیر ئاتالّای لە کۆبوونەوەیەکدا بە بەشداری نوێنەری ویلایەتە یـەکـگـرتـووەکـانـی ئەمریکاو عێراق کە لەسەر کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان بەستراوە، شتی نوێی لەمەڕ مەسەلەی کورد خستووەتەڕوو.

بەشیر زانـیـاری زیـاتـری دەربـارەی پلانەکە نـەداوە، بەڵام وتوویەتی:«تورکیاکراوەیەبەڕووی پێشنیازی نوێ لەسەر مەسەلەی کـوردو کاتی بۆ ئاشکراکردنی پلانەکە نەخستووەتەڕوو».

کۆبوونەوەکە لە (٢٥)ەمین ســاڵـوەگـەڕی دەستپێکردنی بزووتنەوەی چـەکـداری پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا (پەکەکە)دا بەستراوە.

ئاتالّای باسی لەوەکردووە، کە مەسەلەی کورد دەبێت لەڕێگەی دیموکراتیزەکردنی زیاترو پێدانی مافی زیاترەوە چارەسەربکرێت، تورکیا لە زۆر بـواردا دەچێتە پێشەوە.

لە چوارچێوەی قسەکانیدا لەسەر کێشەی کورد، ئاتالّای لە زمانی پێشووی حکومەتی تورکیا دووریناکەوێتەوە وەک ناوهێنانی (پەکەکە) وەکو تیرۆریست، هیچ ئاماژەیەکیش بە مەسەلەی کورد وەکـو مەسەلەیەکی نەتەوەییو پێویستی مافی خۆبەڕێوەبردن بۆ ئەوان ناکات، بەڵکو زیاتر لە چوارچێوەی مافی هاوڵاتیبووندا باسی مەسەلەکە دەکات.

حوڕییەت دەیلی نیوز باسی لەوەکردووە کە حکومەتی تورکیا بە چەند قۆناغێک دەچێتە ناو چارەسەری مەسەلەی کوردەوە، لـەو قۆناغانە، کـۆکـردنـەوەی زانـیـاری، دانـانـی پـلان بۆ سی قۆناغی کـورت مـاوە، ناوەندو درێژخایەنو گرنگترین بەشی پلانەکەش چاکسازیی دەستووری دەبێت.

لـە قۆناغی کـۆکـردنـەوەی زانیاریدا تـەواوی ئەو شتانەی کە لە ناوخۆی تورکیاو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەسەر کێشەی کورد نووسراون، پێداچوونەوەو خوێندنەوەیان بـۆ دەکـرێـتو هـەوڵـدەدرێت کە لە ئەزموونی شـارەزایـانـی ئـەو بـواڕە کەڵک وەربگیرێت.

بۆچوونی نوێنەرانی میدیا، نـووسـەران، کەسانی ئاکادیمی، رۆشنبیرانی کـورد، نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سەرۆکی پارتە سیاسییەکانو بۆچوونی نوێنەرانی دامودەزگا حکومەتییەکان لە چوارچێوەی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو لایەنانەدا وەردەگـیـرێـتـو دەکـرێـت لە قۆناغەکانی جێبەجێکردندا هەندێک لە بەشەکانی پلانەکە دەکرێت بگۆڕێت یان لابببرێت.

لـە قـۆنـاغـی یـەکـەمـدا ئەو یاسانەی کە کەسانی خوار تەمەنی (١٨) ساڵییان بە تاوانی تێوەگلان بە تیرۆر پێ دادگاییدەکرێت، دەگـوڕێـنـو ئـەو مندالانەی کە خۆپیشاندانەکەنودروشمدەدەن زیندانیی نـاکـرێـن، هـەروەهـا چالاکی کۆمەڵایەتیو کلتووری لە چەشنی کۆنسێرت لە ناوچەکانی کوردنشین سازدەکرێت.

لە قۆناغی دووەمـدا هەوڵی ئازادبوونی ئەو کەسانە دەدرێت کە پەیوەندییان بە پەکەکەوە هەیە، بەڵام تێوەگلاوی شەڕی چەکداریی نینو هەوڵدەدرێت کە لە زیندان ئازادبکرێنو لە شاخ بەهێنرێنە خـوارەوەو هەروەها پێداچوونەوەی مەلەفی ئەو کەسانە دەکرێت کە تێوەگلاوی چالاکی چەکدارینو هەوڵی تواندنەوەی پەکەکە دەدرێت.

کردنەوەی دەرگـای چالاکی سیاسی، دانانی خوێندنی کوردی بۆ کەسانێک کە خۆیان حەزدەکەنو کەمکردنەوەی بێکاریی لە ناوچە کوردییەکان لە بەرنامە نوێیەکەی تورکیادا هەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد.

قـۆنـاغـی سـێـیـەم، واتـە درێژخایەن، بریتییە لە چاکسازیی دەسـتـووریـیـو باسکردنی فرەچەشنی کلتووری تورکیا، بەڵام لە دەستووردا هیچ ئاماژەیەک بە ناوی کورد نادرێت، لەکاتێکدا کە (دەتەپە) داوای چاکسازیی دەستووریی دەکاتو دەیەوێت کە مافی کورد بە دەستوور بپارێزرێت، سوپای تورکیاش دژی گۆڕینی ستراکتۆری کۆمەڵگەی تورکیایەو حکومەتیش دەیەوێت کە ویستی سوپا لە پلانەکەدا رەچاوبکرێت. هەروەها گەشەپێدانی ئابووریو بەهێزکردنی ئیدارەی لوکاڵی لە خۆدەگرێت.

رۆژنامە تورکییەکان باس لـەوەدەکـەن، کە هەندێک شتی وەکـو ئـازادکـردنـی عەبدوڵڵا ئۆجالان سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان کە لە گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی بـەسـەرکـردایـەتـی ئیسرائیل، ئەمریکاو تورکیا دەستگیرکراو پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی دەستووریی کە لەلایەن ئۆجالانو (دەتەپە)وە باسـکـراوە، بـە هـێـڵـی سـوور حیسابکراون.

چـاودێـرانـی سیاسی بە هەڵسەنگاندنی ئەو پلانە باس لەوەدەکەن، کە تورکیا تائێستاش ئامادەیی چـارەسـەری کێشەی کـوردی تـێـدا نییەو پلانەکە زۆرتـر لەتاکتیکێک دەچێت بۆ دەربازکردنی تورکیا لە قۆناغی ئێستاو هەوڵدان بۆ تواندنەوەی پەکەکە، ئەگەرنا زۆر بێ مانایە باس لـە چـارەسـەری کێشەی کوردبکرێت، لەکاتێکدا حکومەتی تورکیا ئامادەنەبێت لە دەستووردا ئاماژە بە وشەی «کورد» بدات، ئەمە دووبارەکردنەوەی رابردووە بە جۆرێکی دیکەو خۆ دزینەوەیە لە سروشتی راستەقینەی کێشەی کورد لەو وڵاتە.

دەنگدانەوەی میدیایی

بەشداریپێنەکردنی کوردەکان، شکست بە پلانەکەی ئەردۆغان دەهێنێت

شالاو فەتاح

«دەستپێشخەرییەک بۆ چارەسەری کێشەی کـورد» لـەلایـەن رەجـەب تەیب ئەردۆغانی سـەرۆک وەزیرانی تورکیاوە دەخرێتەڕوو، کە عەبدوللا گولی سەرۆک کۆماریش بە «هەڵێکی مێژووییی» بۆ چـارەسـەری کێشەی کورد لەقەڵەمیدەدات، لەوانەیە پلانەکە «لێبوردنی گشتیی بۆ چەکدارانی پەکەکە»و «گەشەپێدانی ئابووری و کلتووری باشـووری خـۆرهـەڵات»و «گێڕانەوەی نـاوە کوردییەکانی ئەو شارۆچکانەی بە تورکی ناونراون» بگرێتەخۆ.

ئایا ئەم دەستپێشخەرییە دەتوانێت کۆتایی بە ململانێی درێژخایەنی کورد لەتورکیا بهێنێت؟ ئەمە پرسیارێکە میدیای جیهان بـەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێت، ئاژانسی فرانس پرێس لە راپۆرتێکدا گەشبینییەکی تەواو بەرامبەر ئەو هەنگاوە دەرنابڕێتو پێیوایە «بوونە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا» تاکە هۆکاری دیموکراسییەتی تورکیایە بەرامبەر بە کوردەکانو چەندین بڵاوکراوەی دیکەش پێیانوایە، بەهۆی «بەشدارینەکردنی کوردەکان» خۆیان لەم پلانەدا، پلانەکە لاوازدەبێتو جێگەی خۆی ناگرێت.

guardian.co.uk

«ئۆپۆزسیۆن ناهێڵێت کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەربکرێت»

رۆژنـامـەی گـاردیـانـی بەریتانی وتارێکی پرۆفیسۆر سیمۆن تیسدالی لەژێر ناونیشانی «ئایا تورکیا ئامادەی ئاشتییە؟» بڵاوکردووەتەوە کە باس لە دەستپێشخەرییەکەی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکات. تیسدالْ دەڵێت، پێدەچێت رەجەب تەیب ئەردۆغان گەورەترین هەنگاو بنێت کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە نرابێت (وەک ئاماژەدانێک بە پلانی ئەردۆغان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد کە بڕیارە پانزەی ئەم مانگە بڵاوبکرێتەوە)، بەڵام ئەم هەنگاوە بە ئاراستەی ئیسلامییەت لە تورکیادا نییە، بەڵکو بە ئاراستەی ئەو کەمینە کوردییەدایە کە ئەتاتورک لەهەموو کەس زیاتر چەوساندنیەوە.

تیسدالْ پێیوایە، ترسی ئەردۆغان لـە هـەمـان رکـابـەرە عەلمانییە کۆنزەرقاتیقەکانەوەیە کە ئەردۆغانو پارتەکەی بە بەدووکەوتنی ئەجێندایەکی ئیسلامی تۆمەتبار دەکـەن. کەسانی وەک دەنیز بایکاڵو دەوڵەت باخچەلی بەتوندی دژایەتی ئەم پێشکەوتنانە دەکـەن، ئـەم ململانێ ناوخۆییانەش بەشێوەیەکی بـەرچـاو کاریگەریی دەبێت بۆ سەر دەستپێشخەرییەکەی ئەردۆغان، چونکە ئەگەر ئەجێندا کەی ئەردۆغان سەربگرێت، ئەوا بە دژایەتی ئایدیاڵەکانی ئەتاتورک دادەنرێت کە بریتین لە یەک خەڵکو یەک ئاڵا و یەک زمـان، بـەڵام ئاراستەیەکی دیکە لە تورکیادا دژی چەسپاندنی ئەو بنەمایانە هەیە، وەک شاهین ئەلپای بۆ تودەی زەمان دەنووسێت «ئەو شوناسەی کە بۆ کەسێتی تورک دیاریکراوە هی سەردەمی ئەتاتورکەو بۆ ئەم سەردەمە بووەتە هۆی تۆندوتیژییو ئازارچەشتنی زۆر، ئێستا پێویستمان بە شوناسی زەمەنی دیموکراسیو مافی مرۆڤو فرەییە».

UPI.com
100 YEARS OF JOURNALISTIC EXCELLENCE

« پێدەچێت ئەنقەرە رای ئۆجەلان وەربگرێت»

ئاژانسی هـەواڵـی یـو.پـی.ئـای لە راپۆرتێکدا باس لە گرنگیدانی ئەنقەرە دەکات بە کێشەی کورد، (یو.پی.ئای) دەڵـێـت، لـەدوای سەرکەوتنی حیزبە کوردییەکان لە ناوچە کوردییەکانی تورکیادا، ئەنقەرە بەدوای چارەسەری کێشەی کـورددا دەگـەڕێـت، بۆ ئەم مـەبـەسـتـەش دەسـتـپـێـشـخـەری لە فەراهەمکردنی چارەسەردا دەکات کە پێدەچێت پێشنیازەکانی سەرکردایەتی پەکەکەش لەخۆبگرێت، بەشیر ئاتەلای وەزیـری ناوخۆی تورکیاش پێیوایە، چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە تورکیا رزگاردەکات لە کۆتو بەندی خۆی.

دواتـــرو لـە راپـۆرتـێـکـی دیـکـەدا (یـو.پـی.ئـای) لەسەر هەمان کێشە دەنووسێت، حیزبە کوردییەکان داوای هەنگاونانی بەپەلەی ئەنقەرە دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردو داوای وەستانی هێرشەکانی سوپاو جدی بوون بەرامبەر پرۆسەی ئاشتەوایی دەکەن لە تورکیا. بەرپرسێکی دەتەپەش لەدوای دەستپێشخەرییەکەی ئەردۆغان رایگەیاند «پێمواید، دەبێت حکومەت هەنگاوی بەپەلە بنێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی».

AFP

«بارزانی ئامادەیە یارمەتی تورکیا بدات دژی پەکەکە»

ئاژانسی فرانس پرێس لە راپۆرتێکدا لەژێر ناونیشانی «دیموکراسی دەیتوانی کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەربکات» باس لـە رای کـوردەکـانـی هـەرێـم دەکـات سەبارەت بە کێشەی کوردی تورکیاو بە قسەکانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بۆ رۆژنامەی سەباح دەستپێدەکات کە دەڵێت، ئەگەر ئەنقەرە مافە دیموکراتییەکانی کـوردەکـان زیاتر بکات، ئەوا کورد چەکدارەکان جەماوەریبوونی خۆیان لەدەستدەدەنو ناچاردەبن چەک دابنێن. بارزانی دەڵێت. «پەکەکە ناچار بە چەکدانان دەبێت ئەگەر تورکیا ئیرادەی چارەسەرکردنی کێشەکەی بە ڕێگای دیموکراتییانە هـەبـێـت»، دواتـر بـارزانـی تورکیا دڵنیادەکاتەوە کە ئامادەیە یارمەتییان بدات بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی، چونکە وەک خـۆی دەڵـێـت پەکەکە «مەترسییەکی هەرێمییە» بۆ سەر ناوچەکە.

(ئـەی.ئـێـف.پـی) بـاس لە گۆڕانی سیاسەتی ئەنقەرە بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەکـات‌و دەڵـێـت «تەنیا لە سااڵی پـارەوە سیاسەتی ئەنقەرە بەرامبەر هەرێمی کوردستان گۆڕاوە، پێشتر ئەنقەرە هەرێمی تۆمەتبار دەکرد بە یارمەتیدانی پەکەکە، بەڵام ئێستا دەیـەوێـت لە ڕێگەی هاوکاریکردنی عێراقو هەرێمەوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات».

دواتر (ئەی.ئێف.پی) باس لە پلانی دیموکراسیی حکومەتی تورکیا دەکات بۆ چارەسەری کێشەی کورد، کە بڕیارە لە پانزەی ئەم مانگەدا بڵاوبکاتەوە، کە هاوکاتە بە پلانی ئاشتییانەی «نەخشەی ڕێگا»ی عەبدوللا ئۆجەلانی سەرۆکی دەستگیرکراوی پەکەکە کە لەلایەن بەرپرسێکی دەتەپەوە بە «چارەسەرێکی پتەو»ی کێشەی کورد ناودەبرێت. لە دواییـن پەرەگرافی راپۆرتەکەیدا (ئەی.ئێف.پی) بـاس لـەوەدەکـات، کە لەم ساڵانەی دواییدا ئەنقەرە چەند مافێکی کلتووری داوە بە کوردەکان، بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا.

EURASIANET.ORG

«راوێژ بە دەتەپە ناکرێت»

سایتی ئوراسیانێت لەبارەی کێشەی کورد لە تورکیاو دەستپێشخەرییەکەی ئەردۆغانەوە راپۆرتێک بڵاودەکاتەوە بەناونیشانی «ئەنقەرە زۆران لەگەڵ کێشەی کورددا دەگرێت»، راپۆرتەکە باس لـەوەدەکـات کە پـاش چەندین سـاڵ لـە ململانێو ناکۆکی لەگەڵ کوردەکان، ئەنقەرە هەنگاوی گەورە رووەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەنێت، بـەڵام ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆو بەشداری پێنەکردنی کوردەکان خۆیان لە چارەسەردا، چانسی هەر هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن کەمدەکاتەوە، راپۆرتەکە ئاماژە بەوەدەدات کە ئەردۆغان ئامادە نەبووە لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکانی دەتەپە کۆببێتەوەو وەک نوێنەری کورد بیاننـاسێت تا بەئاشکرا پەکەکە تۆمەتبار نەکات.

لـە وەڵامـی نـەخـشـەی ڕێـگـای ئۆجەلانیشدا، داود ئۆغلوی وەزیری دەرەوەی تورکیا دەڵێت، «کێشەی کورد لە ئەنقەرە چارەسەر دەکرێت، نەک لە ئیمرالی (گرتووخانەکەی ئەردۆغان)»، بـەڵام هـێـنـری بـارکـی پسپۆڕی تورکیا پێیوایە، نابێت رای ئۆجەلان پشتگوێبخرێتو لەمبارەیەوە دەڵێت «ناتوانن چیتر فەرامۆشی بکەن».

هەر لەبارەی کێشەکەوە هێنری بارکی دەڵێت «دواجـار تورکیا گەیشتووەتە ئەو ڕایەی کە ئەم کێشەیە بە ململانێی سـەربـازیـی چـارەسـەر نـاکـرێـت، چارەنووسی پەکەکە هەرچییەک بێت، بەڵام کێشەکە پێویستی بە چارەسەری سیاسییانەیە، جیاوازی هەیە لەو وێنەیەی تورکیا دەیـەوێـت پیشانی دەرەوەی بدات‌و ئەو وێنەیەی لەناوخۆی تورکیادا هەیە، تورکیا وڵاتێکە زمانی کوردی تێیدا قەدەغەیە، ئەمە مەنتیق نییە».

دۆغـو ئەرگڵ، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنقەرە پێیوایە «دەستپێشخەرییەکە لاوازدەبـێـت بەهۆی نەبوونی کـوردەکـان خۆیان لە دابینکردنی چارەسەردا، چونکە بۆ کوردەکان چارەسەرەکە هی تورکیایە نەک هی خۆیان، ئەمەش دیموکراتی نییە».

لە ئێستادا ڕاگەیاندن چ ڕۆڵێک ببینێت بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان؟

ئامادەکردنی: شکار موعتەسەم، سۆکار عەبدوڵڵا



ڕەئووف سالح عوسمان، یاریدەدەری پزیشکی: دەبێت لە کوردستاندا ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی پۆزەتیف ببینێت لە ئاست ئەو پێشهاتانەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئازادییەکی باش بەرقەڕارە وەک ئازادیی ڕۆژنامەگەری، ئازادیی ڕادەربڕین بەڵام نابێت ئەم ئازادییە ببێتەهۆی لەکەدارکردنی‌کەسایەتییەک‌یان‌ڕێکخراوێکی‌سیاسی لەڕێی ڕاگەیاندنەکانەوە دەبێت ئاگایان لە نوکی قەڵەمەکانیان بێت، ڕاگەیاندن بە هەموو شێوەیەک لە بەرژەوەندیی میللەتەکەمان بەکاربهێنرێت.



کامەران عەبدوڵڵا بابەکر، پارێزەر: ئەرکی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەریی ئەوەیە ڕاستگۆ بێت لە گەیاندنی ڕووداو و هەواڵ‌و زانیارییەکان، دەبێت کۆی ڕووداوەکە وەک خۆی بگەیەنێت، نەک بێت لایەنێکی پیشانبدات، ئەمەش‌زۆرگرنگە بۆ‌پاراستنی‌بێلایەنی‌و سەربەخۆیی ڕۆژنامەکە، بە پێویستیشی نازانم ڕاگەیاندن هەوڵی خاوکردنەوەی گرژییەکان بدات، بەڵکو دەبێت زانیارییەکان ڕاستگۆیانە بگەیەنێت ئەگەر کاردانەوەکەشی بە هەر شێوەیەک بێت.



گزنگ عەبدوڵڵا، فەرمانبەر: بە بڕوای من ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە ڕووژاندن‌و بڵاوکردنەوەی هـەواڵ‌و زانیارییەکان، دەتوانێت ڕای گشتیی لەسەر ڕووداوەکان دروستبکات، پێویستە ڕاگەیاندن ڕاستگۆبێت هەوڵبدات ڕووداوەکـان وەک خـۆی بگەیەنێت، بەتایبەت لەم بارودۆخە هەستیارەی ئێستای کوردستاندا، چونکە ڕاگەیاندن چاوێکی زۆری لەسەرە.



یاد عەلی عەزیز، خوێندکار: نابێت ڕاگـەیـانـدن ببێتە هـۆکـاری سەرەکی دروستکردنی ناکۆکی لەنێوان لایەنەکاندا، چونکە ڕاگەیاندن هۆکاری سەرەکییە بۆ خستنەڕووی ڕووداوەکـان، دەتوانێت ڕای گشتیی دروستبکات، دەبێت ڕاستگۆیانەو بێلایەنانە زانیارییەکان بگەیەنێتە جـەمـاوەرو هەوڵی نـانـەوەی پشێویی‌و نائارامی نەدات.



ئارام ئیبراهیم کەریم مامۆستا: لەم کاتەدا واباشە ڕاگەیاندنەکان گرژیی‌و ئاڵۆزییەکان کەمبکەنەوە، ئـەو گـرژیـی‌و ئاڵۆزییەی لە ڕاگەیاندنەکان بەدیدەکرێت دەبێتەهۆی نانەوەی پشێویی‌و نائارامی لە کوردستاندا، دەبێت بەدواداچوونی تەواو بۆ ڕووداوەکـان بکرێت پێش بڵاوکردنەوە، نەک وەکو ئێستا دەبینین لە هەر ڕاگەیاندنەو بە جۆرێک باسی لێوەدەکرێت، دەبێت ڕاستی ڕووداوەکـە بڵاوبکەنەوە بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان.

ئەم گۆشەیە بەردەوام ڕای هاوڵاتییان بڵاودەکاتەوە، دەتوانن لەڕێی ئیمەیڵی
(hewal.rozhnama@gmail.com) بەشداریبکەن
تێبینی: بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانتان ئەم خاڵانە ڕەچاو بکە:
١. وێنەیەکی کەسی خۆت. ٢. نووسینەکەت لە (٥٠-٦٠) وشە بێت.
٣. وەڵامی ئەو پرسیارەی ئێمەبێت کە دەیخەینەڕوو.
پرسیاری داهاتوو: سەرکردایەتی کورد چی بکات بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان؟

ـــــــــەڵبژاردنەکەی هەرێمی کوردستان

ـــە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان



٣. بنکەی برایی کۆران لە هەولێر:
(٢٠٠٩/٠٧/٢٥) کاتژمێر (٥,٠٠) تا (٦,١٥)ی پاش نیوەڕۆ. من لای نەجیبەخان بووم کە کۆمسیۆنی بالاّ تەلەفۆنیان کردو درێژکردنەوەی سەعاتەکەی پێڕاگەیاند.
نەجیبەخان، بەڕێوەبەری مەڵبەندەکە پێیوتم:
• ١) کە لقی پارتی دیموکراتی کوردستان سەر لە بەیانی لە مەڵبەندەکە بوون. کاتێک پرسیارم لێکرد کە ئەوان هەقیان نییە بێنە ئەم مەڵبەندەو بۆ هاتوون؟ نەجیبەخان وتی: کە بۆ خزمەت پیشاندان هاتوون، دواتر ئەوەم دی کە خێرەومەند؟ ئاویان بۆ مەڵبەندەکە دەهێنا!
٢) چاودێری لیستی گۆڕان کە لەیەکێک لە وێستگەکاکاندا بووە، لەبەرئەوەی ئەعصابی تەواونەبووە، پەستو تووڕە بووەو وێستگەو مەڵبەندەکەی جێهێشتووە! ٣) شایەتی موختار بۆ شەرعییەتدان بە دەنگەدر لەبەرچاوگیراوە! هەروەها ناوی (٤) بایەع کرابووە بنچینە بۆ قبوولکردن یان نەکردنی دەنگەران.
• کەسێکم بینی هاتە ناو وێستگەکەوەو دەنگەدرێکی هێنا بۆ لای بەرپرسی ناسەرەوە کە لە چاوتروکاندنێکدا فۆرمی پێدراو چوو دەنگیدا. کاتی جێهێشتنی وێستگەکە فریای کەوتمو لێم پرسی: ئێوە کارتان چییە؟ وتی: بەرپرسی وێستگەم. لێم پرسی: چی دەکەیت لێرە، وتی: ئەو نەفەرەم هێنا. دواتر ئەم رووداوەم بە نەجیبەخان گەیاند، پاساوی نەجیبەخان ئەوە بوو کە ئەم بەرپرسی وێستگەیە تازەیەو لەجێی پارێزەرێک دانراوە، هەروەها وتیشی: کە ئاگاداری کردووە کاری وا نەکات. ئەم کەیرو بەینە کورتخایەن بوو نازانم نەجیبەخان چۆن دەمی گەیشتووەتە ئەو بەرپرسی وێستگەیەو ئەو هۆشدارییەی داوەتێ!
• گەنجانێکی زۆر لەناو مەڵبەندو وێستگەکاندا دەهاتن و دەچوون.
• لە کاتی جێهێشتنی مەڵبەندەکەدا لە سەعات (٦:١٥) دا پیاوێکی کامڵم بینی کە (١٣) کەسی بەدواوە بوو، (٦) یان گەنج بوون، کە بە پەلە خۆیان دەکرد بەناو مەڵبەندەکەدا!

٤. بنکەی مەئمون دەباغ لە هەولێر: (٢٠١٠٠٣)
(٢٠٠٩/٠٧/٢٥) کاتژمێر (٥,٣٥) تا (٦,٠٠)ی پاش نیوەڕۆ.
• لە وێستگەی (١) لە کاتژمێری (١٦,٣٠)ەوە فۆرمی دەنگدان نەمابوو.
• (٢٣٨) فۆرمی (١١١) درابوو بە خەڵکو دەنگیان دابوو. رێکخەرەکە پەیوەندی بە کۆمسیۆنی بالاوە کرد، بەڵام وەڵامیان نەبوو!
• لە وێستگەی (٣) بەرپرسی ناسەرەوە سەیری سجلەکەی نەدەکرد بۆ دۆزینەوەی ناوەکان
• لە وێستگەی (٢) بێ هێنانی فۆرمی (١١١) دەنگ دەدراو ناسنامە کافی بوو.
• نەدانی فۆرمی سکالاّ بە چاودێرانی لیستی گۆڕانو یەکگرتوو. وەڵامی رێکخەرەکە ئەوە بوو کە هیچ روویناداوە. بە بەرچاوی چاودێرەکانی ئێمەوە پێیانوتوون: هیچ رووی نەداوە تا فۆرمی (١١٠)تان بدەینێ. بەرپرسی ناوچەی پارتی لەوێدا بووە لە رێکخەرەکەی پرسیوە ئەوە چییە؟ رێکخەرەکەش بە پێکەنینەوە وتوویەتی: هیچ نییە داوای فۆرمی (١١٠) دەکەن.
• چەکدار، زێرەڤانیو فلک بە چەکەوە لەناو مەڵبەندەکەدا بوون.
• پۆلیسەکە رێگریی لەوانە نەدەکرد کە دەنگیان دابوو پەنجەیان مۆر بوو دەگەڕانەوە ناو مەڵبەندەکە. لە پۆلیسەکەمان پرسی چۆن رێگە بەمانە دەدەیت بچنەوە ژووری؟ لە وەڵامدا وتی: بۆ دەنگدان ناچن؛ بۆ سەردانی برادەرەکانیان دەچن!
• چوون دەیانزانی ئێمە چاودێری نێو نەتەوەیین، بۆ ناو هەر وێستگەیەک بچووینایە، زوو بەزوو چۆڵ دەبوو رووبان دەکردە وێستگەکانی دیکە!

٦) دەرئەنجامو پێشنیازەکان:
لەوانەی رابوردن ئەم دەرئەنجامانە دادەڕێژینو ئەو گۆڕانکارییانەش پێشنیاز دەکەین:
• بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی دەنگدان تا کاتژمێری (٤-٥)ی پاش نیوەڕۆی (٢٠٠٩/٧/٢٥) بە ئاسایی رێی کردووە. لەم کاتە بەدواوە، بەشێوەیەکی سیستماتیک، خروقات دەستپێکردو بەردەوامبوو لە کاتژمێرە دریـژکـراوەکـەدا، واتـە (٦-٧) ئەم خروقاتی دەنگدانە بەلێشاوە گەیشتە لوتکە.
• هۆیەکانی دریـژکـردنـەوەی ئەو کاتژمێرە لەسەر ئەرزی واقیع وجودێکی نییە. کۆمسیۆنی بالاو دەسەلاتی کوردی ئەو ئەرکە یاسایی و مۆرالییەیەیان لە ئەستۆیە تا ئەم حەقیقەتی ئەم کێشەیە بخەنە بەردەم دەنگدەرانی کوردو لیستە رکـابـەرەکـانو رای گشتیی کـوردیو عێراقیو جیهانی.
• ئەم پێشێلکارییانە تۆماری رێژەیەکی سـەدی باشی بۆ ئەو لایەنە بەدەمەوە بوو کە پێی هەستا، کە لیستی دەسەلاتەو ئاکامەکانی لە بنەڕەتەوە بۆ بەرژەوەندیی ئەو گۆڕیوە. لیستی کوردستانی لەسەر حسابی ئـەو دەنـگـدەرانـەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکەیان کردووەو لەسەر حسابی لیستەکانی دیکە دەنگێکی زۆری بۆ خۆی زەوتـکـردووەو ژمـارەی کورسییەکانی خـۆی پـێ زیـاد کـردووەو لە ئەگەری دەستپێشکەری پێکهێنانی حکومەتو تێپەڕاندنی بریارەکانی پەرلەمانی ئایندە بۆ مـاوەی (٤) سالّی رەبـەق سوودیان لێوەردەگرێت!
• دەسـەلاّت بە خراپی سـوودی لە کەلێنەکانی نەبوونو نـاتـەواوی ناوی دەنگدەران بینی. ئەم کەلێنە کۆمسیۆنی بالاّ لێی بەرپرسیارە، بەو پێیەش لەو ناحەقیانەش بەرپرسیارە، کە لە بوونی کەلێنەکەی کەوتووەتەوە.
• چـاودێـری قـەواوە سیاسییەکان پەراوێزخرابوونو بەمەش پرۆسەکە لە فاکتەری چاودێری راستەقینە بێبەشکرابوو کە بێ ئەم فاکتەرە، پرۆسەکە ناتەواو بوو، هەر وەک رووشیدا.
• دەنـگـدەرەکـان ئامانجی سەرەکی پرۆسەیەکی لەمجۆرەن، بۆیە دەبێت هەموو لایەنەکان هاریکاری یەکتر بکەن بۆ ئەوەی ئەم دەنگدەرانە بە ئازادییو لە کەشوهەوایەکی لەباردا گوزارشت لـەخـۆیـانو بۆچوونەکانیان بکەنو بڕیارەکانیان بـدەن، کە بەداخەوە لەم پرۆسەیەدا کورتی هێنابوو.

پێشنیازەکانیش بریتین لەوەی کە:
• کۆمسیۆنی بالاّ زۆر بەجدی بەسەر بڕیاری درێژکردنەوەکەیدا بچێتەوە.
• سنوورێکی دیار لە نێوان خۆیی و دەسەلاتی کوردیدا بۆ بەرپرسیارێتی لە پێشێلکارییەکان بکێشێت.
• لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ ئەو بڕیار بەدەستو ئەو کەسە سەرەکیانەدا بکرێت کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە زڕاندنی نـاوو پیرۆزیی ئـەم پرۆسە بـەهـادارە بەرپرسیارن.
• سـوود لـە ئـەزمـوونـەکـانـی ئەم پرۆسەیە بە خاڵە ئیجابیو سلبییەکانییەوە وەربگرێتو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا سوودیان لێوەربگرێت.
• هـەر لـە سـەرەتـاوە، کۆمسیۆنی بـالاّ باشتر لـە پێداویستییە گشتیو تایبەتییەکان بچێتە پێشەوەو دابینیان بکات. بەشداریپێکردنی نووسەرانو تەکنیکانی کۆمپیوتەرو بە سەلیقە لایەنە سلبییەکان کەمتر دەکاتەوە.

رێکخراوی کانگا
(٢٠٠٩/٧/٢٨)

لیستێک لە لیستەکان، لە چەندین مەڵبەندی هەڵبژاردن، لەناو هەولێرو لە دەرەوەیدا، بە نارەوا، دەنگی کەسانی دیکە یان هی بۆشیان بۆ خۆیان بردووە

پاساو هێنانەوەی هۆکاری گەرما بۆ نەهاتنی دەنگدەران نادروستە. نەهاتنی دەنگدەر دەچێتە خانەی بەرپرسیارێتی خودی دەنگدەرەوە، نەک کۆمسیۆنی بالاّ

ئەم پێشێلکارییانە تۆماری رێژەیەکی سەدی باشی بۆ ئەو لایەنە بەدەمەوە بوو، کە پێی هەستا، کە لیستی دەسەلاّتەو ئاکامەکانی لە بنەڕەتەوە بۆ بەرژەوەندیی ئەو گۆڕیوە

لە دهۆکەوە بۆ هەولێر، چیرۆکی هـــ

راپۆرتی ڕێکخراوی کانگا، تـایبەت بـــ



١) ســەرەتا:

ڕێکخراوی کـــانـــگا، لەڕێی ئەم خۆبەخشە بـەڕێـزانـەی خـــوارەوە، بە سیفەتی پۆستی چاودێری نێودەوڵەتی بەشداریی لە پرۆسەی چاودێری دەنگدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی عێراقو پۆستی سەرۆکی هەرێمەکەدا لە (٢٣)و (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا کرد:

١) عەدنان شاسوار
٢) سەردار ئەمین
٣) پێشەوا بابان
٤) زاگرۆس محەمەد
٥) خالید ڕێبوار
٦) هاوڕێ جاف

ئەم ڕاپۆرتە خەرمانەی سەردانی (٥٥) مەڵبەندی هەڵبژاردنە لەناو شاری سلێمانیو هەولێرو دهۆکو هەندێ لە شارۆچکەکانی دەوروبەریانە.

یەکەمینو دواترین مەبەستی ئێمە لە بەشداریی لەم پرۆسەیەداو لە نووسینی ئەم ڕاپۆرتە بۆ ئەوەیە هەڵبژاردن وەک کۆڵەکەیەکی بنیادنانی کۆمەڵگەی شارستانی لەم دەڤەردا جێ پێی قاییم بێتو نەوەی نوێیە، کە ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوەکەمانن لە چەسپاندنی ئەم بەها پیرۆزانە سوودمەند بن. ئێمە زۆر هەوڵماندا وە تەواو ئەمین بین لە زانیارییەکانمانو وردبین لە دارشتنی ڕاپۆرتەکەدا، ئەگەر مەبەستێکمان دروست نەپێکابێت، هەر لە سەرەتاوە داوای لێبووردن دەکەین.

٢) ناتەواوی هەندێ لایەنی تەکنیکی: کە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

• هەندێ لە پێداویستییە تایبەتییەکانی دەنگدەری کورد فەرامۆش کرابوو، لەوانە چـاپ نەکردنی تایتڵی پۆستەکانی ناو وێستگەکان، چاپ نەکردنی لەوحەی لیستە ڕکابەرەکانو هی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم بە قەوارەیەکی گەورەی وا کە دەنگدەر بە ئاسانی بیانخوێنێتەوەو لەسەریان دەنگ بدات.

• ئەگەرچی دەنگدەران کورد بوون، بەڵام وا دیاربوو کە ئەم تایبەتمەندییە لەلایەن کۆمسیۆنی بااڵوە بە هەند وەرنەگیرابێت، چونکە لە سەرجەم ئەو بنکەو وێستگەیانەی سەردانمان کردن نووسینێکی چاپکراوی کوردی هاوبەشمان نەدی کە ڕاڤە لە کاری کۆمسیۆن بکات،لەم ڕووەوە ئەگەر کارێکیش کرابێت، ئەوە لەسەر پەیبردنی شەخسی کارمەندانی ناو مەڵبەندو وێستگەکان بوون.

• لە بانگەشەو پڕوپاگەندەو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی بـاڵادا نووسین، بابەت یان دۆکیۆمێنت دەبینێت کە هەڵەو کەموکورتییان تێدایە، کە پەیوەندییان بە دارشتنو فۆنتەکانو لایەنی کۆمپیوتەرییەوە هەیە. ئەم هەڵانە لە توانای تێگەیشتنی دەنگدەری کورد لە مەڕ پرۆسەکە کەم دەکەنەوە.

٣) ڕۆڵـی چـاودێـری قـەوارە سیاسییەکان: لە هەموو ئەو وێستگەیانەی سەردانمان کردن، ڕۆڵی چاودێری قەوارە سیاسییەکان بۆش کرابووەوە بەوەی پێیان وتبوون کە: نابێت لە شوێنەکانی خۆیان بجوڵێن، لە کاتێکدا ئەم چاودێرانە بێ ئەوەی بگاتە حاڵەتی دەستێوەردان دەتوانن لە دوورییەکی گونجاوەوە ئەرکی چاودێرییەکە بگەیەنن بێ ئەوەی پرۆسەی دەنگدانەکە بشێوێنن. قەتیسکردنی چاودێرەکان لە شوێنەکانیاندا ڕێی پێ نەدەدان تا ئەرکەکانی خۆیان بە دروستی ببینن، لەوانە دڵنیابوون لە جووتبوونی ناسنامە لەگەڵ کەسایەتی دەنگدەرەکەدا. ئەمە ڕێی دەدا بە تێپەڕبوونی ئەو کەسانەی ناسنامەی دروستیان پێ نەبوو. بە سوود وەرگرتن لەم حاڵەتە ناموێیە، لیستێک لە لیستەکان لە چەندین مەڵبەندی هەڵبژاردن لەناو هەولێرو لە دەرەوەیدا بە ناڕەوا دەنگی کەسانی دیکە یان هی بۆشیان بۆ خۆیان بردووە.

٤) دریژکردنەوەی لە ناکـاوی مـاوەی دەنگدانەکە: بەڵای ئێمەوە، ئەم یەک سەعات دریژکردنەوەیە جێی گومانو نا ئاسوودەییەکی زۆرە تا ئەو ئەندازەیەی جورئەت بکەین کە مصداقییەتو بێلایەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی پێ بخەینە ژێر پرسیارێکی جدییەوە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

• قـەرەبـاڵـغـیو جەنجاڵی بەسەر مەڵبەندەکانەوەو بەسەر ئەو مەڵبەندانەشەوە نەبووە کە هاوپێشەکانمانو چاودێرەکانی ئێمەی لێ بوون. ئێمە هۆیەکی لۆژیکی بۆ ئەم دریژکردنەوەیە نابینین. پێدەچێت ئەم دریژکردنەوەیە هۆی دیکەی لەپشتەوە بێت، کە دەچنە ژێر خانەی بەرژەوەندی دەرەکییەوە، نەک هی دەنگدەر وەک لە خاڵەکانی داهاتوودا تێبینی دەکەین.

• ژمارەی مەڵبەندەکانی دەنگدان کافی بوون بۆ ئـەوەی دەنگدەران لە هەر سێ پارێزگاو شارو شارۆچکەکەنیاندا سەردانیان بکەنو لە وادەی خۆیدا دەنگ بدەن.

• پاساو هێنانەوەی هۆکاری گەرما بۆ نەهاتنی دەنگدەران نادروستە. نەهاتنی دەنگدەر دەچێتە خانەی بەرپرسیارێتی خودی دەنگدەرەوە نەک کۆمسیۆنی باڵا. وا دەردەکـــەوێ کە کۆمسیۆن لە کاتی دارشتنی نەخشەی گشتیی پرۆسەکەدا ئەم هەڵومەرجەی لەبەرچاو گرتووەو ماوەی کاتژمێری (٨)ی بەیانی بۆ (٦)ی ئێوارە کافی بووەو زیادکردنی سەعاتەکە هیچ پێویست نەبووە.

• دیاردەیەک زۆر سەرسامی کردون ئەویش ئەوەیە: لە کاتێکدا پرۆسەی دەنگدان بە هێمنی بەرەو کۆتایی دەچوو، دەنگدەران کـەمو کەمتر دەبـوونـەوە، کەچی لەگەڵ ناوهێنانی دریژکردنەوەکەدا، وروژمـی دەنگدەر لە ژمارەیەک لە بنکەکاندا دراماتیکی زیادی کرد. گریمان کۆمسیۆنی باڵا بنکەکانی ئاگادارکردووەتەوە، ئەی کێ ئەو هەموو دەنگدەرانەی ئاگادارکردووەتەوە. سەیرە!!، دەنگدەرانێک خۆیان بە دڵسۆزی مافەکانی خۆیان بزانن بە دریژایی ڕۆژەکە دەرفەتی هاتن نەدۆزنەوە کەچی لە دەرەوەی کاتەکەدا «الوقت الضائع» دا وا بە هەڵپەبن!؟

• شـێـوازی ئەنجامدانی دەنگدانەکە لە سەعاتە کۆتاییەکاندا هێندە خەستو فراوان بوو، کە بە دیاردەیەکی داسەپاندن لێی بروانیو هەست بەوە بکەیت کە ئەم پێشێلکارییە، بە هەر نرخێک بێت، دەبێت بکرێت. ڕێـژەی دەنگدان بە دڵی لیستی کوردستانی نەبووەو حاڵەتی ترسێکی لای بڕیاردەرانی ئەم لیستە دروست کردووە بە پێشێلکارییەکی لەو جۆرە نەبێت، بە کەم شتی دیکە دەڕەوێتەوە!

• لەگەڵ چەندین تەحەفوزدا، پرۆسەکە تا نزیکەی (٤)ی پاش نیوەڕۆ بە ئاسایی دەڕۆیشت. دوا سەعاتی دەنگدانەکەو ئەو یەک سەعاتەی خرایە سەری دەروازەی پێشێلکاریی دەنگدانی ساختەی خستە سەرپشت. لەوە دەچوو کە نێوانی (٤-٦) کافی نەبێت بۆ گەیشتن بە مەرامی پێشێلکاران هەر بۆیە ئەو سەعاتە زیادەیەشی خرایە سەر!

ئەمانە بۆ ئەم لێکدانەوانەی خوارەوەمان دەبەن:

• دەستێوەردانێک ڕوویداوە لە ئاکامی جـۆرە هاوکارییەک لـە نـێـوان هەموو کۆمسیۆنی باڵا یان بەشێکیانو لەگەڵ لیستی سوودمەند لە دریژکردنەوەکە. شیکردنەوە مەیدانییەکان لە هەولێر، بوونی لقو ناوچەکانی پارتی، هێزە چەکدارە جیاجیاکانی دەسەڵاتو شارو شوێنی خروقاتەکان بۆ ئەوەمان دەبەن کە بڵێین: ئەم دریژکردنەوەیە بۆ بەرژەوەندی لیستەکەی دەسەڵات (لیستی کوردستانی)و بۆ کاندیداکەیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم خراوەتە گەڕ.

• ئاکامی ئـەم پێشێلکارییە ئەوەیە، ژمارەیەکی باش لە کاندیدەکانی لیستی دەسەڵاتلەسەرکورسییەکانی‌کابەرەکانیان لە پەرلەمانی داهاتوودا دادەنیشن. ئەم بەناو ئەندامانە نوێنەری دەنگو ویژدانی خەڵک نینو نیشانەی پرسیار لەسەر شەرعییەتی ئەم ئەندامانە هەیە.

• ئەزموونێکی مەزنی وا ئەگەر بە پێشێلکاریی سەعاتە کۆتاکانی پرۆسەکە ئەتک نەکرابا، دەکرا بە خاڵێکی وەرچەرخانی گـەورە لە بۆ شارستانیکردنی کۆمەڵی کـوردەواریو دەڤەرەکە سەیر بکرابا! بێ شک ئەم ئەزموونە دەبووە نموونەو دەکرا چاوی لێبکرێت.

• ئەو دوو لایەنەی لەم لەکەدار کردنە بەرپرسیارن بریتین لە کۆمسیۆنی باڵاو دەسەڵاتدارانی‌ئەوناوچانەی‌کەپێشێلکارییان تێدا کـراوە. هۆکاری پێشێلکارییەکان جیان، بەڵای دەسەڵاتەوە بۆ ئەوەیە کە خۆیو لیستەکەی لە کەوتن بپارێزێو گەر بۆشی بلوێ (کە بۆی لوا) سەرکەوتن بە جیاوازییەکی زۆر بەدەستبهێنێ. کۆمسیۆن لەبەردەم ئیلتزاماتێکی مۆرااڵی گەورەدایە تا وەڵامی دەوری خۆی لەم پێشێلکارییەدا بداتەوەو ئەو هەلومەرجانە باس بکات کە پاڵی پێوەناوە ڕێ لەم ئاکامە نەگرێت؟

٥) تـــۆمـــاری ســـەردانـــی بنکەکانی هەڵبژاردن:

١. بنکەی ناوەندی کوردستان لە هەولێر: (٢٠٠٩/٧/٢٣) کاتژمێر (١٠:٣٠) بەیانیو دوای نیوەڕۆ.

• ڕێساکانی ســاغو سەلامەتی لە وێستگەکانی ئەم مەڵبەندەدا ڕەچاو نەکرابوو. وێستگەکان زۆر گەرم بوون، دانەیەکیان نەبێت لەبەرئەوەی یەکێک لە کارمەندەکانی ناو وێستگەکە موبریدەکەی ماڵی خۆی هێنابوو!

• ڕێکخستن لە چوونە ژوورەوەدا نەمابوو، ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسەکانی هاتوچۆ ڕژابوونە ناو ژوورەکانو بەسەر میزو لە چـــواردەوری خڕبوونەوە بە ئەندازەیەک کارەکە وەستابوو نەدەڕۆیشتە پێشەوە.

• دوو لە چاودێرەکانی ئێمە ئاگایان لەو خروقاتە بوو کە ڕێکخراوێکی سویدی دۆزییەوە.

٢. بنکەی هەتاو لە هەولێر: (٢٠٠٩/٧/٢٥) کاتژمێر (٢:٤٠)ی پاش نیوەڕۆ.

• ئاسایش بـەردەمـی مەڵبەندەکەی گرتبوو، بۆ خۆم پێم سەیر بوو لە ناکاو کەسێک هاتە بەردەممو ناشارستانییانە وتی: بۆ کوێ؟ کەزانی چاودێری نێودەوڵەتیم هەڵوێستەیەکی کردو پاشەکشەی کرد.

• لە دەروازەی دەرەوەی بنکەکەدا، لە کاتی چوونە ژوورەوەمدا، پیاوێکی بە تەمەن، بە هەڵەداوان بەلامدا خۆی کرد بە بنکەکەدا، پۆلیسەکەی دەرەوە ئەوی نەپشکنی، چونکە وتی کە سەر بە جەماعەتەو داوایان کردووە. کاتێک لە پۆلیسەکەم پرسی: بۆ ناپشکنی؟ وتی: جەماعەتی خۆمانە، وتم: جەماعەتی خۆتان کێیە؟ ئینجا وتم: پشکنین هەموو کەسێک دەگرێتەوە، کەچی ناڕاستگۆیانە پێی وتم کە ئەوی پشکنیوە.

•ژمارەیەکی‌لەبەرچاولەدەنگدەرانم‌بینی، هەندێکیان هاتنە لامو سکاڵایان لە نەبوونی ناویان دەکرد. تیایاندا هەبوو، دەیوت کە ناوەکەی لەسەر دیوارەکەی دەرەوەدا هەیە، کەچی لەناو سجلەکانی نێو وێستگەکاندا نییە! ئەم خەڵکانە بە بەردەوامی لە بەڕێوەبەری سەنتەرەکە دەئاڵان کە ئەویش دەستەوسان بوو لە ئاست چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا! سکاڵای ئەم دەنگدەرانە لە ناخەوە بوو، زۆر خەفەتیان دەخوارد، لە حاڵەتێکدا پیرێژنێک لە بەردەمی مندا گریا لەبەر ئەوەی لە دەنگدان بێبەشیان کـردبـوو. لە هەموو جـۆرێ دەنگدەر یان ئەندامانی خێزانم بینی کە زووبر دەبوونو تووڕە دەبوونو بێزاریی خۆیان لە بەجێهێشتنی مەڵبەندی دەنگدانەکەدا دەردەبڕی (چەند ناوێکم بۆ نموونە تۆمار کردووە).

• دیاردەیەکی دیکە کە ئەم دەنگدەرانەی ماندوو بێزار کردبوو، ئەو حەوالە بە گەوالێیە بوو کە بەرامبەریان دەکرا. چەندین حاڵەت سکاڵایان لەوە بوو کە بەڕێوەبەری ئەم مەڵبەند بۆ مەڵبەندەکانی دیکەیان دەنێرن لە کاتێکدا خۆیان لەوانەوە هاتوونو ناویان نەبووە! جێی داخە دوا وەاڵمێک کە بەمانە دەدرا ئەوە بوو کە: ناویان نییەو مافی دەنگدانیان نییە!

• لەکاتێکدا نەدەبوو چاودێر بجوڵێت، چاودێرێکی لیستی کوردستانی، بە ئـارەزووی خۆی لە نێوان وێستگەکاندا تەراتێنی دەکرد؟ ئەم لیستە لە وێستگەیەکدا دوو چاودێری هەبوو!

• لەکاتێکدا سەرقاڵی تۆمارکردنی تێبینییەکانم بووم، چاودێرێکی سەر بە لیستی کوردستانی بەسەرمەوە بوو دەیویست بزانێت چی دەنووسم، کاتێ پێموت کە ئەم کارەی من تایبەتمەندی خۆی هەیەو بۆچی سەیرم دەکەیت، ئەو تێکچوو بێدەنگ بوو!

• یەکێک لە بەڕێوەبەری وێستگەکان کە ترسا ناوی بهێنم ئـەوەی درکاند کە پەیتا پەیتا خەڵک دێنو لە مەڵبەندەکەدا بوارێ دەنگدانیان بۆ دەدۆزرێتەوە. ئەمە حاڵەتی هاتنی پیاوە تەمەندارەکەی سەرەوە دەسەلمێنێ کە سـەر بە جەماعەتەو ئاسانکاریی دەنگدان، دەنگدانەوەو بگرە چەند بارە دەنگدانەوەی بۆ دەکرێت!

ئێزدییەکان پێویستیان بە گۆڕانە



شەش لق و مەڵبەند لە ناوچەی ئێزدیەکانن جگە لە چەندین کۆمیتەو سەنتەری رۆشنبیریی، جگە لە کاری حیزبی تەسک هیچ کارێکی خزمەتگوزاری یان ستراتیژی لەو ناوچانەدا نەکراوە.. هیچ کەسێک مافی دامەزراندنی نییە ئەگەر بە تەزکییەی پارتی نەبێت، یەکێتی هیچ رۆڵێکی نییە بە تایبەت لە شنگال.. حکومەتیش هەر پارتییە رۆڵی قایمقام و شارەوانی نییە، حیزب و حکومەت یەکە.. بە هەزاران کەسی دەرچووی پەیمانگاو زانکۆ هەیە بەنیازی دامەزراندنن، بەڵام دەبێت مەرجی یەکەم پارتی بێت بۆ ئەوەی بە عەقد یان دامەزراندن کاربکەیت. خەڵک زۆر نیگەرانەو گۆڕانە لە سەرجەم بارودۆخەکە



بە پێویستی دەزانم هەموو دۆست و لایەنگری گۆڕان بن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە جڤاک و ئایینی ئێزدی تیرۆرنەکرێت و بچێنە قۆناغی هاوڵاتی پلە یەک لە هەرێمی کوردستاندا. بە کاریگەریی تەواو بەشداریی لە دەزگا حکومییەکانی کوردستان و عێراق بکەن، گۆڕان کیانێکی سیاسی کاریگەرە لەناو جەماوەری کوردستاندا، گروپێکی کاریگەرن بە بەرنامە کاردەکەن بۆ ئەوەی لەڕێگەی هەڵبژاردندا بەشێوازێکی دیموکراسی دەسەڵات بگرنەدەست و نوێنەرایەتی خەڵک بکەن، لە پەرلەمان و ئەنجومەنەکانی نیابی لە کوردستان و عێراق

خەیری شنگالی

بەهۆی لاپەڕە خوێناوییەکانی مێژووی جڤاکی ئێزدی، تاکەکان ناوێرن سەیری لاپەڕەکان بکەن، بۆیە هەمیشە لەناو قومقومەدا خیۆیان لولداون و هەر رووداوێک پۆزەتێڤ یان نێگەتیڤ بێت خۆیان لێ دوورەدەخەونو دەڵێن «م چڕیە»واتە حەقم چییە؟ هەفتاو دوو فەرمانی عوسمانی لە سااڵنی (١٥١٤–١٩١٩) لەبیرو مێشکیاندا بە ویراسە هاتووەو سەقامگیربووەو ئاسان نییە ئاشتبینو تێکەڵ بە کۆمەڵگەی کوردەواری ببن ئەگەر لە گشت بوارەکاندا قەرەبوو نەکرێنەوە.

تەنیا لە سەردەمی عوسمانیداو بە هاوکاری میرەکانی کورد زیاتر لە یەک ملیۆنو پێنجسەد هەزار ئێزدی بێتاوان کوژران.. تاوانەکەیان تەنیا پەیڕەوی ئاینێکی کوردیان دەکردو بەو ئایینە خواپەرستیان دەکردن، تەنیا لە شەڕی میری کۆرەدا (میرمحەمەدی رەواندزی) نزیکەی سەدوو سیو پێنج هەزار ئێزدی کوژرانو دە هەزار بەدیلی هێناون بۆ رەواندزو هەموویان بە زەبری شمشێر ئایینەکەیان گۆڕین بۆ مسولمان.

لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئەمڕۆ ئێزدیەکان دەنااڵێنن لەژێر چەتری دەسەاڵتداران داودی داود لە سااڵنی (١٩٢٥ـ ١٩٣٦) شۆڕشی کرد لە شاخی شنگال دژ بە داگیرکەرانی ئینگلیزو حکومەتی عێراق لە شەڕی یەکەمدا دوو فڕۆکەی جەنگیو سێ ئەفسەری ئینگلیز سوتانو لە شەڕی دووەمدا زیاتر لە سەد سەربازو ئەفسەر کوژران، دوای کشانەوەی داودی داود بۆ سوریا نزیکەی (٣٨٩) کەس دەستگیرکرانو سزادران بە سزای جۆراوجۆر لە سێدارەدران بەرەو خوار.

تەعریبیش کرداری نوێ نییە لە ناوچەکانی ئێزدیاندا، لە سااڵی (٦٣٧)ک لە قۆناغی داگیرکرنی کوردستان ناوچەی شنگال لەاڵیەن (عوض بن غنم)ەوە داگیرکراو قەتلو عامێکی ئێزدیان کردو هۆزە عەرەبەکانیش هێناون بۆ جزیرەی شنگال بە مەبەستی تەعریبکردنی ناوچەکەو داگیرکردنی مووڵکو زەوییەکانی خەڵک، سەختترین قۆناغی تەعریبو بەشێوازی جۆراوجۆر لەدوای سەرکەوتنی سەربازیی بەعس هاتووە هەر لە سااڵی (١٩٦٩) زیاتر لە بیست گوندی ئێزدیان لە ناوچەی شنگال نزیک سنووری سوریا راگوێزران بە بیانووی پشتێنەی ئەمنی، لە سالی (١٩٧٥) زیاتر لە (١٥٩) گوندی ئێزدیەکانی شنگال لە شاخو بنارەکانی راگوێزران و لە ئۆردوگای زۆرملێ نیشتەجێکران و ناوە کوردییەکانی ئۆردوگاکان گۆڕان بۆ وشەکانی میژووی ئیسلامو بەعس، بۆ نموونە ئەمە ناوی گوندەکانە (خانە سۆر= التأميم) (سنونێ= الشمال) (دوو کورێ= حطين) (دوهۆلێ= القادسية) (بۆرک= اليرموك) (گۆهبەل= الندلس) (زۆراڤا= العروبة) (سیباشێخدرێ= الجزيرە) (گوندێ عزێر= القحطانية)... هتد.

هەروەها راگواستنو تەعریبکردنی ئێزدیەکانی ناوچەی خۆرهەاڵتی دیجلەو دهۆک لە سااڵی (١٩٨٧) دەستیپێکرد.

لە سەرژمێریی سااڵی (١٩٧٧) نەتەوەی کوردی ئێزدیەکان لەژێر فشاری پیاوانی بەعس گۆڕان بە نەتەوەی عەرەبیو پرۆسەیەکی رژێم هەبوو، ئێزدیەکانی شنگال دابەشبکەن لە ناوچەی (حضر) بۆ ئەوەی لەناو ئایینی ئیسلامو نەتەوەی عەرەبیدا بتوێنەوە،

بەاڵم سەرینەگرت بەهۆی شەڕی کوەیتو عێراقەوە، جگە لەوە زیاتر لە (١٠) هەزار ئێزدی بوونە قوربانی جەنگی عێراقو ئێران. شێواندنی نەخشەی شنگالو دابەشکردنی ئێزدیەکان بەسەر قەزای بەعاجو ناحیەی قێرەواندا گۆڕینی تەرازووی نەتەوەی کوردبووە لە قورسەوە بۆ سووک، بۆ ئەوەی ڕێژەی عەرەبەکان زۆرتربێت.

لە (٢٠٠٣/٤/٩) پەیکەری «سەدام» رووخاو هێزە کوردییەکان رووبان لە ناوچە تەعریبکراوەکان کردو ناوچەکانی ئێزدیانیش بەشێک بوون لەو پرۆسەیە. تاکی ئێزدی هەناسەی قوواڵی کێشاوەو حەمدو سەنای خوای گەورەی کردو لەو قومقومەیە دەرچوو و شنەبای ئازادی هەڵمژی لەژێر ئااڵی کوردستاندا، بەاڵم بەداخەوە هەردوو سەرکردایەتی کورد (ی.ن.ک)و (پ.د.ک) بە چاوێکی دوژمنانە ئاوڕیان لە بەرپرسە حکومیو حیزبییەکانی بەعس دایەوە، بەاڵم تائێستاش یەک پارچە زەوی ئێزدیەکان لە دەستی عەرەبەکان رزگارنەکراوە، شەش لقو مەڵبەند لە ناوچەی ئێزدیەکانن جگە لە چەندین کۆمیتەو سەنتەری رۆشنبیریی، جگە لە کاری حیزبی تەسک هیچ کارێکی خزمەتگوزاری یان ستراتیژی لەو ناوچانەدا نەکراوە.. هیچ کەسێک مافی دامەزراندنی نییە ئەگەر بە تەزکییەی پارتی نەبێت، یەکێتی هیچ رۆڵێکی نییە بە تایبەت لە شنگال.. حکومەتیش هەر پارتییە رۆڵی قایمقامو شارەوانی نییە، حیزبو حکومەت یەکە.. بە هەزاران کەسی دەرچووی پەیمانگاو زانکۆ هەیە بەنیازی دامەزراندنن، بەاڵم دەبێت مەرجی یەکەم پارتی بێت بۆ ئەوەی بە عەقد یان دامەزراندن کاربکەیت. خەڵک زۆر نیگەرانەو گۆڕانە لە گشت بوارەکاندا.

کارکردن بۆ چارەسەرکردنی هەژاریو قەیرانی بێکاری سەبارەت بە تاکو خێزان دابینکردنی ڕێژەی(٥٪) لە بودجەی هەرێم بۆیانو گرنگیدان بە نەوەی نوێو ئامادەکردنی منااڵو گەنجان لەڕووی زانستیو لەش ساغیو هونەرییەوەو گەشەپێدانی وەرزشیو دابینکردنی دەرفەتی باشی کار بۆ گەنجان لە کەرتەکانی تایبەتو گشتییو تێکەاڵودا. سەقامگیرکردنی سیستمی دادپەروەریی زەمانی تەندروستیو کۆمەاڵیەتیو خانەنشینی بۆ فەرمانبەران و هاوڵاتیانو قوربانیە زیندووەکانی جەنگو قەیرانە سیاسییەکانو کۆمەاڵیەتییەکانو ئابووریەکانو تەندروستییەکان. تەرازوکردنی راست سەبارەت بە ئاوەدانی ناوچەکانو گەشەپێدانی بەتایبەت ناوچە لێقەوماوەکانو ئەو ناوچەیانەی کە دەولەمەندن بە کانزای سروشتی، بنبڕکردنی گشت شێوازەکانی ئەشکەنجەدانی جەستەیی و سایکۆلۆژیو جیاوازی دژ بە منداڵو ژنانو ئەوانەی کە پێویستی تایبەتییان هەیە، وەک پەککەوتووەکانو ئەو کەسانەی کە فەرامۆشکراون لە کۆمەڵگەدا. دابینکردنی دەرفەتی گونجاو بۆ بازرگانانو ئەندازیارانو کاسبو کرێکارو جوتیارییانو چینو توێژە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگە بەگشتی، چاکسازیی عادیلانە لە سیستمی مووچە، لەسەر ئاستی مەدەنیو روناکبیریو ژینگە گرنگیدان بە پرۆژەکانی ڕۆشنبیریو هونەریو ڕاگەیاندنی ئازادو پارێزگاریکردن لە شوێنەوارەکانو شوێنە دێرینەکانو چاکبکرێن، گەشەپێدانی ڕۆشنبیری ئازاد لە بیرو ڕەخنەو لادانی کۆسپە یاساییەکانو فشاری حیزبیو ڕەسمی لەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو گەیاندنی زانیارییەکانو رزگارکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیو سەندیکاکانو ڕێکخراوەکان NGOو پاراستنی ژینگەو هۆشیارکردنی خەڵک بۆ ئەم مەبەستە.

* بەڕێوەبەری گشتی پێشووی کاروباری ئێزدیان لە وەزارەتی ئەوقاف.
* نووسەرو ڕۆژنامەنووس و پسپۆڕ لە کلتووری ئێزدیان.

«ماندەگرین تا ئەو کاتەی مافەکانمان دەستەبەر دەکرێن»

دووسالّە حکومەتی هەرێم پارەی زیندانیانی سیاسیی نەداوەتەوە

سەنگەر جەمال

تائێستا زیندانیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەک زیندانیانی سیاسیی ناوەڕاستو باشوور حسابیان بۆ نەکراوەو بێبەشن لەو مافو ئیمتیازاتانەی بەوان دەدرێت، هـەروەک ئەو مووچە مانگانە (٥٠٠) هەزاردیناریيەشیان نییە کە دەدرێتە زیندانییەکانی نـاوەڕاسـتو باشوور، زیندانییەکی سیاسیو ئەندام پەرلەمانێکی عێراقیش دەڵێن: «دووسالّە ئەو پارەیە دێتە هەرێم، بەلّام خوراوەو نەدراوەتە زیندانییانی سیاسی».

(٣٩٠)هەزار بۆیەک جار

دوابـەدوای خۆپیشاندانی بەشێک لە زیندانیانی سیاسییو بـەرزکـردنـەوەی (١٨) لافیتەی رەشی بێ نووسین بەڕووی حکومەتی هەرێمدا وەک نارەزاییەک، حکومەت بڕیاریدا(٣٩٠)هەزار دینار لە داهاتی وەبەرهێنان بداتە زیندانییە سیاسییەکانی سلێمانیو دهۆک.

محەمەد پشدەری، ئەندامی دەستەی داکۆکیکار لە مافی زیندانیانی سیاسیی، لەگەلّ ئەوەی باسی لە خراپی بارودۆخی زیندانیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان کرد، ئەوەی خستەڕوو کە یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردووەو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بە رەسمیی یاداشتەکەی وەرگرتووەو داوای لە حکومەتی هەرێمو حکومەتی ناوەند کردووە، بۆئەوەی تاوتوێی ئەو کێشەیە بکەن، «بەلام لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم لە بەرامبەر ئـەوەدا بڕیارێکیان دەرکـردووە بۆ پێدانی (٣٩٠)هـەزار دینار بۆ یەکجار، تەنیا بە زیندانیانی سیاسیی لە سلێمانیو دهۆک».

هـەروەک محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی لیژنەی شەهیدانو زیندانیانی سیاسیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رونیکردەوە کە یاداشتەکەی دەستەی داکۆکی لە مافی زیندانیانی بەدەستگەیشتووەو بۆ سەرۆکی پەرلەمانی بـەرزکـردووەتـەوەو وتـی: «داوامانکردووە نوێنەری حکومەتی هەرێمو نوێنەری وەزارەتی شەهیدانی کوردستانو دارایـی بەغداو دەزگـای زیندانی ساسیی لە بەغدا کۆببنەوە بۆئەوەی مەسەلەکە بەلادا بخرێت، چونکە ناکرێت ئەو زیندانییە سیاسییانە وەکو هاوڕێکانیان مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، تەنانەت لە وەزارەتی دارایی بەغداوە بودجە دیاریکراوە کە بدرێتە زیندانی سیاسی بۆ خانوو، هەقی خۆشیەتی ئەگەر زیندانی سیاسی ئەوە وەربگرێتو بەپێی یاسا دەدرێتە زیندانە سیاسییەکانی هەرێم».

مافێکی زەوتکراو

زیندانیانی سیاسیی لەوبڕوایەدان کە ئەو مووچەیەی مانگانە بۆ زیندانییە سیاسییەکانی ناوەڕستو باشووری عێراق سەرفدەکرێت، پارەکەشی دراوەتە حکومەتی هەرێم، بەلّام بۆ زیندانییان سەرفنەکراوەو «خوراوە».

محەمەد پشدەری، رەخنەی لەو بڕیارەی حکومەت گرتو پێیوایە، دەبێت بڕیار لە رێگەی یاساوە بێتو بنەمای یاسایی هەبێت لە پەرلەمان، لەبەر ڕۆشنایی ئەوە بڕیار دەربکرێت، بەلّام ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ئەو بڕیارەی داوە کە ئەو بڕە پارەیە سەرفبکرێت «بـەوەش دەردەکـەوێـت کە ئەو پارەیەی بۆ ئێمە تەرخانکراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە وەرگیراوەو لەرێگەی وەبەرهێنانەوە بەکاردێتو دەیانەوێت لە قازانجی وەبەرهێنانەوە ئەو بڕە پارەیە بدەنە زیندانیانی سیاسیی، ئەگەرنا زیندانی سیاسی کە مینحەیەک یا مووچەیەکی هەبێت چ پەیوەندییەکی بە وەبەرهێنانەوە هەیە؟، یان پارەکەی ئێمە خراوەتە وەبەرهێنانەوەو دەیانەوێت لە قازانجی ئەوەوە دەمکوتمان بکەن».

هەروەک ئیسماعیل سەعیدکە زیندانییەکی سیاسییەو کاندیدی لیستی گۆرانە، ئاماژە بە خراپی باری هەندێک لە زیندانیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکاتو پێیوایە دووسالّ زیاترە ئەو پارەیە لە بەغداوە دەدرێتە هەرێمی کوردستان، بـەلّام نـەدراوەتـە زیندانییانی سیاسییو دەڵێت: «ئەو رێژەیە بۆ کورستان نێردراوە، بەلّام خوراوە، لەکاتێکدا کە ئـەوە حەقێکی مەشروعەو مافێکی زەوتکراوی زیندانیانی سیاسیی ئێمەیە، کە چوومە پەرلەمان هەوڵدەدەم ئەو مافەیان بۆ بگەڕێنمەوە».

لای خۆشیەوە محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی لیژنەی شەهیدانو زیندانیانی سیاسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رووندەکردەوە کە ئەو پارەیە لە بودجەی (١٧٪)ی هەرێمی کوردستان نێردراوەو وتی «(١٧٪) بریتییە لە میزانییەو داهاتی عێراق کە بۆ هەر دەزگایەک دانراوە لە بەغدا، کەواتە زیندانییانی سیاسی کە (٣٥٠) ملیار دیناریان بۆ دیاریکراوە، کوردستان (١٧٪)ی ئەو بڕەی وەریگرتووە، کەواتە ئەو رێژەیە بۆ هەموو لایەنەکانەو



خۆپیشاندانێکی زیندانیانی سیاسی کوردستان

ناکرێت زیندانی سیاسی لێ بێبەری بکرێت، پێویستە هەرێم ئەو پارەیەی وەرگرتووەو نووسراومان بۆ هاتووە کە سالّی (٢٠٠٧و ٢٠٠٨)یش ئەو پارەیە دراوەتە کوردستان، جا ئەگەر بە مینحە یا بە مووچەبێت بدرێت».

محەمەد ئەحمەد، جەختی لەوەشکردەوە کە بە حکومەتی هەرێمی راگەیاندووە، ئەگەر ئەو پارەیەتان وەرنەگرتووە دەبێت وەریبربگرن، ئەگەر وەرتانگرتووە بەپێی یاساکە بیاندەنێو پێشیوایە، ئەوە مافێکی «زەوتکراوی ئەو زیندانییە سیاسییانەیە لە هەرێم، چونکە پارەکە وەرگیراوەو ناکرێت وەک زیندانیانی سیاسیی بەغدا مامەڵەیان لە گەڵدا نەکرێتو ئەگەر باشتر نەبن دەبێت وەک ئەوان بن».

هەڵوێستی تووندتر وەردەگرن

بەوتەی هەندێکیان نزیکەی (٤-٥)هەزار زیندانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە کە بەشێکیان لە بارودۆخێکی نەگونجاودانو جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە هیچ شتێکی وەکو مووچەو زەوی و پێشینەی خانووبەرە سوودمەند نەبوون.

محەمەد پشدەری ئەوەشی خستەڕوو کە لە خۆپیشاندانەکەیاندا رووی داوایان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بووە نەک هەرێم،چونکە(١٨)لافیتەی رەشی بێ نووسین دەریدەخات کە بێزارین لە دەستەبەرنەکردنی مافەکانمان، وتیشی: «ئەوەی زیندانی سیاسی بێتو لەسەر قاچاغچێتی و دزی نەگیرابێت قبوڵ ناکات حکومەتی هەرێمی کوردستان (٣٩٠)هەزار دیناری بۆ یەکجار بەخێر بداتێ، چونکە یاسای ژمارە (٤) هەیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە کۆمەڵێک ئیمتیازاتی داوە بە هەموو زیندانیانی سیاسیی عێراقو نابێت زیندانیانی سیاسیی کوردستان بەدەربن لەو بڕیارە».

پشدەریی باسی لەوەشکرد کە بەم زووانە کۆبوونەوەیەکی فراوان دەکەن، بۆ پێکهێنانی دەستەیەک کە نوێنەرایەتییان بکاتو رێگە خۆشبکات بۆ کۆنفرانسێک بۆ زیندانیانی سیاسیی، وتیشی: «ئێمە پێداگیریی دەکەین لەسەر بەدەستهێنانەوەی مافەکانی زیندانییانی سیاسی، ئەگەر بزانین ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فشارێکی زۆر نەخاتە سەر حکومەتی ناوەندو حکومەتی هەرێم بۆ پێدانی ئەو بڕە پارەیە وەک مووچەی مانگانە، بەدڵنیایەوە دەچینە ناو نووسینگەی پەرلەمانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیو ماندەگرین تا ئەو کاتەی مافەکانمان دەستەبەر دەکرێت».

بەڕێوەبەری حەجو عەمرە:

ئەوانەی تەمەنیان لە سەروو (٦٠) سالّەوەیە، تائێستا ناویان لەنێو لیستی حەجکردندا هەیە

دیارئەحمەد

وەزارەتـی حەجکردن لە سعودیە، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بۆ ئاژانسەکانی دەنگوباس رایگەیاند، بۆ ئەمسالّ تەنیا ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان (١٥-٦٠) سالّە دەتوانن فەرزی حەج بەجێ بگەیەنن، بەو پێیەی (درمی ئەنفلۆنزای بەراز) لەو وڵاتەدا هەیەو حالّەتەکەش نا ئاساییە.

ئەو وەزارەتە هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەو ئاستە تەمەنە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە منداڵو پیر بەرگری لەشیان کەمترەو زووتر دوچاری نەخۆشییەکە دەبن، بەلّام رەئوف رەزا رەحیم، بەڕێوەبەری حەجو عەمرە لە سلێمانی، کە بەڕێوەبەرێتییەکە سەر بـەوەزارەتـی ئەوقافی حکومەتی هەرێمە، دەڵێت: ئەو بڕیارەی سعودییە پرۆپاگەندەی راگەیاندنەکانەو تائێستا بەشێوەیەکی رەسمیی هیچمان بەدەست نەگەشتووە.

ڕۆژنامە: وەزارەتی حەجکردنی سعودییە رایگەیاندووە، ئەو کەسانەی تەمەنیان لە سەروو (٦٠) سالّییەوەیە، ناتوانن ئەمسالّ فەرزی حەج بەجێ بگەیەنن، ئێوە چۆن ماملەڵە لەگەڵ ئەوبڕیارەدا دەکەن؟

* تائێستا ئەو بڕیارە بڕیارێکی ڕەسمی نیە، بەبڕیارێکی ڕەسمی نەهاتووە هەر پڕوپاگەندەیە، بە هیچ شێوەیەک بە ڕەسمی پێمان رانەگەیەنراوە کە تەنیا ئەوانە دەتوانن حەج بکەن کە تەمەنیان لە (١٥)سـالّ زیاتر بێتو لە (٦٠)سالّی کەمتربێتو تائێستا ناویان لە لیستەکەدا هەیە.


رەئوف رەزا

ڕۆژنـامـە: ئەمسالّ حکومەت پارە خەرج دەکات بۆ حاجییەکانی کوردستان واتە کرێی فڕۆکەوئوتێل و مەسروفاتی خواردن؟

* بەڵێ کاتی خۆی بڕیارێک دەرچووە کە حکومەتی هەرێم بڕی (٣) ملیۆنو (٦٠٠) هەزار دینار خەرج دەکات بۆ هەر حاجیەک کە فەریزەی حەج بەجێ دەگەیەنێت، بۆ کرینی بلیتی تەیارەو سەیارەو کرێی ئوتێل لە سعودیە، واتە ئەو پارەیە بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی حاجییەکانە.

ڕۆژنامە: دوا ئەنجامی ناوی حاجییەکان چۆن بە خەڵکی ڕادەگەیەنن؟

* تیروپشکی ناوی ئـەو کەسانەی ئەمسالّ دەتوانن سەفەری حەج بکەن تەواو بووەو ڕاشمان گەیاندووە، بە (٢-٣) وەجبە دەنێردرێن، لە ناو ناوەکاندا ئەو کەسانەشی تێدایە کە سالّی رابردوو ئیحتیات بوون، ئەمسالّ دەڕۆن بـۆ حـەج، هـەروەهـا ژمارەیەکی نوێ لە هاوڵاتیان تیروپشکیان بۆکراوە، لەگەڵ ئەو کەسانەی خانەوادەی شەهیدانن هەروەها زیندانە سیاسیەکان، هەمووی کراوە بە لیستێکو ئامادەکراون.

ڕۆژنامە: چی کراوە بۆ ئەوەی ئەمسالّ وەکو سالّانی تر حاجییەکانی کوردستان دوانەکەوێو لەکاتی خۆیدا بگەیەنرێنە سعودیە؟

*ڕاستە کە سالّانی پێشوو هەندێک گەشت دواکـەوتـووە، ئـەوە شتێکی ڕۆتینییەو بەویستی هیچ کەسێک نییە، زۆرجار بەهۆی کەشوهەوا یان بەهۆی کێشەی تەکنیکی بووە، بەلّام ئەوەش تەنیا بـۆ مـاوەی ڕۆژێـک یـان دوو ڕۆژبـووە، بەلّام لەمەودوا وەزارەتـی حەجی عێراقی دوو فڕۆکەی کڕیووەو لەمسالّی حەجکردندا زیاتر کارەکان ئاسانتر دەبێتو حاجیان لەکاتی خۆیدا دەگەنە سعودیە.



(٧٠٠) سکالاّ

ژمارەیەکی پێوانەیی لە ساختەکاریی‌و دزیکردن لە دەنگی خەڵک

مەریوان عەلی*

هەڵبژاردن جگە لەوەی داڕشتنەوەی پایە سەرەکییەکانی دەسەڵاتە، بە دڵنیاییەوە دیکەدا بڕیتییە لە بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی سیاسی، بڕیتییە لە ڕاڤەکاری ئیرادەی تاک لە پرۆسەیەکی دەستەجەمعی سیاسیدا، هەڵبژاردن هەموو دیموکراسی نییە، بەڵام دیموکراسیش پەبێ هەڵبژاردن بێمانا دەمێنێتەوە، کە دەڵێین هەڵبژاردن هەموو دیموکراسی نییە، بەداخەوە ساتەکانی هەڵبژاردن‌و دوای هەڵبژاردن گەواهی ئەو ڕاستیەن، کە دیموکراسی تەنیا لە هەڵبژاردندا کورت ناکرێتەوە، چونکە ئەو هەموو ساختەکاریی‌و دزی‌و فرتوفێڵەی لە هەڵبژاردنەکاندا ڕوویدا هەزار فرسەخ لە دیموکراسییەتەوە دوورە، پەلامارەدانی بارەگاکانی ئۆپۆزسیۆن‌و بەرد بارانکردنی بنکەکانیان کفری گەورەیە لە سیستمی دیموکراسیدا.

لە جەوهەردا ئەم دوو کردەوە قێزەونە (ساختەکاریی‌و هێرشکردن) کە ڕوویدا، بە باڕیکدا جێگەی داخە دوای ئەو هەموو قوربانی‌و بانگەشەیەی بۆ دیموکراسی دەکرێت ناشیرینترین ڕەفتاری نادیموکراسی پیادە بکرێت، بە باڕیکی دیکەدا جێگەی شادومانییە کە ئەم دوو کردە قێزەونە ڕووی ڕاستەقینەی هێزە دەسەڵاتدارەکانی نیشاندا، ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوە ئەم هێزانە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان نە لە ناوخۆداو نە لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردەواریدا دیموکراسی نەبوون‌و نابن.

هەڵبژاردن ئومێدی گۆڕانی هێنابووە گـۆڕێ، ئەم ئومێدە لێوانلێوە لە ترس‌و دڵەڕاوکێی زلحیزبەکانی کوردستان لەو دۆخەی کە چاوەڕوانی دەکەن.

(٧٠٠) سکالاّ لەسەر ساختەکاریی هەڵبژاردنەکان، بێ هیچ دوودڵییەک ئەوە نیشاندەدات، کە لیستی گـۆڕان ئەنجامی بەبەنەوە ئەوا لە دیموکراسیدا نەک ناتوانن بێنە کایەکەوە، بەڵکو ئیفلاستانکردووە، ئەگەر (٧٠٠) سکالاّ وا لە سەرانی دوو زلحیزبەکە نەکات بەخۆیاندا بچنەوە، ئەوا بێگومان ئێمە لە لێواری مۆدیلێکی دەسەڵاتداین کە بە ڕووکەش دیموکراسی‌و بە جەوهەر فاشیزم‌و توتالیتاری، (٧٠٠) سکالاّ ژمارەیەکی گەورەیە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە دۆخێک کە بە جەرگبڕانەی بەدەستهێناوە، (٧٠٠) سکالاّ ئەگەر هەریەکەیان گوزارشت لە چەندین ساختەکاریی بکات، ئایا دەسەڵات لە ترۆپکی خۆیدا دەمایەوە، (٧٠٠) سکالاّ دەنگێکی نوێیە دەخرێتە سەر دەنگەکانی گۆڕان، ڕاستییەکەی ئەو (٧٠٠) سکالاّیە بە دەسەڵاتداران دەڵێت: ئەگەر ئێوە بە لولەی تفەنگ بتوانن شەڕێک سەرپۆشی ساختەکاریی داپۆشراوە.

بیهێنەرە بەرچاوی خۆت ئەگەر دەسەڵات قایل نەبێت بەوەی هاوڵاتی دەنگ بە چ لیستێک بدات، ئەگەر فەرمانبەرو پیاوانی ئاسایش‌و پۆلیس‌و پێشمەرگە شوێنەکانی دیکەیش لەسەر ئەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، کە دەنگیان نەدابێت بە لیستی دەسەڵاتداران، جگە لە تۆتالیتاری چ مانایەکی دیکە بۆ ئەم دۆخە دەمێنێتەوە؟ بێشک دۆخێکی لەم چەشنە هیچ ڕایەڵێک بە دیموکراسییەتەوە نایبەستێتەوە، هەربۆیە هەموو قسەکردنێکیش لەسەر دیموکراسی جگە لەوەی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام بە دیوێکیتریشدا ئەرکە دیموکراسییەکانیش دەیان جار قورستر و بارگرانتر دەکات.

(٧٠٠) سکالاّ لەسەر پرۆسەی دەنگدان ئاماژەیە بۆ دۆخێکی ترسناکاوی کە تیادا کاری ساختەکاریی ڕەنگدانەوەی واقیعێکی ساختە دەبێت، ساختەیە تۆ بێیت‌و بڵێیت ئەم دۆخەی ئێمەی تێدایە دۆخێکی دیموکراسی‌و ئازادی ئازادانەیە، ئاخر کامەیە دیموکراسی‌و ئازادی لە کاتێکدا دزی لە مافی بەشداریکردنی سیاسی خەڵک بکرێ، ئێمە دەزانین گەندەڵی بە قوواڵی بەناو سیستمی کارگێڕی‌و ئابووری‌و سیاسی ئێمەدا چووەتە خوارێ، بەڵام کە دێین تەماشای واقیعەکە دەکەین دەبینین، ئەم ئەزموون‌و خێبرە زۆرەی دزیکردن لە سامانی گشتی، داچۆڕیوەتە خوارەوە بۆ دزیکردن لە تاک بە تاکی هاوڵاتیان، لە ڕێگەی دزینی دەنگەکانیانەوە، کۆی ئەم دۆخە تازەیە هیچی کەمتر نییە لە ئەزموونی قێزەونی شەڕی ناوخۆ تالانبردنی سامانی ئەم میللەتە.

(٧٠٠) سکالاّ پێویستی بەوەیە بە قوواڵی بەناو ئەو ئەزموونەدا بچینەوە کە پێیدەوترێت ئەزموونی حوکمڕانی کوردی، (٧٠٠) سکالاّ ڕامانەگرێت بەرامبەر سێبەری ترسێک کە بێشەرم مافی ئەوە بەخۆی دەبەخشێت ملهوڕانە بەناوی دیموکراسییەوە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، لە ڕاستیدا سکالاّکان بە دیوێکیتردا بڕیتییە لەو تێکچوونەی کە لە سروشتی سیستمی دیموکراسیدا ڕوو دەدات، ئەم حاڵەتە جگە لەوەی بڕیتییە لە نائومێدی بەرامبەر بەوەی دیموکراسی بتوانێت گۆڕانی ڕیشەیی بخوڵقێنێت، بەڵام لە جەوهەردا ئەوە نیشاندەدات، کە چیتر دەسەڵاتداران ناتوانن لە ڕێگەی دیموکراسی‌و دەنگی خەڵکەوە لەسەر کورسی فەرمانڕەوایەتیکردن بمێننەوە.

* سەرنووسەری ڕۆشنگەری نەرویج/ ئۆسلۆ

(٧٠٠) سکالاّ پێویستی بەوەیە بە قوواڵی بەناو ئەو ئەزموونەدا بچینەوە کە پێیدەوترێت ئەزموونی حوکمڕانی کوردی



یەکێتی لەنێوان مەرگ‌و تەسلیمبوونەوەدا

سۆران عەبدوڵڵا

گەرچی مێژووی دروستبوونی هێند کۆن نییە، بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستان‌و ناوچەکەو جیهان، بەڵام سلێمانی توانیویەتی خۆی وەک پایتەختی ڕۆشنبیری کوردستان بناسێنێت‌و بیسەلمێنێت لە ڕووی فەرهەنگی‌و کلتوورییەوە، بەهەمان شێوەش لە ڕووی شۆڕش‌و فیداکاریی‌و سیاسییەوە نازناوی (شاری هەڵمەت‌و قوربانی) پێبەخشراوە. هەڵمەتەکانی ئەم شارە لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفیدو ئەیلول‌و شۆڕشی نوێدا گـورزی کاریگەریان لە ئینگلیزو ڕژێمە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق وەشاندووە، هەروەها بۆردومانکردنی بە ناپاڵم لەلایەن بەریتانیاو باراندنی ڕێژنەی گوللە بەسەر جەماوەری نەبەزیوی ئەم شارەدا لە خۆپیشاندانەکانی سەرادا‌و ئەنفالکردنی گەرمیان‌و بۆردومانکردنی هەڵەبجە بەچەکی کیمیایی‌و خاپوورکردنی قەڵادزێ بەشێکی کەمن لە قوربانییەکانی.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لێرەوە دامەزراو ڕەگـو ڕیشەی داکوتی‌و گەیشتە ئاستێک کە وەک هێزێکی سەرەکی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان‌و عێراق ئەژمار بکرێ‌و کاریگەریی لەسەر سیاسەتی ئیقلیمیش هەبێت.

دۆڕاندنی لیستی کوردستانی (یەکێتی‌و پارتی)‌و بردنەوەی لیستی گۆڕان لەم پارێزگایە یەکێتی نیشتمانی کوردستانی خستە بەردەم پرسێکی چارەنووسساز، کە پرسی ژیان‌و مردنی حیزبی ناوبراوە. بۆیە دەبینین لەگەڵ جیاکردنەوەی دەنگەکان‌و دەرکەوتنی بەشێک لە ئەنجامەکان‌و دواتر ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن، سەرکردایەتی یەکێتی تووشی شۆککرد، کاریگەرییەکان بە ئەندازەیەک بەهێز بوون، کە سەرەتا بۆ ماوەی (٢) ڕۆژ تێبینی لەگۆ کەوتنی دەزگای ڕاگەیاندن‌و ماڵپەڕەکانی ئەم حیزبەمان کرد.

ئـەوەی جێی سەرسوڕمانە دووبارە کردنەوەی هەڵەکانی پێشووە، لە بارودۆخێکی وەها دژواردا کە (ی.ن.ک)ی پێدا تێدەپەڕێت کە وەک جەستەیەکی مەشلول لە گۆڕەپانەکەدا کەوتووەو خەریکە دواییین ساتەکانی ژیانی بەڕێ دەکات.

مەکتەبی سیاسی‌و سکرتێری گشتی یەکێتی کۆبوونەوەو ئۆبالی شکستەکانیان خستەوە ملی ئۆرگانەکانی خوارێ‌و جارێکی دی بڕیاری چاکسازی‌و پاکسازیان لە ڕیزەکاندا دا، بۆیە دەبینین چەندین لێپرسراو دەردەکرێن یان دەست لەکاردەکێشنەوە، لە کاتێکدا زۆربەی شیکارە سیاسییەکانی کوردستان پێیانوایە وەرەمەکە لە دەماغی پارتەکەدایە، واتە سکرتێرو مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتی.

لە بڕیارەکەشدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێت، کە لێپرسراوانی (ی.ن.ک) تەنیا لەخەمی پاراستنی پلەو دەسەلاّتەکانی خۆیان‌و هێشتنەوەی بازنەی مەکتەبی سیاسی‌و سیمبولەکانە وەک ئەوەی کە هەیە.

بەکارهێنانی ئەم پلەوپایەو دەسەلاّتانە لە ڕێڕەوە سەرەکییەکەی خۆی لایداوەو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی‌و کۆکردنەوەی سامانی مادیی‌و دارایی لەلایەن بەرپرسانەوە بەکارهاتوون، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی بڵێین: کە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) تەنیا پارێزگاری لە کورسییەکانیان دەکەن ئەویش لەپێناو پاراستنی سەروەت‌و سامانیان بە یەکجاری دەستیان لە چارەسەرکردنی یەکێتی شتووە.

لە ڕابـردوودا یەکێتی هەرگیز ڕێگـەی نـەداوە هێزی سەربازی پارتی لەناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی خۆیدا کۆبکرێنەوەو هەیمەنە دروست بکەن بۆ سەری، بەپێچەوانەوە ئێستا یەکێتی لە ئەنجامی نەمانی متمانە بە هێزە سەربازییەکانی خۆی، هێزێکی گەورەی چەکداری پارتی بۆ سلێمانی‌و دەوروبـەری دێنێت، ئەمەش سەلماندنێکی دی ئەو ڕاستییەیە کە پێشتر باسمان کرد.

لـێـرەدا پـرسـیـارێـک خـۆی دەخـاتـەڕوو، ئەویش ئەوەیە، ئایا دەسەلاّتدارانی ئێستای یەکێتی لە ئایندەدا دەتوانن پۆستەکانی خۆیان‌و بەرژەوەندییەکانیان لە چوارچێوەی حیزبێکی پـووکـاوەی بچووکدا بپارێزن؟؟ یان لە دەرگـای پارتی دەدەن‌و لە پێناو بـەرژەوەنـدی‌و مانەوەدا کۆتایی بە ناکۆکی زیاتر لەنیو سەدە دێنن‌و خۆیان دەخزێننە نێو ئۆرگانەکانی ئەو حیزبەوەو ئەوەندەی ماوەتەوە لە یەکێتی تەسلیمی پارتی دەکەنەوە؟.

ڕێگرتن لە ڕۆژنامەنووسان بۆ؟

فەرهەنگ عەبدوڵڵا

مەسەلەی بێدەنگکردنی دەنگێکی جیاواز لە میدیاکاندا هەمیشە پیشەی دەسەلاّتە دیکتاتۆرو دواکەوتووەکانە، کە پێیوایە بوونی ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ ڕەخنەگر زیـان گەیاندنە بە ئەجێندا‌کانی ئەو دەسەلاّتە، ئەوەی کە مایەی نیگەرانیشە بۆ ئێمەی ڕۆژنامەنووسان‌و سەندیکاکانی ڕۆژنامەنووسان لەو وڵاتە پشتگیریی ئەو گوتارەی دەسەلاّت دەکەن.

نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ فەراهەمکردنی بیروڕا دەربڕین‌و ڕەخنەگرتن لە دەسـەلاّت بەبێ بوونی ئەو ئازادییەش دەوڵەت پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێت‌و دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەکان ناکرێت.

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ڕاگەیاندن لە عێراق بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو وڵاتـە نەیتوانیوە کلتووری دیالۆگو لێکتێگەیشتن پەرە پێبدات‌و لە دەست تاکڕەویی ڕزگـاری بێت‌و دەسەلاّتەکان بەشێوەیەکی یەکسان دابەش بکات، ئەم حاڵەتەش هۆکارێکە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی نادیموکرات‌و پێنەگەیشتوو، کە نەتوانێت زمانی ڕەخنەو گفتوگۆو دیالۆگ پـەرە پێبدات‌و کۆمەڵگە ڕووبەڕووی‌هەمان‌ئایدیۆلۆژیاو سیاسەتەکانی ئەو ڕژێمانە دەکاتەوە کە حوکمی عێراقیان کردووە، بۆ نموونە ڕژێمی بەعس تەنیا ئازادیی کە بە ڕۆژنامەنووسانی دابوو سیاسەتی مەدح‌و سەناکردن بوو بۆ دیکتاتۆر خۆی.

بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی بەیان دەکات ئەوەیە، ئایا دەسەلاّتدارانی هەرێمی کوردستان هـەوڵـدەدەن هەمان سیاسەتی تاکڕەویانەو دیکتاتۆریانەی ڕژێمەکانی پێشوو دووبـارە بکەنەوە؟ ئەگەر ئەوە سیاسەتی قـەدەغـەکـردن‌و سەرکوتکردن نەبێت‌و هەوڵنەدەن بۆ دووبارەکردنەوەی هەمان سیاسەت، کەواتە بۆچی لە نێو هەموو پەیامنێران‌و ڕۆژنامەنووساندا تەنیا پەیامنێرانی تەلەفزیۆنی کەی ئێن ئێن‌و ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو سەتەلایتی پەیام ڕیگەیان پێنەدرا بۆ ئامادەی کۆبوونەوەکەی نێوان مالیکی‌و تالەبانی‌و بارزانی بن لە هاوینەهەواری دوکان.

دیارە ڕێگە پێنەدانی ئەو پەیامنێرانە بۆ ڕوومالکردنی کۆبوونەوەکەی دوکان هیچ بەهانەیەکی تەندروستی لە پشتەوە نییە تاوەکو شەرعییەتی پێبدرێت‌و هۆکارەکەی ڕازیکەر بێت، دیارە ئەو مامەلەو ڕەفتارەی دەسەلاّت لەگەڵ میدیای ئۆپۆزسیۆن ئەنجامیدا شاردنەوەی ئەو شکستانەی خۆیانە کە لە بڕوانەبوونیان بە پرۆسەی دیموکراسی‌و ئازادییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەو کۆبوونەوەیە تایبەت بوایە بە کۆبوونەوەیەکی حیزبی دیاریکراوەوە دەتوانرا بەهانەیەکی سیاسی بۆ دروستبکرێت، بەڵام ئەوان هەمیشە لە میدیاکانی حیزبی خۆیاندا باسی سیاسەتی لێکتر قبوڵکردن‌و ڕەخنەو بۆچوونی ئازاد دەکەن‌و ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان دەشارنەوە بگرە میدیای ئەهلی‌و ئازاد بەوەتۆمەتبار دەکەن، کەسەربەخۆنین‌و ناتوانن بێلایەنی خۆیان لەکاتی ڕوومالکردنی ڕووداو هەوالەکان بسەلمێنن‌و لە هەمان کاتیشدا لە کۆبوونەوەیەکی ڕەسمیی کە سەرۆک کۆمارو سەرۆکی حکومەتی عێراق‌و سەرۆکی هەرێم ئامادەی دەبێت ڕێگە بەو ڕۆژنامەنووسانە نادرێت بچنە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەوە، کە بەبێ هیچ بیانوویەک بۆ ماوەی شەش سەعات وەک پەیامنێری تەلەفزیۆنی کەی ئێن ئێن وتی: پێمان ڕاگەیەندرا کە ئێوە ناتوانن بکرێنە ژووڕەوە، بۆیە لەبەردەم بازگەی شوێنی حەوانەوەی تالەبانی لە هاوینەهەواری دوکان ناچار دەکرێن چاوەڕوان بکەن‌و لە وەرگرتنی زانیارییەکان بێبەشدەکرێن‌و دواتریش ڕێگەی چوونە ژووڕەوەیـان لێدەگیرێت، نەوەک لەو کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەدا پرسیارێکی موحریج لە جەنابی سەرۆکی حکومەت یان سەرۆک کۆمار یان سەرۆکی هەرێم بکرێت‌و میوانەکەمان پێی دلتەنگ بێت.

کاتژمێر بیستو پێنج!!



حەسەن ئەبوبەکر

لە رۆژی بیستو پێنجی تەممووزداو لەناو چاوەڕوانییەکی پڕ هیوای گۆڕانی چارەنووسی میللەتێکی بەجێماو لە کاروانی دیموکراتی بۆ میللەتێکی گەیشتوو بەو کاروانە پڕ لە ئاسودەیی و چاکسازی و خۆشگوزەرانی و لەناو ساتێکی وەرچەرخان لە مێژووی نەتەوەی کورددا لە نەتەوەیەکی ویست پەردەپۆشکراو بە دریژایی بوونیەوە بۆ گەلێکی خاوەن ویستو هێز لە بڕیاردان لە ئایندەی خۆی، لە دەرفەتی گەڕانەوەی متمانەی جەماوەر بە سیستمی سیاسی لەم وڵاتەدا کە بۆ ماوەیەکی زۆر دوورو درێژە ئەو متمانەیەی لەدەستداوەو هیچ بڕوای پێی نەماوەو بەشێوەیەکی دیارو بەرچاو پەیوەندی پچڕاوە لەگەڵ دەسەڵاتو رموزەکانی ئەو دەسەڵاتە، لەو ساتە وەختە هەستیارانەداو لە گەرمەی ورووژانی گەلێک کە بە کردەوە سەلماندی، کە لە ئاستێکی هۆشیاری زۆر بەرزدایەو هیچی کەمتر نییە لە گەلە پێشکەوتووەکان، ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێ و لێی زەوت نەکرێت ئەمەش بەپێچەوانەی وتەی ئەوانەوە بوو کە دەیانوت، ئەم گەلە هێشتا زۆری ماوە بۆ ئەو قۆناغەو ئامادەنییە لەڕووی هۆشیارییەوە بۆ ئەو جۆرە ژیانەو رۆژانە لە کەنالەکانیانەوە ئیهانەی عەقڵی خەڵکیان دەکردو بەو قسانە پاساویان بۆ گەندەڵی و وابەستە بوونیان بە دەسەڵاتەوەو بوار نەدانیان بە بیروڕای جیاواز دەهێنایەوە، بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیەم ئەو پەرۆشیەو ئەو بەڕەو پیرەوەچوونە کەم هاوتایە بوو بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆی و هەست بە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر گۆڕینی دیاردە قێزەونەکانی ناو کۆمەڵگەکەیدا بە بەشداریکردنی کارای لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، کە ئاماژەیەکی زۆر ڕوونە لەسەر زیندوێتی و بوێری ئەم گەلە بۆ دوژمنانی پێش دۆستانی، کە نەتەوەیەکە ویستی مانەوەو ژیانو بەرەوپێشچوونی زۆر بەهێزەو خاوەن توانایەکی بێ سنوورە لە داکۆکیکردن لە مافەکانی و زۆر ئاستەمە مل کەچ بکرێت..

بەڵام زۆر بەداخەوە دەڵێم، کە لەناو ئەو ساتە پیرۆزانەدا ناحەزانی دیموکراسی و پێشکەوتن وەک دەیدەنی هەمیشەیی خۆیان دەستیان لە ویستی جەماوەر وەرداو ڕێڕەوی سروشتی گەشتی کوردیان بەرەو دروستبوونی قەوارەیەکی بەهێز دواخستەوەو لە خێرایییەکەیان کەم کردەوە، بەو ڕەفتارە ناشیرینەی کە نواندیان لە ساختەکاریی و هەوڵی ترساندن و تۆقاندن و خنکاندنی ئارەزووی ژیان لە ناو خەڵکدا، کە هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی پرۆسەی دەنگدانەوە نیازی خراپی خۆیان نیشاندا بە هەموو شێوەیەک بۆیان گونجابێت لە هاندانی لایەنگرانیان بۆ چەندجار دەنگدان و ڕێگەنەدان بە چاودێری لایەنەکانی دیکە کە بە ئازادی بجوڵێنەوە ئەرکەکانی خۆیان بەجێبهێنن، لە زۆربەی شوێنەکان، تۆقاندنی خەڵک لە ڕێگەی کادیرانیانەوە بە بەکارهێنانی هێزی چەکدار بە خراپترین شێوە، کە دەبوایە ئەو هێزە پارێزەری خەڵک بن و بێلایەن بن لە ململانێی سیاسی ناوخۆی وڵاتدا، نەک بەکاربهێنرێن لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ پارێزگاریکردن لە مانەوەی، بەڵام لوتکەی ساختەکارییەکەیان لەوەدابوو بێ هیچ پاساوێکی پێویستو یاسایی کاتژمێرێکیان بۆ سەر وادەی دەنگدانەکە زیادکرد، ئەم کارەشیان دژە لەگەڵ سروشتی شتەکانو وەک ئەوە وایە کە بتەوێت کاتژمێرێک بخەیتە سەر کاتژمێرەکانی ڕۆژو بڵێیت شەوو ڕۆژ بیستو پێنج کاتژمێرە، کە ئەمەش پێچەوانەو هەڵخەڵەتاندنی واقیعەو نابێت بینای لەسەر بکرێت هەروەک چۆن نەدەبوایە بینا لەسەر ئەنجامی ئەو دەنگاندانە بکرێت کە لەو کاتژمێرە زیادکراوەدا ئەنجامدراوە، کۆمسیۆنی بالای نا سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەر لە سەرتاوە نەدەبوایە ئەو کارەی بکردبایە، کە هەموو ئەندامانی ئەو کۆمسیۆنە دەیانزانی مەبەست لەو دریژکردنەوەی کاتە تەنیا بۆ بوار ڕەخساندنە بۆ ساختەکاریی و ڕێگەپێدانێکی ڕوونە بەو دەسەڵاتەی کە هەستی بە دۆڕان دەکرد تاوەکو تای تەرازووی لاری خۆی ڕاست بکاتەوە لەڕێی تەزویرکردنی دەنگو ویستی جەماوەرەوە، کەواتە هەمان سیناریۆی بەرەو دوابردنی کوردو دارخستنە ناوچەرخی ڕەوڕەوەی ئەزموونە هەستیارەکەی دووبارە بووەو هەلە ڕەخساوەکانیان پوچەڵ کردەوەو نەیانهێشت سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت وەک سەدان جاری دیکەو ڕووی گەشو بێگەردی نەتەوە ستەم دیدەکەمانیان لەکەدار کرد بێ هیچ هەستکردن بەگیانی نیشتمانپەروەری کە دەبێت ئەوان پارێزەری بن وەک ئەمەکێک بۆ ئەم خاکو خەڵکە کە ئەوانی گەیاندووەتە ئاستێک لە ناوداری و دەوڵەمەندی کە بڕوایان بە هیچ نەماوەو خێرو بێری ئەم وڵاتە تائێستا ئەوان تاکە سوودمەند بوونە لێی.

ئەوەی لە (٢٥)ی تەموز ڕووید، سەرەتای بزووتنەوەی میللەتێکەو بە هیچ هێزێک خەفە ناکرێتو سەرەتای هەڵدێرو نەمانی هەموو ئەوگەندەڵی و چاوبەستەیەکە تائێستا بەردەوامەو کاتژمێری سفری نەمانی ئەوان دەستپێکردووەو گەلیش بڕیاری خۆی داوە ئەگەر ساختەشی لێکرابێتو هەوڵدرابێت دەنگی نەگات وەک ویستی خۆی، بێگومانبن لەوەی کە دەنگی لەوە زۆر بەرزترە کە وێنای دەکەن هەر دەیسەپێنێت، چونکە مافی خۆیەتی و هەر بەدەستی دێنێت، تاکە دەسەڵاتی شەرعیش هەبێت هەر دەسەڵاتی گەلە.

کەمیی بەشداریکردن لە سیاسەتدا...



چیا یاسین

سیاسەت یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی شێوازی ژیانو پێکەوەبوونو سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، مەبەست لێی قەناعەتپێکردنی بەرامبەرە، یان گروپێکە، لەسەر بیروباوەڕێک کە سیاسەتمەدار قەناعەتی پێیەتی، هەروەها بریتییە لە هونەری کاری هاوبەش، پێکەوە ژیان، گفتوگۆکردن، دبلوماسیەت، لێکتێگەیشتن، هەندێکجار درۆکردنیش لەپێناو گۆڕینی بیروڕای بەرامبەر، هەروەها ئەو هونەرەیە کە مرۆڤ پەنای بۆ دەبات لەپێناو گەیشتن بە بەرژەوەندییەکی دیاریکراوی خۆی، یان گروپێک یانوڵاتێک.

سیستمی سیاسی بەڕێوەبردنی هەر وڵاتێک بە جۆرێک بەڕێوەدەچێت، واتە جۆری دەسەڵاتو حوکمڕانی ئەو وڵاتە، شێوازی سیاسەتی ئەو وڵاتە نیشاندەدات.

بەشداری سیاسی چییە؟

بە مانا بەرفراوانەکەی پریتییە لە مافی هەموو هاوڵاتییەک کە ڕۆڵێکی دیاریکراو ببینێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی، بە مانا بەرتەسکەکەشی ئەوەیە کە هاوڵاتی مافی ئەوەی هەیە کە چاودێری ئەو بڕیارانە بکات کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەردەکرێت، ئەمەش هەردوو ڕەگەزی نێرومێ دەگرێتەوە بەبێ جیاوازی.

زۆرێک لەو توێژینەوانە دەریانخستووە کە پیاوان زیاتر گرنگی بە مەسەلەی بەشداریکردن لە سیاسەتدا دەدەن لە چاو ژناندا لەسەر ئاستی جیهان، بێگومان ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، بەهۆی ئەو هەموو بەرپرسیارێتییەی کە ژن هەیەتی سەبارەت بە خێزانو ئەرکی منداڵ، جگە لە کارکردن.

لە کۆمەڵگە خۆرهەڵاتیەکاندا لە بەشداریی سیاسیدا بەشێوەیەکی گشتیی تێبینی دەکرێت:

١- پەرشوبڵاوی و ناهاوسەنگی نێوان چینو توێژەکانی کۆمەڵ کە لە بواری سیاسەتدا کاردەکەن: لێرەدا بە تەواوی درک بەو چینو توێژانە دەکرێت کە هیچ بایەخێک بە بەشداریی سیاسی نادەن لە هەردوو ڕەگەز، لە هەندێک کاتیشدا بە ڕوونی هەندێک کەس دەبینین کە بەشێوازی زیادەڕەو (موتەتەرف) لەپێناو هێنانەدی ئامانجو بەرژەوەندی خۆیان بەشداریی لە سیاسەتدا دەکەن، بەشی زۆری ئەوانە پیاون.

٢- ئەو بەشداریکردنەی کە هەیە زیاتر بەشداریی ڕووکەشانەیە، کەمتر ڕۆدەچێتە قوڵایی بابەتەکەو کەمترین دەستپێشخەریی دەکات بۆ کارامەییو دڵسۆزی سەبارەت بەو پەیامەی کە هەڵیگرتووە.

٣- لە هەندێک جێگە بەشداریکردنەکە بەشێوەیەکی ئیجباریییە، واتە خولقاندنی جەوێک کە بەشێوەیەکی ڕووکەشی پشتگیریی حکومەت بکات، ئەمەش بە زۆری لە دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکاندا باوە.

کۆمەڵگە لە ڕووی بەشداریی سیاسییەوە چەند توێژێکن:

توێژی یەکەم:

ئەو بەشداربوانەی کە مومارەسەی مافە سیاسییەکان دەکەنو گرنگی بەو ڕووداوانە دەدەن کە لە دەوروبەریان ڕوودەدەن، باوەڕیشیان بە خۆیان هەیە کە دەتوانن گۆڕانکاریی بکەن لە پرۆسەی سیاسیدا، ئەمانە پێیاندەوترێت چالاکوانی بواری سیاسی.

توێژی دووەم:

ئەوانە دەگرێتەوە کە بایەخ دەدەن بە بەدواداچوونو بەشداریان هەیە لە پانتاییەکی بەر تەسکی وەک دەنگدان، هەروەها گفتوگۆ دەکەن لەسەر ڕووداوە گشتییەکانو پێشکەوتنە سیاسییەکان، پانتایی کاری ئەم توێژە بە زۆری لە ژورێکی داخراودایە، زۆرینەشیان پیاون، ئەم توێژە لە توانایاندا هەیە ببنە چالاکوانی بواری سیاسەت.

توێژی سێیەم:

ئەوانە لە خۆدەگرێت کە کەمتەرخەمنو هۆشیاریی سیاسییان کەمە، کەمتر بایەخ بەو ڕووداوانە دەدەن کە لە چواردەوریان ڕوودەدات، بەتایبەت ڕووداوە سیاسییەکان، زیاتر پابەندن بە کێشەی ژیانی ڕۆژانە، ئەم گروپە زۆرینەیان ژنن، زیاتر ناوزەد دەکرێن بە ناسیاسییەکان.

توێژی چوارەم:

ئەوانە دەگرێتەوە کە زێدەڕەوی دەکەن لە سیاسەتدا، یان ئەوانەی کە زۆرجار بە بزووتنەوەکان ناودەبرێن کە هەڵدەستن بە کاری گێرەشێوێنی و وێرانکاری و بە ئەنارشیستەکان (فەوزەوی) ناودەبرێن.

توێژی سێیەم کە ناسیاسییەکانن و زۆرینەیان لە ڕەگەزی مێینەن بە هەر هۆکارێکی کۆمەڵایەتی، کلتووری، دابونەریت، ئایین بەشداریی سیاسییان کەمە لەپێناو چالاککردنی ژنان لە بواری سیاسەتدا پێویستە:

بەشداریی سیاسی ژنان پێویستی بە لایەنێکی بەرفراوانی مادی و مەعنەوی و تەرخانکردنی کاتو بوێری و ئازایەتی و بەتوانایی هەیە، ئەمەش بە مانای ئاشنایی ژنە بە مافە سیاسییەکانی و ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەرشانی لەکاتی ڕووداندا هەر ڕووداوێکی سیاسی و هاتنەپێش چاوی هەموو ئەو واقیعانەی لە چواردەورین.

ڕۆشنبیری سیاسی پێویستی بە بایەخدان بە فێربوونو شارەزاییو بەهاکانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە گشت بوارەکاندا هەیە کە مافی هەموو هاوڵاتییەکە زانیاری دەستبکەوێت لە سەرچاوەی جۆراو جۆرەوە کە نەگەیشتن بە ڕۆشنبیری سیاسی ڕێگرێک دەبێت لەبەردەم ژنان بۆ بەشداریی سیاسییان.

شۆڕش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە گوندەکانەوە سەریهەڵداوە، کە هەمیشە گوندو شاخەکان پەسیوێک بوون بۆ حەوانەوەی شۆڕشگێڕەکان، هەر لەلایەن ژنانیشەوە پێداویستییەکانی وەک خواردنو حەوانەیان بۆ دابینکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی ئەو ناوچانە کەمترین هۆشیارییان هەیە لە ڕووی سیاسیو حوکمڕانی دەسەڵاتەوە.

ئەو ڕێژە زۆرەی کۆمەڵگە بەتایبەت ژنان کە لە بواری کشتوکاڵو مەڕداریدا کاردەکەن شارەزاییان لە چوارچێوەی گوندەکەیان یان خێڵەکەیان تێپەڕناکات، بەشداریی سیاسی، مافی سیاسی، پرۆسەی سیاسی، بەڵای ئەو توێژەوە تا ڕادەیەک دیاردەیەکی نامۆیەو لێی تێناگات، ئەگەر مامەڵەشی بکات، ئەوا لەسەر داواو خواستی ڕیش سپی ناوچەکەیە.

تا پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر بڕیارە سیاسییەکان لەلایەن دەسەڵات یان پارتو ڕێکخراوەکانەوە دەردەکران نەک پەرلەمانو دەوڵەت.

نەو هۆکارانەی کە بەشداریی سیاسی لاوازدەکات:

١- تێکپڕژانی کۆمەڵایەتیو کزی باری داراپی کە خێزانەکان، بەتایبەت ژن تووشی دڵەڕاوکێ دەکات.

٢- هەوڵنەدان بۆ گرنگیدان بە هۆشیاریی سیاسیو بوونی ڕێژەیەکی زۆری نەخوێندەوارو کەمی شارەزایی لە بەڕێوەچوونی سیستمی حوکمڕانیو وڵات، هەرچەندە تاڕادەیەک کۆمەڵگەی ئێمە هەوڵدەدات ببێت بە کۆمەڵێکی خوێندەوار.

٣- بەشدارینەکردن لە گۆڕینی ڕێڕەوی سیاسەتدا لە بواری کۆمەڵایەتیدا، وەک پالپشتی نەکردنی یاساو بڕیارە مەدەنییەکانی دەسەڵات بۆ چالاککردنی ژنان لە کایە کۆمەڵایەتییەکانداو پاشانیش بەرەو پێشچوونیان لە بواری سیاسیدا.

٤- خراپی باری ئابووریو قەیرانی گرانبوونی پێداویستییەکانو بە قورس دەستخستنیان لە بازاڕەکاندا لە سەرەتای نەوەدەکان (سەردەمی گەمارۆکان)و ناکۆکی نێوان پارتو حیزبەکانو پەرتبوونی هەرێم بۆ دوو دەسەڵاتی جیاواز لەڕووی حوکمڕانییەوە کە بووەهۆی غیابێکی زۆر یان لاوازی توێژەکان لەڕووی کۆمەڵایەتیو سیاسییەوەو لە ڕۆڵی هەردوو ڕەگەزی ژنو پیاوی کەمکردەوە، وایکرد لە بازنەی بەدەستخستنی بژێویدا بخولێنەوەو بێمتمانەییەک دروستبوو لەلایان.

٥- باوەڕبوون بە دەسەڵاتی تاکەکەس لە ناوەندی بڕیاردا، هەروەها باوەڕکردن بەو زۆلمانەی کە لەلایەن ئەو کەسەوە ئەنجامدەدرێت لە پرۆسەیەکی سیاسیدا کە دەبێتەهۆی دەرکردنی بڕیاری سیاسیو هەموو بڕیارەکانی دیکە لە بوارەکانی ژیاندا.

٦- نەبوونی ناوەندێکی ئەکادیمی سیاسی بۆ پێگەیاندنی کادیرانی سیاسی لە زانکۆکانو ناوەندە حیزبیو گروپەکانی فشار، ئەم گروپو ڕێکخراوانەی هەن زۆرینەیان لەژێر چەتری حیزبدا کاردەکەن.

گەشەی سیاسی:

گەشەی سیاسی، پرۆسەی فێرکردنی تاکە لەڕێگەی ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی دەزگاکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان کە یاریدەدەرە بۆ بە توانا کردن لەپێناو پێکەوە ژیانو یەکڕەفتاری. هەروەها ئەو پرۆسەیەیە کە لەڕێگەیەوە تاک بە ئاراستەو بەها سیاسییەکان دەگات.

گەشەکردن یان چالاکییە سیاسییەکان چەند وەزیفەیەکیان هەیە:

١- کاردەکات لەپێناو خرکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکانو بەرپرسیارێتیە هاوبەشەکان، بنیادنانی گروپێکی سیاسی، واتە پەروەردەو فێرکردن یەکێکن لە ئامرازە سەرەکییەکانی ڕێکخستنو گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتو گۆڕایەلی بۆ ئیرادەی گروپێکی سیاسیو باوەڕ بە ئامانجە هاوبەشەکان.

٢- فراوانکردنی بەشداریی سیاسی کە بە ڕۆحێکی دەستپێکەرانەوە قوبڵبێتەوە، هەروەها لەپێناو کاری بە کۆمەڵ لە بونیادی مرۆڤدا لەڕێگەی دامەزراندنی دەزگاو گەشەپێدانی ئەو کەناڵانە بۆ دەربڕینی ڕای سیاسی، هەروەها گەشەدان بە هاندانی تاک لەپێناو بەشداریی لە ژیانی سیاسیدا، کەمکردنەوەی ئاراستە تاکڕەوییەکانو گروپە پەراوێزخراوەکانو بێکەلکەکان لە ژیانی سیاسیدا.

٣- ئەو ڕۆحیەتە دروستدەکات تا ڕێز لە بنەماو دەستوورو یاساکانو نیزامبگرێت، لەلای تاکەکانی کۆمەڵ لەگەڵ زیادبوونی جۆش بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی، هەروەها پەردان بە هەڵسوڕانو دۆزینەوەی ئالیەتێک بۆ جێگیربوون لە بواری سیاسی.

٤- بڵاوکردنەوەی ئەو بەهاو ئاراستانە کە بە ئامانجی بنیادنانی شێوازێکی هاوشێوە لە بیرکردنەوە بۆ ڕێکخستنو هەوڵی بەدەستهێنانی نموونەیەک لە گونجاندن لەنێوان دەوڵەتو دەزگا سیاسییەکان.

• ئەم بابەتەم وانەیەک بوو لە ئەردەن بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیم پێشکەشکرد لە کانونی یەکەمی (٢٠٠٦)دا.

هەڵبژاردن یان هەڕەشەو تۆقاندنو تەزویرو ساختەکاریی؟!!!

سالح ژاژلەیی



هەموومان چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە رۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥) ببێتە رۆژێکی مێژوویی و سەرەتایەک بۆ ئازادیی رادەربڕینی تەواو لە هەرێمی کوردستاندا.

ئومێدمانوابوو ئەمجارە مۆدێلێکی جوان و شارستانی نیشانی رای گشتیی جیهان بدەین، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە گەلێکی دیموکراتخوازین.

ئومێدمانوابوو پەڕەشەکانی رابردوو لابەرین و جارێکی دیکە نەچینە لیستی رەشەوەو ناومان نەزرێتو ناشیرین نەبین لەبەردەم رای گشتیی جیهاندا.

هەموومان ئومێدمانوابوو و کاریشمان بۆ ئەوە دەکرد کە زەمینەیەکی وا بڕەخسێت کە هاوڵاتییان بتوانن ئازادانەو بەبێ ترس لەسەر سندوقەکانی دەنگدان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن بۆ پەرلەمانی داهاتووی کوردستان.

ئومێدو ئاواتەکانی ئەم گەلە نەهاتەدیو جارێکی دیکە لە ڕێگەی چاوسوورکردنەوەو تۆقاندنو ترساندنو ملهوڕییو لە ڕێگەی تەزویرو گژیو ساختەکاریو فرتو فێڵو لە ڕێگەی بەخشینەوەی پارەو دەمانچەو سەیارەو زەوی و پەیمان بۆ دامەزراندنو بەرزکردنەوەی پلەو پایەو مووچەوە توانییان زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەستبهێنن.

سەرانی پارتیو یەکێتی لە پێناوی مانەوەی خۆیان پەنایان بۆ هەموو شتێک بردووە، هەتا گەیشتوونەتە خیانەتی نیشتمانیو ئەمەشیان بە خۆڕایی نالێمو هەموان ئاگادارن.

ناتەندروستبوونی پرۆسەکە گەیشتە ئەوەی پرۆسەکە لە ئاستی تەزویری ئاسایی تێپەڕیوەو بە زۆرو بە کەڵەگایی و بە ملهوڕییو بە ئاشکرا خەڵکیان هێناوەو بەبێ بەڵگە دەنگیان پێداوە. ئێستا گومان لە پرۆسەکە بەبێ گزیی و غەش بەڕێوەنەچووەو جێگەی خۆیەتی جەماوەری هەرێمی کوردستان دەرئەنجامەکەی قبوڵ نەکەنو داوای دووبارەکردنەوەی بکەن.

سێیەم: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە گەورەترین بنکەی جەماوەریی و هێزو توانای لە پارێزگای سلێمانییە، شکستی گەورەی هێناوە لە بەرامبەر لیستی گۆڕاندا. لیستی گۆڕان پلەی یەکەمی هێناو لەسەر ئاستی هەموو هەرێمیش لە یەکێتی زیاتر کورسی هێناوە.

ئەمە وەرچەرخانێکی زۆر گەورەیە لە تەرازوی هێزداو نیشانەی لاوازبوونی یەکێتی نیشتمانی دەردەخات.

دەبوایە بەرپرسو ئەندامو لایەنگرانی یەکێتی شینبگێڕنو سەرۆکی یەکێتیش دەستبەجێ دەستلەکاربکێشێتەوە، لەبری ئەوە کەوتوونە دەرکردنو لابردنی بەرپرسی مەڵبەندەکان لە پۆستەکانیان.

ئەوەی سەرەوە یادەوەرییەکی خۆشم وەبیردەهێنێتەوە، لە سالی (١٩٨١) لە خڕی ناوزەنگ لە بارەگای بزووتنەوەی سوسیالیستی کوردستانی بووم، زستانێکی زۆر ساردو بەفراوی بوو، هەر لە ژوورەوە بووین و زۆربەی کات لەگەڵ جەمال ئاغا تاولەم دەکرد، بەڵام هەموو جارێ دەدۆڕام و بە ڕێکەوت دەمبردەوە، بەڵام جەمال ئاغا لەگەڵ یەکێکی دیکە تاولەی دەکردو بە زۆری دەدۆڕا، کاتێک کە منو ئەو تاولەمان دەکردو لێیدەبردمەوەو زۆریشم پێ ناخۆش بوو، بەوە دڵی خۆم خۆشدەکردو پێمدەگوت ئەگەر ئازای لە فلانەکەسی بەرەوە.

ئێستاش یەکێتی وەکو دۆڕانی تاولەکەی منی لێهاتووە، لە گەورەترینو بەهێزترین بنکەی خۆی کە سلێمانییە دۆراندوویەتی، دەڵێن سلێمانی حیساب نییە گرنگ هەولێرو دهۆکە.

ئاخر سەرکەوتنی هەولێرو دهۆک بۆ ئێوە نییەو ئەوە دەبێتە خاڵی لاوازی ئێوە بەرامبەر بە پارتیو هەتا ئێستا ئێوە لەو ناوچانە سانسۆرتان لەسەرە، شانازی بە چییەوە دەکەنو ماوەیەکی دیکە خوا ڕەحم بە حاڵتان بکات، وەکو گیسکەکەی هەیاسی خاستان لێدەکەن.

چوارەم: بەرپرسەکانی یەکێتی لەدوای ئەم هەموو شکستانە بە دڵی خۆیان جەماوەر دەخەڵەتێنن و خۆڵ دەکەنە چاویانەوەو ڕاستییەکانیان لێ دەشارنەوە، بەڵام ئەمە خۆیان دەخەڵەتێنن نەک جەماوەر، جەماوەر زۆر هۆشیارەو هەموو ڕاستییەکان دەزانن.

ئێستا بەرپرسەکان وەڵامییان چییە بۆ قسەکانی جەمال عەبدوڵڵا، کە دەیوت ئەگەر گردەکە ٦ کورسی بهێنێت، حەقوایە ٦ملیۆن سەر مەڕ بکەنە خێری پێغەمبەر.

تاڵەبانی دەیوت، ئەوانە چین سەریانلێشێواوە ٢-٣ کورسی دەهێنن و با بێن منیش ٣ کورسی دیکەیان دەدەمێ..

پێنجەم: زۆربەی بەرپرسەکانی یەکێتی زۆر باش ئاگاداربوون لە بارودۆخی ناو یەکێتیو دەیانزانی بارودۆخەکە زۆر خراپە، بەڵام ڕاستییەکانیان لە تاڵەبانی دەشاردەوەو زانیاریی هەڵەیان پێ دەدا، بۆ ئەوەی هەرگیز بیر لەوە نەکاتەوە لەگەڵ نەوشیرواندا ڕێکبکەوێت، چونکە ئەو ڕێککەوتنە بە زیانی ئەوان تەواو دەبوو و نەیاندەتوانی وەکو ئێستا دەوڵەمەند ببن.

هەشتەم: کاتی ئەوە هاتووە کە بەرپرسانی لیستی کوردستانی بە تایبەتی یەکێتی بە خۆیاندا بچنەوە، ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە، دەرکەوت جەماوەر ئەوانی ناوێتو دەبێت خۆیان چاک بکەنو خۆیان بگۆڕن یان دەبێت واز لە گۆڕەپانە سیاسییەکە بێنن.

هەموو بەرپرسەکانی یەکێتیو لە سەرووی هەموشیانەوە تاڵەبانی بەرپرسیارن بەرامبەر لاوازکردنی یەکێتیو تەسلیمکردنی بە پارتی. هەموویان بەرپرسیارن بەرامبەر بەو غەدرە گەورەیەی لە کەسوکاری شەهیدانو تێکۆشەرە دێرینەکانی دەکەنو دەستیانکردووە بە دەرکردنو نانبڕینیان.

ئەوانەی متمانەیان بە لیستی گۆڕان هەیە هاوڵاتییانی ئەمەرێمەنو خەباتیانکردووەو لەوڵاتێکی دیکەوە نەهاتوون، ئەمانە هەقی خۆیانە بەشی خۆیان وەرگرن لە سامانو داهاتی هەرێمی کوردستان.

ئەو سامانەی لەبەردەستی بەرپرسانی لیستی کوردستانیدایە، نە مولکی یەکێتیو نە مولکی پارتییەو نە سامانی بارزانیو نە هی تاڵەبانییە، بەشی هەموو تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەیە.

تاڵەبانی بە خۆینی شەهیدانو ڕەنجی شانی پێشمەرگەو جەماوەری گەلەکەمانو بە تایبەتی شاری سلێمانی گەیشتە لوتکەی دەسەڵات، لەبری ئەوەی وەفای هەبێت بۆ ئەوانە، ئەوەتا لەسەر بیروڕای جیاواز فەرمانیداوە بە دەرکردنو نانبڕینی ئەوانەی وەکو ئەو بیرناکەنەوە. ئەگەر ئەم ڕەفتارانە هەر بەردەوام بنو خەڵکی نانبڕاو بکرێن بە دووری مەزانە بارودۆخەکە ئاڵۆز ببێتو جەماوەر بەو کارانە ڕازی نەبێت.

هەقوایە سەرنجی بارودۆخی ناو ئێران بدرێتو بیریش لەوە بکرێتەوە کێ ڕاپەڕینی سالی (١٩٩١) ئەنجامداو بۆچی کرا. پێدەچێت هەر ئەو جەماوەرە جارێکی دیکە لە دژی ناعەدالەتی ڕاپەڕین بکەن.

کاتێک کە خەڵکی نانبڕاوکراون و ماڵو منداڵیان برسی بوو، گومانی تێدانییە ڕازی نابنو لەسەر حەقی خۆیان داکۆکی دەکەن، ئەمەش کێشەو گرفتی بە دوادا دێو بە دووری مەزانە خوێن بڕژێت.

ئەگەر ئەمجارەش هەڵەی سالی (١٩٦٤) دووبارە ببێتەوە، هیچ پاساوێک قبوڵ نییەو تاڵەبانی بەرپرسی یەکەمە ئەگەر خوێن لە لوتی هەرکەسێک بێت.

داوامانوایە کە کۆتایی بێت بە خوێنڕشتنو ئومێد دەکەین واز لە نانبڕین بهێنن، چونکە ئەو سامانە هی ئێوە نییە بە تەنیاو بەشی هەموومانەو چیتر بۆتان نییە کەس نانبڕاو بکەنو منداڵی ئەمو ئەو برسی بکەن.

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتنی دەربەندیخان

ژمارە/ ٦٨/ج غم/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/٢٨

بۆ/ سزادراو (أزاد أحمد قادر)

ب/ ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووین لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٣ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە (٦٨/ج غم/٢٠٠٩) وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی مادەی ٤٥٣ لە یاسای سزادانی عێراقی حوکم درا بە سەرتا بە نائامادەیی و بە بەندکردنت بۆ ماوەی (٤) مانگ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بە نزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (أعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بە گوێرەی یاسا.

القاضي
اكرم عباس حمه

سوپاسنامە

بەناوی بنەماڵەو سەرجەم خزمانی شێخانی سەنگاوەوە زۆر سوپاسی سەرجەم بەشداربووان و ئەو کەس و لایەن و بەرپرسە حکومی و حیزبیانە دەکەین کە خۆیان یان نوێنەرانیان یان بە نامە بەشداریان کردووە لە پرسەکەماندا، خوا پاداشتیان بداتەوە.

أنا لله وأنا أليه راجعون
شێخانی سەنگاو
شێخ رەشید، شێخ طە

محكمة جنح كفري
العدد/ ٧٧/ك/٢٠٠٧
التاريخ/ ٢٠٠٩/٧/٢٢

اعلان

الى المتهم الهارب (بثرو عزيز علي) تقرر تعين يوم (٢٠٠٩/٩/٢٣) الساعة العاشرة صباحاً موعد محاكمتك في الدعوى المرقمة (٧٧/ك/٢٠٠٧) المقامة ضدك من قبل المشتكي (سالار محمد علي). عليك بالحضور في الموعد المحدد اعلاه و في حالة عدمه حضورك ستجري المحاكمة بحقك غيابياً وعلناً وفق الاصول.

القاضي
فريدون محمد علي

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتنی دەربەندیخان

ژمارە/ ٧٨/ب/ج غم/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/٢٠

بۆ/ سزادراو (عدنان محمد أمين)

ب/ ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووین لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/٧ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە (٧٨/ب/ج غم/٢٠٠٩) وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی مادەی ٤١٣/ ب١ لە یاسای سزادانی عێراقی حوکم درا بە سەرتا بە نائامادەیی بە بەندکردنت عسادە بۆ ماوەی (٤) چوار مانگ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بە نزیکترین بنکەی پۆلیس وە مافی (أعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بە گوێرەی یاسا.

القاضي
اكرم عباس حمه

هەرێمی کوردستان عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتن دەربەندیخان

ژمارە: ١٠٦/ج غم/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٧/٢٨

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو محمد عامر کامل

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢٤) لە یاسای (هاتووچۆی پوچەڵ کراو) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (دەربەندیخان)وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
اكرم عباس حمه

محكمة جنح كفري
العدد/ ٣٩/ك/٢٠٠٨
التاريخ/ ٢٠٠٩/٧/١٥

اعلان

الى المتهم الهارب (سوران كمال فارس) تقرر تعين يوم (٢٠٠٩/٩/١٦) الساعة العاشرة صباحاً موعد محاكمتك في الدعوى المرقمة (٣٩/ك/٢٠٠٨) المقامة ضدك من قبل المشتكي (الحق العام). عليك بالحضور في الموعد المحدد اعلاه و في حالة عدم حضورك ستجري المحاكمة بحقك غيابياً وعلناً وفق الاصول.

القاضي
فريدون محمد علي

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دەستەی نووسەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدوڵڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

دابەشکردن: کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠
ئۆفیسی سەرەکیی: سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی
ئۆفیسی هەولێر: شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

ئاگادارییەکانی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەلبژاردنەکان
اعلانات المفوضية العليا المستقلة للأنتخابات

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (١٢) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٥٩) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :

رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة التغيير بخصوص امتناع المواطنين في محافظة دهوك عن تأجير منازلهم للقائمة وقطع التيار الكهربائي عنهم لعدم اختصاص المفوضية.

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .

مجلس المفوضين

ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (١٢)ی کۆنووسی ئاسایی ژمارە (٥٩) لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٧/٢٤ بەم شێوەیە دەرکرد:

رەتکردنەوەی سکالای پێشکەشکراو لەلایەن لیستی گۆران سەبارەت بە نەویستی هاوڵاتیان لە پارێزگای دهۆک بەکرێدانی خانووەکانیان بۆ لیستی ناوبراو وپچراندنی کارەبا لەسەریان، چونکە ئەمە لە پسپۆری کۆمیسیۆن دا نی یە.

بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی سێ رۆژدا کە لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (١٢) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٦١) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٥ الاتي :

رد الشكوى المقدمة من قبل القائمة الكردستانية ضد قائمة التغيير حول قيام موقع (سبه ي) بالتشهير والطعن ضد القائمة الكردستانية كون ان هذا الموقع لايمثل الموقع الرسمي لقائمة التغيير.

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .

مجلس المفوضين

ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (١٢)ی بریاری کۆنووسی ئاسایی ژمارە (٦١)ی رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەم شێوەیە دەرکرد:

*ڕەتکردنەوەی سکالای لیستی کوردستانی لە دژی لیستی گۆران لەمەڕ بەدناوکردن وتانە وتەشەری سایتی (سبەی) فەرمی لیستی گۆران نی یە.

بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی سێ رۆژدا کە لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (١٣) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل مثل القائمة الكردستانية حول قيام مؤيدي قائمة التغيير بشأن الحادث الذي وقع في ساحة (ئاسكه كه) قرب حديقة عامة كونها تعد خرقاً للقواعد المرورية

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .

مجلس المفوضين

ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (١٣)ی لەسەر بریاری کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠)ی لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم جۆرە دەرکرد :

ڕەزامەندی لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو سکالایە کە لەلایەن نوێنەری لیستی کوردستانیەوە پێشکەشکراوە سەبارەت بەوەی یەکێک لە هەوادارانی لیستی (گۆران) کە کارێکی ناشیاوی لەلای مەیدانی (ئاسکەکە)و نزیک باغی گشتی کردبوو، داوای ڕەتکرایەوە چونکە سەرپێچیە لەسەر یاساکانی هاتووچۆی گشتی.

ئەم بڕیارە قابیلی تیاهەڵچوونەوەیە بەرامبەر بە دەستەی دادوەرانی هەلبژاردنەکان لەماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕۆژی یەکەمی بڵاوکردنەکەیەوە

دەستەی کۆمیسیاران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (١٤) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٥٩) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :

رد الشكوى المقدمة من قبل القائمة الكردستانية بشان قيام بعض مؤيدي قائمة التغيير بمنع مرور السيارات والقيام بمخالفات مرورية في شارع سالم لعدم اختصاص المفوضية بموضوع الشكوى

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .

مجلس المفوضين

ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (١٤)ی بریاری کۆنووسی ئاسایی ژمارە (٦٠)ی رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٤ بەم شێوەیە دەرکرد:

١- ڕەتکردنەوەی سکالای لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی دژ بە لیستی کوردستانی لەمەڕ بوونی هندێک پێشێلکاری پەیوەست بە هەلمەتی هەلبژاردنەکان وهەلواسینی هندێک لافیتە لەسەر فەرمانگە و باڵاخانە میریەکان، بەهۆی پێ بژاردنی پێشووتری ئەم لیستە بەهۆی ئەو پێشێلکاریانەوە.

٢- پابەندکردنی لیستی کوردستانی بە لابردنی پێشێلکاریەکانی پەیوەست بە هەلمەتەکە.

بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی سێ رۆژدا کە لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (١٤) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

الموافقة على رد الشكوتين المقدمتين من قبل قائمة التغييرضد القائمة الكردستانية حول استخدام الاخيرة لعلم اقليم كردستان في الدعاية الانتخابية كونه من الدعاية المسموح بها .

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .

مجلس المفوضين

ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (١٣)ی بریاری کۆنووسی ئاسایی ژمارە (٦٠)ی رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٤ بەم شێوەیە دەرکرد:

*ڕەتکردنەوەی سکالای لیستی کوردستانی کە لە سلێمانی بەرزکراوەتەوە لەمەڕ کێشە دروستکردن لەبەردەم هاتووچۆدا، لە سەرەتایی شەقامی سالم لە (سەهۆلەکە) لەلایەن هندێک لە لایەنگرانی لیستی گۆرانەوە، چونکە ئەمە پسپۆری ی کۆمیسیۆن نی یە و هەروەها بەلگەی تەواویش بۆ سەلماندنی رووداوەکە نی یە.

بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی سێ رۆژدا کە لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (١٣) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٦٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :

رد الشكاوى المقدمة من قبل القائمة الكردستانية في السليمانية بشان قيام بعض مؤيدي قائمة التغيير في بداية شارع سالم (سهولكه) بعرقلة السير المروري لعدم اختصاص المفوضية ولعدم كفاية الادلة لثبوت الوقائع .

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .

مجلس المفوضين

ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (١٤)ی لەسەر بریاری کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠) لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم جۆرە دەرکرد :

ڕەزامەندی لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو دوو سکالایە کە لەلایەن لیستی (گۆران)وە دژی لیستی کوردستانی پێشکەشکرابوون سەبارەت بەوەی کە لیستی کوردستانی ئالای کوردستانی لە هەلمەتی هەلبژاردنەکانیدا بەرزکردووەتەوە ، سکالاکە بۆیە ڕەتکرایەوە چونکە ئالای وواڵات لە هەلمەتدا چاوپۆشی لێدەکرێ.

ئەو بڕیارە قابیلی تیاهەڵچوونەوەیە بەرامبەر بەدەستەی دادوەرانی هەلبژاردنەکان لەماوەی سێ ڕۆژدا کە لە یەکەم ڕۆژی بڵاوکردنەوەیە دە ست پێدەکات .

دەستەی کۆمیسەران

راگەیاندن

ئەنجومەنی کۆمسیاران بریاری ژمارە (٦٣) لە ٢٠٠٩/٧/٢٨ دەرکرد کە ئەمە دەقیەکەیەتی .

١. پابەندکردنی قەوارە سیاسیەکان بە لابردنی هەموو دیاردەکانی هەلمەتەکانی هەلبژاردن لە وادەیەکدا کە دواکاتی ٢٠٠٩/٨/١٠ یە.

٢. هەماهەنگی و هاریکاری لەگەڵ وەزارەتی شارەوانیەکان یان بەڕێوبەرایەتیەکان لە پارێزگاکانی هەرێم دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان.

٣. ئاراستەکردنی لیژنەکانی چاودێری لە نوسینگەکانی پارێزگاکان و لیژنەی ناوەندی چاودێری لە دەستە بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان،هەروەها دوابەدوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو لەسەرەوە،پێویستە هەر لیژنەیەک بە گوێرەی پارێزگاکەی ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە لیژنەی ناوەندی چاودێری بکات تاکو هەموو ڕاپۆرتەکان یەک بخرێن بەمەبەستی خستنە بەر دەم ئەنجومەنی کۆمیسیارانی بەرێز.

٤. سەپاندنی غەرامەی دارایی و بڕین و وەرگرتنی لەو قەوارە سیاسیانە یان پاڵێوراوانە کە پابەند نابن بە ڕێنماییەکان، بەم شێوەی خوارەوە:

• هەژمارکردنی تێچووی لابردنی پۆستەرەکانی هەر قەوارەیەکی سیاسی یان پاڵێوراوێک لەلایەن شارەوانیە تایبەتمەندەکان..کە لەبەر ڕۆشنایی ئەمە ئەو غەرامە پێویستە دیاریدەکرێت و وەکو داهات دادەنرێت بۆ ئەو بەڕێوبەرایەتیە شارەوانیە تایبەتمەندەی کە لابردنی ئەو پۆستەرانەی جێبەجێکردووە.بڕی غەرامەکە لەو بیمە دارایەیە دەبردرێت کە لە لای کۆمیسیۆن دانراوە ئەگەر ئەو قەوارە سیاسیە کورسی لەپەرلەمان بەدەستهێنابێت یان ئەو پاڵێوراوەی کە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.

• سەبارەت بە قەوارە سیاسیە سەرنەکەوتووەکان یان پاڵێوراوانی سەرۆکی هەرێم ئەوا بڕی غەرامەکە دەبردرێت بە شوێنکەوتنی ڕێگا یاساییەکان لە ڕێگای بەرزکردنەوەی داوا لەبەردەم دادگا بەراییە تایبەتمەندەکان لە لایەن ئەو شارەوانییە تایبەتمەندانەوە کە کاری لابردنی پۆستەرەکانیان ئەنجامداوە.

• ڕاسپاردنی بەشی پەیوەندیە جەماوەریەکان لە دەستەی هەلبژاردنەکانی هەرێم بە بلاوکردنەوەی ئەو بڕیارەی سەرەوە لە ڕۆژنامە و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن».

ئەنجومەنی کۆمسیاران

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
كۆميسيۆنى باڵاى سەربەخۆى هەڵبژاردن
The Independent High Electoral Commission
دەستەى هەڵبژاردنە كانى هەرێمى كوردستان
هيئة انتخابات اقليم كوردستان

((اعلان))

قرر مجلس المفوضين بموجب قراره المرقم (٦٣) المؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٨ ما يلي :

١. الزام الكيانات السياسية بازالة جميع مظاهر الحملات الانتخابية في موعد اقصاه ٢٠٠٩/٨/١٠
٢. يتم التنسيق والتعاون مع وزارة البلديات او المديريات في محافظات الاقليم لتنفيذ التعليمات.
٣. توجيه لجان الرصد في مكاتب المحافظات ولجنة الرصد المركزية في الهيئة بمتابعة تنفيذ التعليمات و وبعد انتهاء المدة المحددة في اعلاه و على ان تقدم تقاريرها كل حسب محافظته الى لجنة الرصد المركزية ليتم توحيدها بغية عرضها على مجلس المفوضين الموقر.
٤. يتم فرض الغرامات المالية واستقطاعها واستيفاءها من الكيانات السياسية او المرشحين الذين لم يلتزموا بالتعليمات وحسب الاتي :

• يتم احتساب كلفة ازالة ملصقات كل كيان سياسي او مرشح من قبل البلديات المختصة... يت م على ضوئها تحديد الغرامة اللازمة على ان تقيد هذه الغرامة ايرادا لمديرية البلدية المختصة والتي نفذت ازالة تلك الملصقات . ويت استقطاع مبلغ الغرامة من التامينات المالية المودعة لدى المفوضية فيما اذا كان الكيان السياسي قد حصل على مقعد في البرلمان او المرشح الفائز لمنصب رئيس الاقليم .
• يتم استيفاء مبلغ الغرامة بالنسبة للكيانات السياسية غير الفائزة او مرشحي رئيس الاقليم باتباع الطرق القانونية من خلال اقامة الدعاوى امام محاكم البداءة المختصة من قبل البلديات المختصة المنفذة لعمل ازالة الملصقات.
• يتم نشر التعليمات اعلاه في خمس صحف محلية صادرة في الاقليم.» .

مجلس المفوضين

مالیکی، پەپوولەیەک لە کوردستان، دووپشکێک لە بەغدا

دەشتی بەرزەواری

ئەم سەردانەی مالیکی بۆ کوردستان هەرچەندە ساردی نێوان حکومەتی فیدرالّو هەرێمی کوردستان شلەتێن دەکات، بەلّام هێندە دلّخۆشکەر نییە کە هەندێک لە کەسایەتی سیاسیو چاودێری سیاسیو رۆژنامەوانو خوێندەوارو دەزگای راگەیاندنەکان باسی لێدەکەن، کە گوایە مالیکی بەڕاستی نییەتی پاکەو دەیەوێت کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی عێراقی فیدرالّ کە هەندێکی خودی مالیکی دروستیکردووە چارەسەربکات.

دەپرسین لە بنەڕەتدا ئەم کێشانە بۆ هەلّپەسێردرانو کەلّەکەبوون تاوەکو ئەمڕۆ؟ ئەگەر مالیکی لەماوەی سێ سالّو نیوی دەسەلّاتی ئامادەنەبێت تەنیا یەک کێشە چارەسەربکات، ئایا لە شەش مانگی داهاتووی دەسەلّاتیدا دەتوانێت چارەسەری کام کێشە بکات؟، مەگەر تەنیا موجامەلەیەکی سیاسی نەبێت لەگەلّ سەرکردە خۆشباوەڕەکانی کورد کە بە دوو قسەی خۆش بەهاریان لێ دێتە چۆکان، ئەو سەردانەی مالیکی سەردانەکەی چوارسالّ بەر لە ئێستای جەعفەری بیرهێنامەوە کە وتی: «ئەوە من نەبووم کە مادەی (١٤٠)م جێبەجێ نەکرد، بەلّکو کورد خۆی بوو» ئەو کات سەدام حسێنم بینی لە پێستی جەعفەری، ئێستاش سەدامو جەعفەری دەبینم لە پێستی مالیکدا، بە بڕوای من مالیکی ئەو یاریکەرەیە کە بە پاسێکی ئەمریکا هاتووەتە ناو هێلّی سزای حکومەتی هەرێمی کوردستان، تالّەبانیش یاریزانێکی بەرگریی خراپی پێش گولّچییە، بارزانیش بە ناچاری بووەتە گولّچی ئەگەر زۆر بە وریایی چاودێری ئاراستەکردنی تۆپەکەی ژێر پێی مالیکی نەبێت ئەوا گولّی لێدەکرێت، دیارە ناوبژیوانی ئەم یارییەش دەستوورە، ناوبژیوانیش فیکەی بردنەوە بۆ ئەو کەسە لێدەدات کە گولّ تۆماردەکات دواجاریش بە دۆڕاندنی کورد تەواودەبێت.

ئێمە دەپرسین بۆ مالیکی یەکەمجار سەردانی هەولێری نەکرد دوایی بچێت بۆ سلێمانی، کە بەڕاستی ئەوە خودی بارزانی نیگەران کردووە لەکاتی کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەشدا ئەو نیگەرانییە لە رووخساری بارزانی دەخوێندرایەوە، دیارە ئەوە چەندین شیکردنەوە لەخۆدەگرێت، کە من نامەوێت بچمە ناو ئەوشیکارییەوە، بەلّام ئەوەی کە دەمەوێت لێرەدا بیلّێم ئەوەیە کە مالیکی دەیزانی کورد زۆر سادەو ساویلکەن زۆر بەئاسانی فێلّیان لێدەکرێت بۆیە دەیەوێت لە رێگەی هەندێک بەلّێنو پەیمانی درۆینە کورد لە بەرژەوەندی خۆی بۆ هەلّبژاردنەکانی داهاتووی عێراق بەکاربهێنێت، چونکە وادیارە ئەمجارە مالیکی ناتوانێت هەموو لایەنە شیعەکانی باشوور رازی بکات بۆئەوەی پشتگیریی لێبکەن، بۆیە پێویستی بە پشتگیریی کوردە بۆئەوەی لە هەلّبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق خەیالّی رەحەت بێت لە بەدەستهێنانی کورسی سەرۆک وەزیران.

مالیکی لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەیدا باسی لە مادەی (١٤٠) کرد وەک مادەیەکی دەستووری، بەلّێ ئێمەش دەزانین (١٤٠) مادەیەکی دەستوورییە، بەلّام ئەوە کێیە ناهێلّێت ئەو مادەیە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر خودی مالیکی نییە؟! مالیکی نەک هەر کار بەو مادە دەستووریانە ناکات کە لە بەرژەوەندی کوردن، بەلّکو خودی دەستووری کردووە بە کێشە، دەیەوێت دەستوور بگۆڕێت بەگوێرەی میزاجی خۆی، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەو پەپوولەی لە تەنیشت تالّەبانی دانیشتبوو لە دوکان، چ دووپشکێکە لە بەغدا.







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩